# باسکار

گۆڤارێکی وەرزییە
باس و لێکۆڵینەوەیە
5/2000

سەرنووسەر
صەباحی غالیب

نەخشەی بەرگ
عەلی مەندەلاوی

ناونیشان

Baskar
POBOX 31239
London NW2 6FT
England
Fax: 0044 20 8830 5823

ئابوونەی ساڵانە بۆ چوار ژمارە:

٢٥ پاوەند بۆ ئەورووپا.
٣٠ پاوەند بۆ دەرەوەی ئەورووپا.

# دەستووری بڵاوکردنەوە لە (باسکار)دا

گۆڤاری (باسکار) بە تەواوی کامەرانییەوە ڕایدەگەیەنێ کە لاپەڕەکانی بۆ هەموو نووسەران وباسکاران بە جیاوازیی بیروڕایانەوە کراوەیە.

باسکار گرنگی دەدا بە میراتی نەتەوەیی، باروودۆخی ئێستاو دوارۆژی کورد، پێوەندییەکانی کورد وکورد، کوردو میللەتانی سەردەستەو وڵاتە داگیرکەرەکان، کوردو نێودەوڵەتی. لە هەمان کاتدا مەبەستێتی پیتە بدات بەیەکێتیی کورد، ئازادیی بیروباوەڕو هۆیەکانی ڕاگەیاندن، دادی کۆمەڵایەتی، گەشەکردنی ئێستاو دوارۆژ، سەربەخۆبوون لە بڕیاری سیاسیدا.

جگە لەو بنەمایانەی سەرەوە، بە پێویستی دەزانین، باسکاران ونووسەران پێڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

١. تانەو هێرش وسووکایەتی بە بیروباوەڕو میللەتان و ڕێکخستنەکان وکەسان ونووسەران قبووڵ ناکرێ.

٢. بە شێوەیەکی زانستی باس و لێکۆڵینەوەکان ئامادەبکرێن. نێوی نووسەر، نێونیشانی کتێب وسەرچاوە، شوێن وکات ودەزگای بڵاوکراوەو لاپەڕە دەستنیشان بکرێن.

٣. پێوانەی بڵاوکردنەوە بەپێی وزانستی باس و لێکۆڵینەوەکانە.

٤. چێتر وایە تایپکراوبن.

٥. بۆ شوێنێکی دیکە نەنێررێن بۆ بڵاوکردنەوە.

× × ×

# ناوەرۆك

١. رووناكبیر و دەسەڵات .. تێڕوانینێکی گشتی ....................لاپەڕە ٥
صه باحی غا لیب
٢. کوردو بنەمای مافی چارەی خۆنووسین ......................لاپەڕە ١٦
نووری تاڵەبانی . وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ساڵح محەممەد ئەمین.

٣. خوێندنەوەو بە ئاکام کردنی پڕۆژەی ژیاری. قەیرانی ئیسلامییەکان ...لاپەڕە ٢٣
ئازاد قەزاز.

٤. چەند سەرنجێکی سەرپێیی دەربارەی میدیاو زمان .......................لاپەڕە ٣٧
عەبدوڵلا پەشێو.

٥. باشوورو قەیرانی رۆشنبیریی ................................ لاپەڕە ٦٠
محمد فريق حسن.

٦. لیریکی رومانتیکی کوردی ........................ لاپەڕە ٧٤
دوکتۆر مارف خەزنەدار.

٧. ناساندنی کتێب ................................ لاپەڕە ١٠٠

لەم شارە خۆ هەموو ڕەوش و دەئبی ئادەمی
یەکبارە باری کردووە ، دین و حەیا خوصو وص
نامەرد ئەوەندە موعتەبەرن لەم زەمانەدا
مەرد ئیعتباری کەم بوە، مەردی خودا خوصو وص

مەحوی

صه باحی غالیب

# ڕووناکبیرو دەسەڵات .. تێڕوانینێکی گشتی

لەبارودۆخی ئێستای کوردستاندا بەگشتی، نەمانی جەنگی سارد و هەرەسی سەربازگەی سۆسیالیستی مارکسییەت، هەروەها ئەنجامەکانی جەنگی دووەمی کەنداو و پێشکەوتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەرهەڵدانەوەی بیری مرۆڤدۆستانە، لە پاڵ ئەوانەدا خەبات وقوربانی سەرتاسەری بەشەکانی کوردستان، هۆکارەکانی ڕەخساندن وخۆشکردنی جۆرە زەمینەیەکی گۆڕانکاریی بەرەو پێشەوە بوون.

لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان، لەچاو مێژووی پێشینی کوردەوە، مەسەلەکەی بەگوڕ بۆ بەرەوە دەچێ. ئەوی ڕاستی بێ هێندەی ئەوە لەناوخۆدا، گەشی پێوە نابینرێ. نەک هەرئەوە، بەڵکو باری ناوخۆ قورساییەکی خراپی بۆ بزاڤی کورد لەسەر ئاستی دیپلۆماسییەت و دەرەوەدا دروستکردووە، لە زۆر جاراندا، پاشەکشەو دوودڵییە بۆ دۆستەکانمان و مرۆڤدۆستان. مەترسی و ناخۆشی لەوەدایە کە سیاسەتی حیزبایەتی و پێوەندی لەگەڵ داگیرکەران، گێژاوێکی وایان پێکهێناوە، خەریکە ڕێ لە ڕووناکی دەگرێ ودەروازەی "کەم کراوەی ئازادی" پێوە دەداتەوە.

خوارووی کوردستان، لە بەشە داگیرکراوەکانی دیکە، هەل ومەرجی جودایە، بەشێک لە خواروو کە تۆزێک لە نیوەی کەمترە تا ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی بەغدای داگیرکەردایە، ئەو ناوچانەن کە لە ڕووی ئابووری و داهاتی نەوتەوە، لە دەوڵەمەندیدایە بە بەشەکەی کە بە "ئازادکراو" ناودەبرێ بەراوردناکرێ.

کاتی خۆی کە "ناوچەی ئارام" دروستکرا لەلایەن ئەمەریکا وبەریتانیا و بە هاوکاری فەرەنسا، سەرووی هێڵی ٣٦ کرایە بنچینە، لێرەدا یەک دوو پرسیار دێنە گۆڕێ، ئەو دەوڵەتانە بۆ هێڵی ٣٦ یان نیشانەکرد؟ کە خوارووی کوردستان دەکاتە دوو پارچەوە! بەوە کێشەیەکی گەورەتر بۆ کورد دروستبووە، ئەگەر بەشەکەی ژێر دەسەڵاتی کورد، ڕۆژێک ببێتە دەوڵەتێکی بێ هێزی ئابووری، دوژمنایەتی لەگەڵ عێراقدا بۆ وەدەستهێنانەوەی بەشە داگیرکراوەکەی ژێر دەسەڵاتی، لە ئێستاوە درێژەی هەیە. لەلایەکی دیکەوە ئایا ڕۆڵی سەرانی سیاسەتمەداری چەکداری کورد لەو سەودایەدا چ بووە؟ ئەگەرچی من هیچ بەڵگەیەکی بنبڕی وام لەبەر دەستدا

لە بەشێک لە خوارووی کوردستاندا، کاربەدەست وبەڕێوەبەر، هێزی سیاسی چەکداری کوردن، لەبەر ئەوەی بەڕێوەبردنەکە، شێوەی کارگێڕیتی قەوارەی سیاسی بەر بڵاوی میللی و نیشتمانی وەرنەگرتووە، "دەسەڵاتەکان" لە دەزگای حیزبایەتی ومیلیشیاییدا خۆیان دەنوێنن ... حیزبە دەسەڵاتدارەکان گشتیان، لە هەموو دەنگێکی دڵسۆزی نەیارو ڕەخنەیەکی شارەزایانەو بیرێکی هوشیاری سڵ دەکەنەوە وهەڵوێستێکی توند وەردەگرن.

لە مەیدانەکانی ژیانی کوردەواریدا، پێوەندییەکی ناجۆرو بگرەوبەردەیەکی شاراوە لە نێوان سیاسەتمەدارو ڕووناکبیردایە! لە هەر کات و جێگەیەک جۆری پێوەندی نێوان ئەو دوو لایەنە کاریگەرییەکی تەواوی هەیە بۆ سەر بەڕێوەبردنی کارگێڕی وڕێکخستنی دەزگاکانی دەوڵەت و نەتەوەو بەدیهێنانی ئەرکە مێژووییەکان، لە پێش هەموویانەوە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات ودامەزراندنی کەشی ئازادی وهێنانە کایەوەی دیموکراسییەت وپاراستنی مافی مرۆڤ و پەیڕەوکردنی دادی کۆمەڵایەتی.

لە پێکهێنانی پێوەندی سیاسەتمەدارو ڕوناکبیردا، هەردوو لایەنەکە بەر پرسیارێتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی بەئەستۆ وەردەگرن، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆڵی بەڕێوەبردنی خەڵک یا گەل و نەتەوە ڕاستەو خۆ لە گەردنی سیاسەتمەدار دایە، ڕەوا نیە قورسایی بەرپرسیارێتی هێندەی ئەو بخرێتە سەر شانی ڕووناکبیر، بە پێچەوانەوە، مەیدان خۆشکردن بۆ نواندنی "چالاکی ڕووناکبیر" بەندە بە تێگیشتن وعەقڵ وکردەوەی ڕۆژانەی سیاسەتمەدارەوە. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە ڕووناکبیر چاوەڕوانی سیاسەتمەدار بکا، فەرمووی لێبکا! مەبەست ئەوەیە سیاسەتمەدار لە ڕۆڵی بایەخداری ڕووناکبیر تێبگات و نەبێتە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم هەوڵ و کۆششی ڕووناکبیری وسیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیدا.

لە هەل ومەرجی ئەمڕۆی سیاسەتدا، هی ناوچەیی یان نێودەوڵەتی، بوارەکانی بەڕێوەبردن هێند فراوان وئاڵۆز وسەخت بوون، سیاسەتمەداری سەرکەوتوو بێ هاوکاری ئەهلی زانست وبیرو باس و لێکۆڵینەوە ناتوانن بەسەرکەوتوویی و بە ژیربێژانە کار بەڕێوەبەرن.

لەم ڕووەوە، ئەوە ناگەیەنێ، ڕووناکبیر بکرێتە کارمەند ولە یەکێک لە وەزارەتخانەکاندا ئیش بکا. بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەتێک پێشکەش بکا، سازدانی دەزگای ڕاوێژکاری و لێکۆڵینەوەو ئاکادیماو بڵاوکردنەوەو دیالۆگ وکۆڕو میهرەجان وڕۆژنامەنووسی وڕادیۆ و تەلەفزیۆن، بوارەکانی شارەزایی ئەون.

**سیاسەتمەدار چی لە ڕووناکبیر دەوێ:**

یەكێك لە هۆكارەكانی خۆشكردنی پێوەندی سیاسەت وڕووناكبیریی ئەوەیە نێوانی سیاسەتمەدارو ڕووناكبیر لەسەر بناغەی تێگەیشتن بێ. هەر یەكە سنوورو چالاكی و دەسەڵاتی خۆی بزانێ و باوەڕیشی پێ بێ.

من وادەزانم سیاسەت لە "ڕووبەرێكی جوگرافیا" دەچێ وەك ئەوەی "چوارچێوەیەكی ئایدۆلۆژی" بێ، لە زەمینی جوگرافیادا هەموو ژیانی تێدا كۆدەبێتەوە، ئاوو هەواو خاك ومرۆڤی جوداوازی بیرو بەتوانست وكارگەر، بەهاوكاری وتێكەڵاوی گشت لایەنە دەتوانرێ پیت و فەڕی پێشكەوتن وخۆشی تۆوبكرێ نەك بە یەك بیروباوەڕو بە پێداگرتن و سووربوون لەسەر هەڵە.

وەختێك سیاسەت كرایە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیا، مەترسی گەورە پەیدا دەبێ، دەوڵەت بە حیزبەوە دەبەسترێتەوە، پێوانەی دڵسۆزی وكارامەیی خەڵك، حیزب خۆی دەبێ. ئەمانە لە فیكری سیاسی حیزبدا بوونەتە واقعێكی تاڵ...ڕووناكبیرێك كە قەناعەتی بە ڕۆڵی خزمەتگوزاری و هوشیاری كۆمەڵایەتی هەبێ دەیانداتە دواوە...لەوە ترسناكتر ئەوەیە حیزب بكرێتە ئامانج ولە پێناویدا قوربانی بە سەروەری نەتەوە بدرێ. ڕووناكبیر ناچار دەبێ قبوولی بكا چونكە بەلای ئەمەوە هۆو كەرەسەیە بۆ تێكوشان وهێنانەدی ئامانجەكانی گەل ونەتەوە، "حیزب" هەر ئەوەندە بایەخی هەیە لە "سنووری هۆ" دەرنەچێ.

لایەنێكی دیكەی سیاسەتمەدار تاپۆی كردووە "ڕاگەیاندن"و دەزگاكانی بەهەموو شێوەیەك لە خزمەتی "حیزب" دایە، لە كاتێكدا ڕاگەیاندنی گشتی لە ڕوانگەی ڕووناكبیرەوە مولكی نەتەوەیە، گەشترین ڕووی دیموكراسی لە هەر كوێیەك بێ ئازادی ڕاگەیاندنە، ئەنجام چۆنێتی ودادپەروەری وجوانخوازی وئامادەكردنی مرۆڤە نەك چەندێتی و بەربڵاوی هۆیەكانی ڕاگەیاندن.

میللەتی كورد سێ دامەزراوەی تەلەفزیۆنی جیهانی هەیە جگە لەوەی زۆر لە پرۆگرامەكانیان پەلەو هەڵەشەیی ونەشارەزاییان پێوە دیارە، زمانەكانیشیان، زمانی كوردی پەتی بۆ دواوە دەبەنەوە، لە گەلەك جاردا مایەی كەسەری دڵ ودەروون تێكشكان وبلاوكردنەوەی قسەی بازاڕی وهەرزەكارین. هەواڵەكانیشیان، سەرجەم هەواڵی نەمركردنی "حیزب" وسەركردەكانیان ومنەتكردنە بەسەر كۆمەڵانی خەڵكی كوردستاندا. كارێك بەو شێوە بەڕێوە بچێ، چۆن دەكرێ چاوەڕوانبكرێ ڕووناكبیر لێی بێدەنگ بێ وچۆن دەگونجێ ڕووناكبیر ببێتە ئامرازی ئاوڕدانەوە لە حیزب ولانەكردنەوە لە جەماوەری ڕەش وڕووت.

یەكەمین پەیامی ڕووناكبیر نەهێشتنی زاڵبوونی ئایدۆلۆژیای تاكڕەوییە، فراوانكردن ودابینكردنی پێویستییە سەرەكییەكانی مرۆڤە كە ئەویش چرا داگیرسانە لە مێشك و بیری هەموو یەكێكدا و بەگەڕخستنی زانست و بیرو شارەزاییە لە پێناوی كۆمەڵ و دەوڵەتدا.

دژوارییەکی تەواو لە هەڵسەنگاندن و مانای هاونیشتمانی و ئەندامی حیزبدا لە نێوان سیاسەتمەدارو ڕووناکبیردا هەیە.

هێزە سیاسییە چەکدارەکانی کورد مانای هاونیشتمانی بەرامبەر ئەندامی حیزب ڕادەگرن، واتا ئەوەی ئەندامی ئەوان نەبێت بەچاوی گومان و دوو دڵییەوە تەماشای دەکەن. بەڵام ڕووناکبیر لە بۆچوونی چالاکی کۆمەڵایەتی و کەڵکی گشتییەوە بۆ هاونیشتمانی یا تاک دەڕوانێ، واش بە پێویستی دەزانێ کە هاونیشتمانی دەبێ لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە ئەندامێتی تەواوی لە ناو کۆمەڵدا هەبێ، بە پێی توانست هاوبەشی کارەکانی بکا، بەمانایەکی دیکە تێڕوانینی یەکسانی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا مەرجە پیادەبکرێ و هەرگیز بوونی سەر بەم حیزب یا ئەو حیزب وا نەکا جوداوازی نادروست بخاتە ناو کۆمەڵەوە.

ڕووناکبیر باوەڕی بە بیرەوەری و کەڵک وەرگرتنی تاقیکردنەوەکانی مێژووی ناوخۆو دەرەوە هەیە. میللەتێک نەتوانێ ئازارەکانی لە بیر بێ و جەللادەکانی لە بیربچێتەوە، ئەستەمە خۆی کۆبکاتەوە.

زۆرانبازی سوونەتێکی گەورەو سروشتی ژیانەو مافی گشت تاک و کۆمەڵ و دەستەو پارتێکی سیاسییە، بەڵام لە سنووری ڕەوشت بەرزی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کورددا کە لە سەر بناغەکانی ویژدان و دادو ڕاستی و دەستوورو یاساو زانست قەڵابکرێ.

لە بەرامبەر ڕووناکبیری و مرۆڤایەتیدا، ڕووناکبیری حیزبایەتی دروستبووە. کە ئەمەی دووەم بە شێوەی بێ سنوور بێت و ببێتە ئامانج، لە نێو هەر میللەتێکدا بێ دەبێتە مایەی قەیران و سەرگەردانی کۆمەڵایەتی، سنوورەکەشی لە دەسەڵاتی ڕێکخستنی حیزب و ئایدۆلۆژیا سەردەکاو هۆکاری چەک و ئابووریشی تێکەڵ دەبێ، بەوەی هەڕەشەو لە خشتەبردن لە ڕووی خەڵکیدا بەکار دەبرێ ... ڕووناکبیر هەرگیز ناتوانێ تەنگ هەڵچنین بە لایەنگرانی یەکێتی لە ژێر ناوچەی دەسەڵاتی پارتی و بە لایەنگرانی پارتی لە ژێر ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتیدا قبووڵکاو بیانووی بۆ بهێنێتەوە، لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، ڕەوا نییە زۆرانبازی نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە ببێتە دڵڕەنجاندن و ململانێی چەکداری.

کاری ئاوا حیزبێک، هەر حیزبێک، ڕاوی هەوادارانی لایەنەکانی دیکە بکا، سەرچاوەکەی بیری نابەرژەوەندی و ناجۆرو ناپەسەندە، بە پێوانەی بیری نەتەوەیی و ئایینی و مرۆڤدۆستی دەدرێتە دواوە.

**ڕووناکبیر چی لە سیاسەتمەدار دەوێ:**

دەیەوێ لە سیاسەتمەداری بگەیەنێ، مەیدانی کارو پیشەی ئەو، چوار چێوەی هەیە، مەسەلە گشتی و ستراتیژییەکان هێند گەورەو فراوان و مەترسیدارن، بەکاری بەتەنێی ئەو نازانرێ، بۆ ئەو مەبەستە مەرجە دەسەڵاتی سیاسەتمەدار بە دەستوور دیاری بکرێ. ناکرێ سیاسەتمەدار گشت شتێک بۆخۆی داگیر بکاو ببێتە تاکە بڕیاردەر، وابزانێ خۆی بەرپرسیاری پێشکەوتن و ڕاپەڕین و بزوێنەری کۆڕو کۆمەڵە ... بەڕێوەبردنی کۆمەڵ، بەڕێوەبردنێکی هاوکارییە و کاری بەرپرسیاری کۆمەڵە.

لەدەستدابوونی دەسەڵات، مانای بەکارهێنانی نییە، لە دەوڵەتانی دیموکراسیدا، باوەڕناکەم لە شەرعییەتی دەسەڵات و شەرعییەتی بەکارهێنانیدا، سیاسەتمەدار بتوانێ یا بیەوێ بێ سڵەمینەوەو هەزارو یەک جار بیرکردنەوە، هەموو دەستەڵاتە شەرعییەکانی بەکاربهێنێ، زۆر بڕیار، پێویستی بە هاوبەشی زۆرترین کەس هەیە، جاری واشە دەبێ پرسی گشتی سازبکرێ بۆ ئەوەی کارێک یا بڕیارێک ئەنجام بدرێ.

ڕەخنە لێگرتن، بناغەی بەردەوامی ڕێڕەوی ڕاست و کەمکردنەوەی هەڵەکانە، بەگەڕخستنی بزووتنەوەی ڕەخنەگری و قبولکردنی و خۆڕاستکردنەوە، هاندەری کاری چاکەن.

سیاسەتمەدار وەک بەرپرسێکی گەورە، لەکاروباری ڕۆژانەیدا لە ویستەوە یا لەبێ ئاگاییەوە، دەشێ بکەوێتە هەڵەو چەوتییەوە، لەوەش هەورازتر ڕەنگە تاوان بکا و زیانی بۆ مەسەلە گشتی و ستراتیژییەکان هەبێ: دابەشکردنی خوارووی کوردستان و شەڕی براکوژی، بڕیاری شەڕی دەرەوە لە نەشارەزایی و چەوتییەوە، پارە بە فیڕۆدان و تاپۆکردنی، پەردە هەڵدانەوە لەسەر نهێنییەکان، داماڵینی تایبەتمەندی و نهێنی هێزی سیاسی دیکە بۆ داگیرکەران و دوژمنان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، دوورخستنەوەی ئافرەت لە مەیدانە گشتی و تایبەتییەکانی پێوەندی بە خۆیانەوە، نە گونجانی بەرنامەی پەروەردەو گۆشکردن، دامەزراندنی میلیشیاو هێزی چەکداری تایبەت بە سیاسەتمەدار، لە بەرچاونەگرتنی هەل و مەرجی خوارووی کوردستان لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان یا هەر هێزێکی سیاسیی چەکداری کورد ... ئەوانە پاکیان تاوانی گەورەن، بێ حسێب و کتێب ناکرێ وەک بەرزەکی بانان هەر سەرکارو سەرگەورەبن. کێ بەرپرسیاربێ دەبێ سزای خۆی وەربگرێ و بەپێی قورسایی تاوانەکە، تاوانباربکرێ، کە پێویست بێ، مەرجە لە سیاسەت دوور بخرێتەوەو شەرەفی کۆمەڵایەتی و پیرۆزی لێ بستێنرێتەوە. ئەگەر بەتەنگ خۆمان و پاشە ڕۆژەوە بین، دامەزراندنی دادگای بەند بۆ تەماشاکردنی ئەو مەسەلانە پێویستییەکی نەتەوەیی و شارستانی و پێشکەوتنە، دیموکراسیەت ناتوانرێ پیادە بکرێ، ئەگەر هاونیشتمانی نەتوانێ شکات لە سیاسەتمەدار بکا، دادگاش نەبێ سزای بدا!.

قۆناغی ئیستای خوارووی کوردستان، قۆناغی گواستنەوەیە، هەموو دیاردەکانی سەردەمی داگیرکردن و ژێردەستەیی بزر نەبوون، دیاردە خۆماڵی و ئاسوودەیی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و مافی هاونیشتمانی وەک پێویست و بە ئاسایی پیادە نەکراون ... خەوشی گەورە ئەوەیە سیاسەتمەدار وا دەزانێ هەنگوینی شەمەتلینکەی بۆ هێناوین، رووناکبیریش پێی وایە خەونەکانی نەهاتوونە دی. دیاردەی هەڵەیەکی دیکەی گەورەی سیاسەتمەدار ئەوەیە کە وا بیردەکاتەوە دەسەڵاتی سیاسی پێوانەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رووناکبیرییە. لێرەدا لێکترازان لە نێوان رووناکبیران وسیاسەتمەداراندا پەیدا دەبێ. لاوازەکان بەهەر بیانوویەک بێ دەبنە پاشکۆی دەسەڵات. هاوکات رووناکبیری راستەقینە نابێتە فەرمانبەری حیزب و سیاسەتمەدار، هەر وەک چۆن هەر مەلایەک نانی لەسەر سفرەی ئەوقاف خوارد بەشێک لە مەلایەتییەکەی دەدۆڕێ، چونکە هەردووکیان مەلاو رووناکبیر پێویستە نانی رەنجی خۆیان بخۆن و لەسەر خوانی کەس نەبن، گیرفانیشیان بەرات و بەخشیشی دەسەڵاتی تێنەچێ. بە هیچ شێوەیەک ناکرێ رووناکبیر ببێتە بەشێک لە رژێمی سیاسی و سیستەمی دەسەڵات، جا ئەو رژێم و سیستەمە هەرچییەک دەبێ بابێ.

خاڵێکی دیکەی دڵنیایی لە نێوان رووناکبیرو سیاسەتمەداردا ئەوەیە کە بە مێشک و عەقڵ و رووی سیاسەتمەداردا رابگەیەنرێ کە رووناکبیر نایەوێ جێگەی سیاسەتمەدار بگرێتەوە. بە کورتی و بە کرمانجی کاری رووناکبیر بواری بیرو رامان و لێکدانەوەیەو گەرانە بەدوای دادو خۆشی و راستیدا بۆخەڵک پێش خۆی، کەرەسەی کارەکانیشی نووسین و بانگدان و کۆرِو مەیدانەکانە.

## زۆرانبازی و پێوەندی سیاسەتمەدار و رووناکبیر:

لەمەوبەر رەوایی زۆرانبازی بۆ مەبەستی بەرژەوەندی و پێشکەوتنمان راگەیاند، لێرەدا پتر گرنگی پێدەدەین و لەسەری دەڕۆین.

بەلای رووناکبیرەوە زۆرانبازی و تێکۆشان و رەنجدان لە بوارەکانی بیرو کردەوەدا دینامیتیکییەتی بەردەوامی و تازەبوونەوەو چوونە پێشەوەیە، وەک ووترا مەرج ئەوەیە لە سنووری رەوشت و پاراستنی بەها کۆمەڵایەتییەکانی تاک و کۆمەڵدا بێ.

قورئان دەفەرموێ " ویلک الایام نداولها بین الناس "، ئەو فەرمایشتە رامان دەکێشێ بۆ تێگەیشتن لە مێژووی ژیان و شارستانییەت و مرۆڤایەتی، رۆژان رۆژیان لە دوایە، گەورەیی و بچووکی، دەسەڵات و بێ دەسەڵاتی، هەژاری و دارایی، دەوڵەتان و بێ دەوڵەتان، بن دەست و سەردەست، کۆڕوکۆمەڵ هەمووی، بە پێی تێکۆشانی بیرو کردەوە لە مانەوەو نەماندان، دەستاو دەستکردنی دەسەڵات و دارایی و جوداوازی بیرو باوەڕ، باوەڕبوون و رێزلێگرتنی دەسەڵات و



هەولێری کتێب

توانستی خەڵک، خۆناسین و تێگەیشتن لە دەوروبەر و عەقڵ پێشکاندنی کەرەسەی ململانێ پێویستن. دەبێ سیاسەتمەدارانی کورد لەوە بە ئاگابن بیانەوێ یا نەیانەوێ، زوو یا درەنگ، دەبێ برۆن، خۆ هیچ نەبێ دەرەقەتی مردن نایەن. سیاسەتمەدارانیش ئەوەیە نێوی چاک و کردەوەی جوامێرانە لە دوای خۆی بەجێبێڵێ و سەربەرزانە بەرەو ئەو دونیا ڕێ بکا.

زۆرانبازی نێو کورد بۆ جێگەگرتنەوەی ئەوی دیەو دووەم بیرو دەسەڵات قبوڵ ناکا! بۆیە لە زۆرانبازی نێوخۆدا هیچ دەسەڵات و مەزنیەک نیە، خوێنی بەناهەقی مرۆڤێک بهێنێ. لە ڕوانگەی گەورەیی و پیرۆزی مرۆڤەوە، پێکدادانی هێزە سیاسیە چەکدارەکانی کوردستان، کوشتنی تاکە یەک مرۆڤی کوردو خاپورکردنی بستە زەوییەکی کوردستان بەتاوان بۆیان حسێبە، بە "قانوونی تەجەنوونی" ڕووناکبیر بەتوندی دەدرێتە دواوە، جا لەو پرۆسەی تاوانەدا خۆبەخۆ هاوبەش بن یا هەر داگیرکەرێکی کوردستان. کە ئەمە ڕێبازی ڕووناکبیری کورد بێ، ئیدی پێویست ناکا بۆ هەر ڕووداوێکی دڵ تەزێن و تاوانکاری ناوخۆ، ڕووناکبیر "بەیانێک" دەربکا، ئەوە بەکێ دەکرێ! دەبێ ڕووناکبیر کاری نەمێنێ جگە لە تاوانبارکردنی ڕۆژانەی ئەم و ئەو.

زەقترین زۆرانبازی نێو کورد زۆرانبازی خۆکوژی و کورد کوژی، ئەوەی نێوان جەلالی و مەلاییە، لە ١٩٦٤ەوە درێژەی هەیەو ماڵی کوردیان وەک نەتەوە کاولکردووەو هەشیان بەسەر هەموو ڕێکخستنە کوردییەکانی نێو نەتەوەی کورددا کردووە لە هەموو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستاندا. بنەڕەتی زۆرانبازییەکە جێ لەقکردنە بە یەکدی بۆیە بۆتە ئاژاوە، هەڵبەت ئاژاوەش هیچ دەستوورێک نایگرێتەوە و سەری لێدەرناکرێ.

لە ململانێدا، هی ئاسایی و پەیامدارو بەبەرنامە هەل ومەرجی هەیە، لەوانەی زۆر پێویستە بەسەرنج وەر بگیرێن:

یەکەم: کات ـ ڕەگەزی کات و زوو بەئەنجامدان بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، ماوەی بیرکردنەوەی بەڕاستییە، کات ـ موڵکی نەتەوەو تاکەکانە، هیچ شتێک نیە بە ئازادی نەتەوەیەکیشەوە بە بەردەوامی چل ساڵ کەمتر یا زیدەتر ئەوە بهێنێ ئەو ماوە دوورو درێژەی لە پێناودا بەخت بکرێ.

مەسەلەکە ئەوەیە کە دەرەقەت دێیت، فەرموو: ئەوە عەرد و ئەمە گەز. دەنا دەبێ ئامرازی بە ئاشتی و بەخۆشی پێکەوە ژیان بدۆزرێتەوە، یا دابەشکردنی دەسەڵات و بەناچاری پێکەوە هەڵکردن، لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە لە چەک بەکاربردن خۆ بپارێزن. بەداخەوە تەمەنی دووسێ وەچەی کورد لەو مەسەلە ناپیرۆزەدا بە فیڕۆچووە و مەسەلەی سەرەکی و چارەنووسی کورد سەرەتاتکێی نەماوە. لەو ماوە بەرینەدا چەندان جار هەل و مەرجی لەبار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی نەتەوە، کراون بەقوربانی زۆرانبازیی ئاژاوە.

دووەم: قوربانی و زیان ـ ئەگەر لایەنەکانی زۆرانبازی وا بیانوو بهێننەوە کەمەبەستیان لە خەبات و تێکۆشانیان بۆ پێشکەوتن و گەشاوەیی ژیانە، ئەوا دەشێ تا بۆیان دەکرێ خۆ و لایەنی بەرامبەر لە قوربانی و زیان، تایبەت قوربانی گیان بپارێزن. ناشێ بۆ پاراستنی گەورەیی و مانەوەی سەرداریێتی، قوربانی نەبڕانەوە بدرێ، دیارە پلەو پایەی سالاری مرۆڤ بەمەزنتر دەبینین.

لەو ماوە دوورو درێژەی زۆرانبازی نێوان یەک یەک و یەک و دوو، دوو دوو، سێ و یەک وئیدی لە نێوان گشت هێزە سیاسیە چەکدارەکاندا، جەماوەری کورد نەیانتوانیوە کۆتاییان پێبهێنێ، جگە لە تکاو دەست بە بەرپشتێنکردنداو رق وتوورەیی چی‌دیکەی لەدەست نەهاتووە. سەران و زۆرداران دەبێ بیرێکی جیددی بکەنەوە، سنووریک بۆ بەردەوامبوونی کوشتن و برین و زەبروزەنگ دابنێن، دیارە ناتوانن بە هیچ قەڵغان و پەچەو بیانوویەک تاوانی کورد کوژیی و کوردستان وێرانکردن پەردەپۆش بکەن. وەک هێزی رق و چەک، کەس لەوان کەڵەگاتر نییە، خۆیان نەتوانن کۆتایی پێبهێنن، خۆیان ویستی دڵسۆزییان نەبێ، خۆیان ئامادەی تێگەیشتنی بارو دۆخی کورد و مێژوو، کورد و ئێستا و کورد و دوا رۆژیان نەبێ، هەر هەوڵێک بدرێ مایە پووچییە!؟

سیاسەتمەداری کورد، پێویستی بە بیرکردنەوەی پەیامداری هەیە، پەیامی مرۆڤانەی کوردایەتی، پێویستی بە نەخشەی زانستی و فێربوون هەیە، نەخشەیەک و زانستێک کەبەرژەوەندی بەرزی نەتەوەی تێدابێ، گومان نەهێڵێتەوە بۆتاوان وڕاڕایی وساغ نەکردنەوەی مەسەلەکان. فێربوونێک کوردایەتی زاڵ بێ بەسەر حیزبایەتی و سەرکردایەتی و تاکایەتیدا. وانەبێ ئاسنی سارد کوتان، گاسنێکی لێ پەیدانابێ.

سیاسەتمەداری لێزان و سەرکەوتوو ناتوانێ دەستبەرداری هاوبەشی روناکبیرانی ڕاستەقینەبێ، ئەوانەی هەوڵدەدەن کۆمەڵ بەرەو تازەکردنەوەو پێشکەوتن و سەرکەوتن و پارێزگاری مافەکانی مرۆڤ و ئازادی بیرو باوەڕو سەربەستی تەواوی دەستەو چینەکانی کۆمڵ دەدەن.

پێوەندی سیاسەت و ڕووناکبیری، مەیدانی چارەسەرکردنی دژوارییەکان و کێشەکان سازدەکا. لەناو ئێمەدا پێوەندی کۆمەلایەتی و پێوەندی حیزب بە کۆمەڵ و پێوەندی کاربەدەستان بە خەڵکەوە، دژواری بەرهەم هێنەرو کرپار، دەبێ بەپێی بارو دۆخ لە چارەسەرکردن و گۆڕاندا بن.

ڕووناکبیری بناغەی ڕاهێنان و ئامادەیی و تێگەیشتن دەخەملێنێ، بێ ئەوە کێشەکانی سیاسەت و ئابووری و کۆمەلایەتی لە بۆشاییدا دەمێننەوەو دژواری و ئاڵۆزییەکان درێژەیان دەبێ. لێرەدا دەبێ ئەوە بووەترێ و بنووسرێ کە هەرچی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد هەبوون بەدرێژایی مێژوو، بێ بەری بوون لە هۆکاری ڕووناکبیری، لە ڕووی پەروەردەو دەروونی و

هەوالنامەی کتێب

فیكرییەوە مەیدانیان بۆ خۆش نەكرابوو ... بەردەوامی زۆرانبازی كورد كوژی لە گشت بەشەكانی كوردستاندا، یەكێك لە هۆكارەكانی دەگەڕێتەوە بۆ بەدووری و كەنارخستنی ڕووناكبیریی.

خاڵی ستراتیژی پێوەندی سیاسەت و ڕووناكبیریی لەو پێوەندییەوە دەست پێدەكا كە هەوڵبدرێ قەوارەو دەزگای كارگێڕی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان توند و دامەزراو و نەلەقیو بن، واتا بنە ماڵی نەتەوە، زۆرانبازیش بەڕێگەی شارستانیەت و ئاشتی بە ڕێوە بچێ. وەختێك حیزب توانی دەزگاكانی فەرمانڕەوایەتی بەخۆیەوە ببەستێتەوە، ئیدی سەرجەمی مانای دڵسۆزی و هەراهەرای دیموكراسییەت و ئازادی دەپووكێنەوە.

ڕووناككبیریی لە بەرژەوەندی كۆمەڵ و مرۆڤایەتی و ڕێزو نرخی خەڵكەوە هەڵوێست وەردەگرێ، بۆ ئەوە هەوڵدەدا كۆمەڵ بە بەردەوامی لە بەرهەمهێنانی یەكێتی ڕۆحی و ماددی مەسەلە گەورەكاندا بێ. چاو دەبڕینە داهێنانی كۆمەڵێك دەستوورو ڕێكخستنی پایەداری وا كە بناغەكانیان ئایین و ڕەوشتی بەرزی كۆمەڵایەتی و ژیربێژی و ویژدان و زانست و هونەربن.

لە زۆرانبازی كوورد ـ كورد دا هیچ یەكێك لەو بناغانەی تێدا نەبووەو نییە. سەرتاپێی كۆڵەكە پیرۆزەكانیان تێكشكاندووە.

هەر ڕووناكبیرێك دەیەوێ تێكەڵاوی سیاسەت بكا، دەبێ لە هەڵوێستی نارازی بوونەوە ئەنجامی بدا، هەمیشە بەدوای پرۆسیسەی پێشكەوتندا ویڵ بێ و بەردەوام پرسیاری كاریگەرێتی و لێهاتوویی و چاك ئەنجامدانی كارەكان بكا، بارو دۆخی نێوخۆیی و نێوچەیی و دەوڵەتی ئاگادار بێ، لەپێناوی وەدەستهێنانی گەشەكردن و ئاسوودەیی و پێشكەوتندا بەكاریان بهێنێ.

ژیان تەنێ بریتی نییە لە بەدووركەوتنەوەی داگیركەر، یان ئازادی سیاسی لە داگیركەر بسێنرێ، لەگەڵ ئەوەدا گوزەران چاككردن و بەڕێوەبردن بە مانا فراوانییەكانیان كە بارەكانی ڕووناكبیریی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و دەروونی و زانستی و سەربازی و ... دەگرتەوە ... یا سیاسەتمەداری چەكدارانی كورد پرسیار لە خۆیان بكەن لەوەتەی خۆیان كردۆتە كاربەدەست ئاخۆ چ فەڕو پیتێكیان بۆ ئەم نەتەوە ستەمدیدە هێناوە !!! بۆ ناتوانن چیدی خەڵك بە كوشت نەدەن و لەوە پتر دواڕۆژی كورد تاریكتر نەكەن !!!

## چ بكرێ بۆ چوونە پێشەوە:

بۆچوونە پێشەوەو بۆ گەیشتن بە ئامانج، پێویستە لە هەموو بوارەكانی بیری و ڕێكخستنەكاندا گۆڕانكاری بنەڕەتی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی وڕووناكبیریی و پەروەردەیی ڕووبدات وچاكسازی فراوان سازبكرێ. لەوانە:

١- تەماشاکردنی "حیزب" وەک "هوکارێک" لە خەبات و فەرمانڕەوایەتیدا، چەسپاندنی بنەڕەتییەتی نەتەوە بەسەر حیزبدا.

٢- ئازادی بیروباوەڕ دەربڕین و ڕۆژنامەنووسی و لایەنەکانی میدیا و ڕێکخستنیان و بەکاربردنیان لە پێناوی نەتەوەو حکومەتدا، حکوموتی خەڵک نەک حیزب.

٣- باوەڕبوون بە دیموکراسیەت و کردنی بە پێوانەی کارگرتنە دەست، جێ چۆلکردن بە دەنگدانی گشتی یا هەر کارێک زەرەرمەند بێ بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و بەها کۆمەلایەتییەکان، واتا دروستکردنی کاربەدەستی نموونەیی لە رووی گیانی و ڕەوشت و دەروون بەرزی و شارەزاییەوە، کاری ڕێبەر و سەردارێکی دادپەروەرو لێهاتووی نموونەیی لە تاوی "قورئان" کەمتر نییە.

٤- هەلبژاردن بە شێوەی بازنەیی ئەنجام بدرێ، هەل ومەرجی یاسایی بۆدابنرێ و کەسایەتی شارەزایی سیاسی و کۆمەلناسی و ئابووری و ڕەوشت بەرزی و بەیەکسانی بۆ گشت پالێوراوێک بەڕاستی و دروستی لەبەرچاوبگیرێ. بەهیچ شێوەیەک نوێنەرایەتی ڕێژەیی "ا لیمثل النسبی" ڕەوا نیە، چونکە دەبێتە ڕێگری پێشکەوتن و گەشەکردن لەسەرجەم دامەزراوە سیاسی و دەستوورییەکاندا، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە تەگەرە لە بەردەم توانستە لێهاتویی و شارەزاکاندا.

٥- دوورکەوتنەوە لە دوو ڕوویی بەڕێوەبردن و حکومەتدا، ناکرێ مەسەلە دەستوورییەکان و مەسەلە حیزبییەکان پێکەوە بن، بێ جیاکردنەوەی ئەو دوانە بەرپرسیارێتی یاسایی لە حکومەت و لەناو کۆمەلدا ناچەسپێ، حیزب دەبێتە داگیرکەرو میللەتیش دەبێتە دەست وپێوەندو خزمەتکار و کوێلەو چەوساوە.

٦- دیاریکردنی مانگانەو پارەو پوولی هەرچی کاربەدەست و لێپرسراوان هەیە، لە ڕێگای داوو دەزگای ئابووری وبەرپرسیاری گشتی و لیژنەی پەرلەمانی و تایبەتییەوە ئەنجام بدرێ.

٧- ڕێز لە خۆگرتن و ددان بە خەلکدا نانەد، ڕووناکبیر دەبێ قەناعەتی چەسپاوی هەبێ و بەنهێنی و ئاشکرا لای دەسەلاتدارو بێ دەسەلات ئازادبێ لە باوەڕو هەلوێستدا، ڕێز لە قەناعەتی خۆی بگرێ و بە پێی کەش و هەوا نەگۆڕێ.

ڕووناکبیر جێبەجێکردنی چوونە پێشەوەی دەوێ و لە ڕێگای زانست و بیرو داهێنان و پەیداکردنی هۆش و ویژدانەوە دەتوانێ کاری ئاسوودەیی و دروستکردنی دوارۆژێکی سەرفرازی بهێنرێتە دی. کۆمەلگایەکی وا، سالارو سەرداری ڕاستەقینەی خزمەتگوزاری نەتەوەو خەلک پەیدا بێ، نەک زۆردارو تەقینەری لە سەرو میللەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

بەلای منەوە، ڕێزو پاراستنی گەورەیی مرۆڤم لا مەبەستترو مەزنترە وەک لە دەسەڵات و قەوارەی سیاسی. هەڵبەت دەسەڵات و قەوارەی سیاسی هەرچییەک دەبێ با ببێ، جا نێوی دەنێن دەسەڵاتی ئیسلامی، نەتەوەیی یا هەر بەش و لایەنێکی عیلمانی، دەبێ بۆ خزمەت بە مرۆڤ و ڕاگرتنی گەورەیی مرۆڤ بن، بیروباوەڕو سیستەمی سیاسی و قەوارەی دەوڵەتان پاراستنی مافی مرۆڤ و خزمەتکردنێتی. تێکۆشان و هەوڵدان، چی گەردوون هەیە بێ بزەی شیرینی مرۆڤ و حەوانەوە و دڵنیایی و پاراستنی مرۆڤ، پووشێک ناهێنێ. پەیامی ڕووناکبیر بۆ ڕاهێنان و بارهێنانی گشت گەردوونە بۆ ئاشتی و سەرفرازی و خۆناسین و لە یەکدی گەیشتن و پێکەوە هەلکردن...

دوکتۆر نوری تاڵەبانی

# کورد و بنەمای مافی چارەی خۆنووسین

وەرگێرانی: ساڵح محەممەد ئەمین

لە بڕوانامەی ساڵی ١٩٤٥ ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وا هاتووە کە ئەم ڕێکخراوە کار دەکات بۆ: "پەرەدان بە پەیوەندی یەکتریستنی نەتەوەکان، لەسەر بنەمایەک کە یەکسانی مافی نێوان گەلان بگەیەنێت وهەر یەکەشیان چارەنووس بۆخۆی دیاری بکات"، دواتریش لە ٢٤ ی کانونی یەکەمی ١٩٦٠ دا کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارێکی دەرکرد تیایدا هاتووە کە: "هەموو گەلان مافی چارەنووسی خۆیانیان هەیەو، بەپێی ئەم مافەش دەتوانن بە ئازادی نێوەندی ڕامیاریان دیاریبکەن وسەربەستانەش هەوڵی بەدیهێنانی پەرەدان بە ئابووری وکۆمەڵایەتی وکلتوری خۆیان بدەن" پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافی ئابووری وکۆمەڵایەتی وکلتوری، کە ساڵی ١٩٦٦ لەنەتەوەیەکگرتووەکانەوە دەرچووە، لە بەندی یەکەمیدا بنەمای مافی چارەی خۆنووسی، بەپێی ئەو تێگەیشتنەی سەرەوە دیاریکردووە... لێرەدا ئاماژەکردنمان بۆ ئەو چەند بڕوانامەو بڕیارە نێودەوڵەتیانەی چارەسەری بنەمای مافی چارەی خۆنووسین بۆ سەرجەم گەلان دەکەن، بەمەبەستی پێناسەکردنیان ودیاریکردنی تێگەیشتنەکانیان نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بزانرێت کوردیش وەک پێڕەوکردنێکی ئەم بنەمایە بۆی هەیە داوای مافی چارەنووسی خۆی بکات کە زۆربەی گەلانی دونیا لەو ڕێیەوە دوارۆژی خۆیان ونیشتمانیان دیاریکردووە، بە دەربڕینێکی دی: ماوەی نێوان ئەوەی "هەق"ن وبڕوانامەو بڕیارە نێودەوڵەتییەکان دەیان سەلمێنن، لەگەڵ توانای بەدیهێنان وپێڕەوکردنیئەم مافە لەلایەن کوردەوە، کە ئێستا خۆ لە "٣٠" ملیۆن کەس دەدات و، چەند سەدەیەکی دوورە لەسەر ئەم بەشە جوگرافیایە دەژین کە بە کوردستان ناسراوەو ئێستا بەسەر چەند وولاتێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دابەشکراوە، چەندە.

ڕیشەی مەسەلەی کورد بۆ کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی دەگەڕێتەوە، کە کوردیش وەک گشت گەلەکانی تری ژێر دەستەڵاتی عوسمانی، هەوڵی بەدیهێنانی مافی چارەنووسی خۆیی دا، بەتایبەتی کاتێک وودرو ویلسن (١٨٥١ - ١٩٢٤) سەرۆکی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩١٨ داسەبارەت بە مافی چارەنووسی هەموو گەلان دواو لە چواردە خاڵدا ڕایگەیاند.

ئەگەرچی بنەمای مافی چارەنووسی گەلان بەهۆی سیاسەتی دەوڵەتە گەورەکانەوە، کە لە سەدەی بیستەمدا بۆ ملپێدانی گەلانی پچوک وخستنە ژێر دەستەڵات ورکیفی خۆیان پێرەودەکرا، بە چەند بارێکی هەڵکشان وداکشاندا تێپەڕی، بەڵام ڕمانی یەکێتی شۆرەوی بووە هۆی دەربازبوونی گەلانێکی زۆر لەو بارەی کە تیایدا بوون وبریاری چارەنووسی خۆیانیان دا ..

قسەکردنیش سەبارەت بە مافی چارەنووس، پێویستی بەوەیە شتێک لەبارەی مەبەست لە ووشەی "گەل" بووترێت، چونکە لەو بەڵگەنامەو بریارانەی پێشتر ئاماژەیان بۆکرا، وا بەدیار دەکەوێت کە ئەم مافە لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێکی واوە پێرەوبکرێت کە خۆیان بە گەل دابنێن، بۆیە یەکەم جار چەمکی ئەو گەلە دیاریدەکەین کە ئەم مافەی ببێت، ئەمجا روونیدەکەینەوە گەر کوردیش لەم بارە نێودەوڵەتییەی ئێستادا بۆی هەبێت ئەم مافە پیادە بکات.

بە تێگەیشتنە گشتییەکەی، مەبەست لە گەل، کۆمەڵە کەسێکە لەسەر خاکێکی دیاریکراودا جێگیربن وچەند فاکتەرێکیش پێکەویان بەستێتەوە، کە ڕەنگە کلتوری بن، وەک زمان، ئاین، ئابووری، یان ڕامیاری بێگوێدانە زۆری یان کەمییان، خاکەکەش کە دەبێتە "نیشتمانێک" ورۆڵێکی سەرەکی لە دروستکردنی ووشیاری کۆمەڵەکەدا دەبێت، تا وا هەستبکەن گەلێکی خاوەن تایبەتمەندێتی خۆیانن، هەستکردن بەم ووشیارییە لەناو کۆمەڵێکدا دەبێتە پێوەری حوکمدان بەوەی گەلێکیان پێکهێنابێت یان نا، جا ئەگەر ئەم ووشیارییەیان تیاداهەبوو ئەوا کەس ناتوانێت نکولی لە خۆ بەگەل زانینییەکەیان بکات، پێچەوانەکەشی دیسان ڕاستدەبێت، چونکە ناکرێ کۆمەڵێک لەبەر هەرچییەک بێت،کە ئەم ووشیارییەی نەبێت گەلی پێبووترێت. ئەم ووشیارییەش بەهۆی جیاجیاوە پەیدا دەبێت، لەوانە چوونەوەسەر یەک ڕەگەز، یەک زمان، مێژوویەکی یەکگرتوو، یەکەی پێوەندییە ئابوورییەکان یان یەک نیشتمان، خۆ ناشکرێت بۆ قایلبوون بەخود ووشیاری، مەرج بۆ ئەم یان ئەو فاکتەر دابنرێت، چونکە کۆمەڵێک کەس مافی خۆیانە وەک گەلێک باری پێکهێنانی خود ووشیاریان هەبێت.

بەپێی تێگەیشتنی مارکسیانەش، پێکهاتەی گەلان لە بەدیارکەوتنی کۆمەڵگەی کۆیلەیەتییەوە دەستپێدەکات، ئەویش لە ئەنجامی تواندنەوەی تیرە "لە کۆمەڵێکی ڕامیاری سەر خاکێکی دیاریکراودا" هاتە ئاراوە، گەلان بەپێی ئەم تێگەیشتنە بە یەکێتی خاک وپێوەندییە ئابوورییەکان و زمان لە یەکتری جیادەکرێنەوەو، ڕەنگە لەسەر ئەم بنەمای یەکێتییەبێت ووشیاری چوونەوە سەر خود پەرەپێبدات.

هەموو ئەوانەی لای سەرەوە دەمانگەیێننە ئەوەی کە، "گەل" کۆمەڵە کەسێکن ووشیارییەکی خودییان بە گەلێتی خۆیان، بێگوێدانە هۆی ووشیارییەکەو فاکتەرەکانی، هەیە. ئەم

پێوانەیەش بەسەرکورد وئەوانی تری وەک فەلەستینی، دانیشتوانی خوارووی سودان، خەلکی هەرێمی کۆسۆڤۆو ئەو گەلانەشدا دەسەپێت کە هێشتا کار بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافەو بەدیهێنانی دەکەن. ئێستا کۆمەلگەی نێو دەولەتی دان بەبوونی گەلی فەلەستیندا دەنێن، هەرچەند بڕیاری سالی ۱۹٤۷ ی پەرتکردنی فەلەستین بووە هۆی بەخشینی نیوەی فەلەستین بە ئیسرائیل کە لە سالی ۱۹٦۷ یشدا بە زەبری هێز ئەوەی لە فەلەستین مابۆوە داگیرکردو خەلکی تری تیایاندا نیشتەجێکرد. ڕێککەوتننامەی "ئۆسلۆ"ی نێوان فەلەستینییەکان وئیسرائیلییەکان، لەو بەشەدا کە دواکات دەیاندرێتەوە دانی بە مافی چارەی خۆنووسی فەلەستینییەکاندا نا.

سەبارەت بە باشووری سودانیش، چاوپێکەوتنەکانی نێوان نوێنەرانی باشوورو دەستەلاتدارانی سودان، دانیان بەمافی چارەی خۆنووسینیان لێکەوتەوە، بەرهەلستکارە سودانییەکانیش، کە خۆیان لە "کۆبوونەوەی نیشتمانی دیموکراسی" سوداندا دەنوێنن وهێزە سەرەکییەکانی تیادایە، لای خۆیەوە بڕیاری سەرەتای چارەنوسسازی بۆ خەلکی باشوور داوە، بەو مەرجەی ئەوە بکەوێتە دوای ماوەی گواستنەوەو پێکهێنانی ڕژێمێکی دیموکراسیانەی فرە حیزبی لە سوداندا، ڕێککەوتنیان لەسەری، "ڕۆژنامەی - الحیاة - ۱۹۹٦/٥/۹". دەبێ ئەوەش بووترێت کە باشووری سودان قەوارەو تیرەی جۆراوجۆری لە خۆگرتووەو، گەلێک ململانێی ئاینی وئەسەنی ومەزهەبی تیادایە. خۆ هەرێمی کۆسۆڤۆش کە ئێستا بە بەشێکی سربیا دادەنرێت، لەپال سربییەکاندا کە ئەرکی بەڕێوەبردنی وولاتەکەو دەستەلاتیان بەدەستەوەیە، زۆرینەیەکی ئەلبانیشی تیادایە. کەچی دەربارەی کورد، ئەو دەولەتانەی کوردستانەکەیان بەشکردووە، تەنانەت بۆ بیانوهێنانەوەش لە نکولیکردنی ئەو مافە، خۆیان نارەتێنن، چونکە یان ئەوەتا هەر لە بنەڕەتدا دان بەبوونیاندا نانێن، وەک تورکیا لە گەلیاندا دەکات. یان وەک ئەوانی دی کە لە چوارچێوەی دەولەتەکانیاندا بەجۆرێک دانیان پیا دەنێن کە وەک لەسەر خاکی خەلکی تر بژین. لە بەرنامەی پارتی بەعسی سۆسیالیستدا، کە یانزەیەمین کۆنگرەیان بڕیاری لەسەر داوە وا هاتووە: "ئەو کەمایەتییانەی لە نیشتمانی عەرەبدا دەژین و، زمان وتایبەتمەندێتی جیاوازییان لە زمان وتایبەتمەندێتی عەرەب هەیە، وەکو کورد، پێویستە دان بە تایبەتمەندێتی ناوچەییاندا بنرێت ... بەلام بەبێ ئەوەی حسابی نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەی عەرەبیان بۆ بکرێت، بۆ نموونە، وەک نەتەوەی فارس یان هندی، چونکە زۆر لە مێژە لە چوارچێوەی وولاتی عەرەبدا دەژین وبە چەندین پێوەندی بەنەتەوەی عەرەبەوە بەستراونەتەوەو لەسەر خاکی عەرەبیش دەژین. "حزب البعی، القتادە القومتە، بغداد ۱۹۸۰، ف ٦، ۷". ڕژێمی ئێرانیش دان بەبوونی کەمایەتییەکی کورددا دەنێت، بەلام لە زۆربەی مافەکانیان بێبەشکراون، دەولەتیش لەڕووی ئابووری وپیشەسازییەوە، سیاسەتی بێبەشکردنی ناوچە کوردییەکە پیادە دەکات - الحیاة ۱۹۹۷/٦/۱۲ -. ڕژێمی سوریاش وا دان بە

بوونی کەمایەتی کورد دا دەنێت، کە لەتاو زوڵم وستەمی ڕژێمی تورکیا بۆ سوریا هەڵاتبن، بۆیە زۆربەیان حسابی هاو وڵاتیشیان بۆ ناکرێت وهیچ مافێکی تەواوی هاو وڵاتێتیان نییە. بنەمای چارەی خۆنووسین، لەبیری دەستەڵاتدارانی ئەم وڵاتانەدا، تەنانەت لە ڕووی قانونیانەی ڕووتیشەوە، لە ئارادا نییە. بۆیە کە جاروبار لەهەندێ کۆنگرەی ڕامیاریانەدا، مەسەلەی کورد باسدەکرێت، ئەویش کاتێک کورد بەدەستی دەزگا ئەمنییەکان وهێزی چەکداری دژ بە مەدەنییەکان، تووشی کۆکوژی وا دێن کە مافی مرۆڤیان بەجۆرێکی نارەوا تیادا پێشێلدەکرێ، کەچی دەستەڵاتدارانی ئەم وڵاتانە هەڵدەچن وخۆیان بە چەمکی "سەربەخۆیی" و"یەکێتی خاک" و"سەروەری هەرێمایەتی" وخۆهەڵنەقورتاندن لە کاروباری ناوخۆوە دەبەستنەوە، بنەمای مافی دەستێوەردانی مرۆڤانەی نێودەوڵەتی، لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ودەزگاکانی، یان ڕێکخراوە ناحکومەتییەکان، بەچەندین قسەی ناپەسەند باس دەکەن و، بە مەبەستی تێکدانی باری ئەو دەوڵەتانەو پشێوی نانەوەو، هەڕەشەکردن لە یەکێتی خاکی هەرێمایەتی، تاوانباریاندەکەن.

باری کورد جیاوازە لەگەڵ باری فەلەستینییەکاندا، چونکە زۆربەی ئەو فەلەستینیانەی ناچاری خاک و وڵات جێهێشتن کراون، بەکردەوە توانای گەڕاندنەوەیان بۆ سەر خاکەکەی خۆیان نییە، کە دەوڵەتی - عبری - تیادا دامەزراوە، یان دواتر داگیرکراوە. بەڵام کورد هەرچەند تووشی ڕاگوێزانی زۆرەملە هاتبێت، بەتایبەتی لە هەندێ شوێنی کوردستاندا، واش هێشتا زۆربەیان لە شوێنەکانی خۆیاندا هەر ماون .. جا چونکە کورد بۆ بەرگری لەخۆکردن ناچاردەبێ، بۆ پەرچدانەوەی توندوتیژێتی وتیرۆری ڕێکخراو وسەرتاسەری، کە لە ئاستی دەوڵەت وهێزە چەکدارەکاندا بەرەو ڕووی دەبێتەوە، پەنا بۆ توندوتیژێتی بەرێ، دەستەڵاتدارانی ئەم دەوڵەتانە بە تیرۆرست ناوی دەبەن. ئەم دەوڵەتانە لە ئاست بڕیاری "٣٠٣٤" ی "١٩٧٢/٢/١٨" ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆیان کەڕ دەکەن، کە تیایدا بە ڕوونی تیرۆر وخەباتی دادوەرانەو ڕەوای گەلان لە یەکتر جوێدەکاتەوەو، ڕەوایی بەمیان دەدات، کە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نیشتمانییەکان دەیکەن.

ئەگەر کورد چەند داوایەکی ڕۆشنبیریانەشی هەبێت، ئەوا دەستەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەشکردووە، داواکان بە مەترسییەکی گەورەی دژ بە ئاسایش وئارامی دەوڵەتەکانیان و، بە جیابوونەوەش لەقەڵەم دەدەن، بۆیە بە هەموو ئەو جیاوازییە ڕامیارییە زۆرانەی نێوانیانەوە، لە ئاست کێشەی کورددا، کە بە مەترسییەکی هاوبەشی دادەنێن و، دەبێ بە هەمەجۆر ڕێگا هاریکاری یەکتری بکەن، یەکدەگرنەوە. لێرەدا هەر بۆ نموونە ئاماژە بۆ دانیشتنە یەک لەدوای یەکەکانی وەزیرانی دەرەوەی هەر یەک لە تورکیا، ئێران، سوریاو نوێنەرانی دەزگا ئەمنییەکانیان دەکەین، کە لە سەرەتای ١٩٩٣ وە "بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارەی لە باکووری

عێراقدا هەیە"و قسەکانی "رافع دحام تکریتی" بەڕێوەبەری هەواڵگرانی عێراق وکۆنە باڵوێزی لە ئەنقەرە، کە بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەی "تورکیش دیلی نیوز" ی تورکیای لە تشرینی ۱۹۹۷ دا کرد، تیایدا حکومەتی تورکیای لە بزووتنەوەکانی کورد لە ئێران وعێراق وسوریاو تورکیا ووریا دەکردەوە، بەوەی کەوتوونەتە باسکردنی سەربەخۆیی و، دوا ئامانجیشیان دامەزراندنی دەوڵەتێکە، کە ئەوە شتێك بوو لە کاتێکدا باکووری عێراق لە ژێر دەستەڵاتی ئێمەدابوو هەرگیز ڕووی نەدەدا" تکریتی لەسەر قسەکانی دەڕوات ودەڵێ: "پێویستە عێراق وتورکیا ڕێنەدەن هێزە دەرەکییەکان ئارامی باکووری عێراق بشێوێنن"، بە "گیروگرفتەکانتان گیروگرفتی ئێمەشە" کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێت. (ڕۆژنامەی ـ الحیاه ـ ژمارە ۱۲٦٤٦ ی ۱٤/ ۱۹۹۷/۱۰).

دوای جەنگی جیهانی یەکەم، بۆ یەکەمینجار مەسەلەی کورد، حسابی گرفتێکی نێو دەوڵەتی بۆکرا، چەند بەندێکی پەیماننامەی "سیڤەر"، کە لە ۱۰/ئابی/۱۹۲۰ دا دەرچوو، بۆ چارەسەرکردنی تەرخانکرا، ئەو چارەسەرانە بەجێ بوون، ئەگەر جێبەجێ بکرانایە ئەوا ڕەنگە لە دوو قۆناغی یەك بەدوای یەکدا دەوڵەتێکی بۆ کورد لێبهاتایەتە کایەوە. ڕێککەوتننامەی "ئۆسلۆ"ش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین، شتی لەو بابەتەی تیادا هەبوو. دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە حەفتا ساڵ بەسەر دەرچوونی پەیماننامەی "سیڤەر"داو، لە ئەنجامی تێکشکانی ڕژێمی عێراقی دووەم جەنگی کەنداو ودژە هێرشی ڕژێم بۆ سەر کوردستانی عێراق، ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی بڕیاری ٦۸۸ ی ساڵی ۱۹۹۱ ی دەرکرد، تا ڕادەیەك بۆ ئەو بارە ناهەموارەی لە ئەنجامی هێرشەکەی عێراقەوە بۆ سەر خەڵکە مەدەنییەکەی کورد بەرپابوو، بەجێبوو. ئەوە بۆ یەکەم جاربوو بڕیارێکی نێو دەوڵەتی بەڕووی بارێکی ناوخۆی دەوڵەتێکی ئەندامی دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان بیێتەوە، ئەویش بەوەی کە "گەل" لە "دەوڵەت" جیابکاتەوە، ئەم بڕیارە بایەخێکی تریشی هەیە، چونکە ڕێ لە داپڵۆسین وسەرکوتکردنێکی ناوخۆیی دەوڵەتێك دەگرێت و، بە هەڕەشەیەکی واشی دادەنێت کە ئاسایشی نێودەوڵەتی بشێوێنێت، ئەوەش وەرچەرخانێکی دیدوبۆچوونی ئەنجومەنی ئاسایشە، بەوەی بایەخ بەگەل دەدات نەك هەر تەنیا بە دەوڵەت، کە لەگەڵ بنەما ئاساییەکانی ئەرکی ئەنجومەنی ئاسایشدا یەك ناگرێتەوە، چونکە ئەم ئەنجومەنە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفت وململانێیانە دامەزراوە کە لە نێوان دەوڵەتانی ئەندامدا ڕوودەدەن وسیاسەتی حکومەتی ئەم دەوڵەتانەیان بەسەردا زاڵە نەك گەلەکانیان، هەمووشی بەهۆی ئەو جەختانەوەیە کە لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەربارەی نەشیاوی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی ئەندامەوە کراون.

دانانی ناوچەیەكی دژە فڕین، لە باكووری پانە هێڵی ٣٦ وگرتنەوەی خاكی هەمان ناوچەش بۆ پاراستنی و، دانانی چوارچێوەیەكێ وپەرەپێدانی "پرۆڤاید كومفورت" كە بۆ پارێزگاریكردنی كورد لە باكووری عێراقدا، بە بڕیارێكی لایەنە سەرەكییەكانی خۆرئاوای هاوپەیمانان، نەكێ بە بڕیارێكی ئاشكرای هەموویان پێكەوە، یان بەبڕیارێكی ئەنجومەنی ئاسایش ڕێی پێدرابێت. ئەوانەش كە پارێزگارێتییەكەی ناوچەكەیان دانا، سووربوون لەسەر بەستنەوەی سەپاندنی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایشی تایبەت بە پارێزگاریكردنی مرۆڤانەی گەلی عێراق "بە ئاماژەكردنێكی بێپەردەی كوردەوە".

تێبینی ئەوەش دەكرێت كە ئەنجومەنی ئاسایش وهاوپەیمانانی بەشدار لە "پرۆڤاید كۆمفۆرت" دا، ئیشیان بۆ بلاوكردنەوەی چاودێرانی نێودەوڵەتی بە ناوچە كوردییە پارێزراوەكەو، ناوچەكانی دی ژێر دەستەلاتی ڕژێمی عێراق نەكرد، تا دەوڵەتانی بەشدار، لەسەروو هەموویانەوە وولاتەیەكگرتووەكان، خۆیان لە هەر هەنگاوێك كە یەكێتی عێراق بشێوێنێ، دووربخەنەوە، لە دانانی گەمارۆ ئابوورییەكەی عێراقیشدا، هەر ئەو بۆچوونە بەدیاركەوت، كە دەبوایە گەمارۆكە نەیگرتایەتەوە، چونكە لە ژێرسایەی بەغدادا نەبوو،كەچی داواكارییەكەی كورد بۆ لابردنی گەمارۆ ئابوورییەكەی سەر ناوچەكەیان، كە لەژێر دەستەلاتی ڕژێمدا نییەو، لایەن ودەزگا ناحكومەتییە نێو دەوڵەتییەكانیش پشتگیریانكرد، لەبەر هەمان هۆ سەرنەكەوت. هەموو ئەوانە وادەگەێنن كە ئەم دەوڵەتانە ئەوەندەی بایەخ بە بەرژەوەندی خۆیان دەدەن، كە بە بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەكەوە بەندە، ئەوەندە بایەخ بە گرفتی كورد نادەن. ئەویش لەوەدا دەركەوت، كاتێك ناوچەكە كەوتە بەر هێرشی دەوڵەتانی ناوچەو عێراق، بۆ ڕێگرتنیان نەبزوان، بگرە لایەنگیری چوونە ناوەوەی سوپای توركیایان بۆ ناو خاكی كوردستانی عێراق كرد.

دیدو بۆچوونی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە مەسەلەی كورددا، وەكێ كێشەی گەلێكی تەواو، كە لە سەدە كۆنەكانەوەو تا ئێستاش لەسەر خاكی خۆیدا دەژی ناتەواوە، هەندێ جار لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە تێیدەڕوانێت و، هەوڵی چارەسەری ئەو ئاسەوارانە دەدا كە لە ئەنجامی زۆرو ستەمی تیرەگەرێتییەوە، لەم یان لەو بەشی كوردستاندا بەرامبەر بە كورد دەكرێن. كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ودەزگاكانی، ئێستاشی لەسەر بێ، بە چەمكی سیاسیانە، وەكێ كێشەی گەلێك لە گەلانی تری سەر گۆی زەوی، سەیری ناكەن، كە خۆیان چارەنووسیان دیاریبكەن، جا ئەو چارەنووسە بە دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆبێ، كە ئەمیان مافی جیابوونەوەی بەشێك یان چەند بەشێكی كوردستانە لەم دەوڵەتانەی كە ئێستا هەن، وەكێ چۆن لە چیكۆسلۆڤاكیا ڕوویدا، یان لەڕێی یەكێتییەكی ئارەزوومەندانەوە، لەچوارچێوەی دەوڵەتێكی فیدرالیدا، یان یەكێتییەكی كۆنفدرالیانەدا بێت. پەرلەمانی كوردستانی عێراق لە بڕیارێكی ١٤ ی تشرینی یەكەمی ١٩٩٢

یدا، بە تێکڕای دەنگ شێوە فیدراڵی پێشنیارکرد، ئەوەش وا دەگەێنێت کە دەنگی بەمانەوەی لە قەوارەی عێراقدا داوە، بەڵام بەشێوەیەکی نوێ، کە بە یەکێتی ئارەزوومەندانەی دوو هەرێمەوە بەندبێت: هەرێمی کوردستان، بەو ناوچە کوردیانەشەوە کە هێشتا لە ژێر دەستەڵاتی ڕژێمدایەو تووشی سیاسەتی پاکژکردنی ڕەگەزایەتی هاتووە، لەگەڵ هەرێمێکی عەرەبیدا، کە بەشە عەرەبەکەی عێراق بگرێتەوە، بێگومان دەشکرێ هەردوو هەرێمەکە یان یەکێکیان بە جۆرێک بەشبکرێت، کە بە شێوەیەکی نانێوەندیانە بەڕێوە ببرێت، یان تەنانەت ئۆتۆنۆمیشیان هەبێت..

هەواڵنامەی کتێب

ئـــازاد قـــەزاز

# خوێندنەوەو بە ئاکام کردنی پڕۆژەی ژیاری قەیرانی ئیسلامی یەکان

ئالتوسیر دەڵێ: خوێندنەوەیەکی بەریئانە لە هیچ کوێدا نیە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە خوێندنەوەکە بە غەرەزەوە نەخوێندرێتەوە، دەنا خوێندنەوەی بەریئانە کارێکی ئاسان نیە، چونکە عەقڵێکی سپی و سادە لە بنەڕەتدا بوونی نیە هەر وەک "کانت" دەڵێ، بۆیە خوێندنەوەیەکی بەریئو بێ کارتێکراو ئارادەیەک ئەستەمە. ئەبستۆلۆژیا بەرهەمی خوێندنەوەیەکی غەرەزدارە، ئەبستمۆلۆژیا خوێندنەوەیەکی بابەتیانەیە، بەڵام ئیدۆلۆژیا خوێندنەویەکی زاتیانەیە، ئەبستمۆلۆژیا خوێندنەوەیەکی بەبەرو بە پیتە، ئیدۆلۆژیا خوێندنەویەکی بێبەرو وشکە. چالاکی خوێندنەوەو مەعریفە چالاکیەکی دیالەکتیکی بە پیت ودروستکەرە لە نێوان خود وبابەتدا، خوێندنەوەیەکە لە دوو گۆشە نیگای مێژوو و هەنوکەوە ڕوودەدات، کە پرۆسەیەکی بەردەوامی دووبارە بووەوەیە لە نێوان ئەسڵ و ئامانج یا دەلالەت و واتا. (ئەمە ئەوە ناگەینێت کە مێژوو و هەنوکە یان ڕابوردوو و ئێستا بوونی سەربەخۆی خۆیان نەبێت، ڕابردوو کە لەناو مێژوودا دەخوێنرێتەوە بەواتای ئەنتۆلۆژی بوونی سەربەخۆی خۆی هەیە، بەڵام بەواتا ئەبستۆلۆژیەکەی لە هەنوکەدا بەردەوامەو ئێستاش پێک دەهێنێت"[1]). بۆیە ڕابردوو لەناو پێکهاتەی دەروونی گشت تاکێکدا ئاسەواری خۆی هەیە و لەکۆنەستی کۆمەڵگادا ڕۆڵی خۆی دەبینێت و لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتیدا شوێنەواری دەنەخشێنێت، قورئان دەیەوێت پرۆسەی خوێندنەوە چالاکیەکی مەعریفانەبێت، یەکەم وشەی قورئان کە دەست پێدەکات دەڵێ "بخوێنە"! کەسێکی وەک "موحەمەد"ی نەخوێندەوار چی دەتوانێ بخوێنێتەوە، جگە لەوەی هیچ نوسراوێکی لەبەردەستدا نەبووە تا بیخوێنێتەوە، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ من خوێندەوارنیم، ئەویش سوورە لەسەر ئەوەی کە دەبێ بخوێنێتەوە، موحەمەدیش بە حەپەساویەوە دەڵێ ئاخر من خوێندەوار نیم ! دیارە لێرەدا مەبەستی خوێندنەوەی پیت و وشە نیە، بەڵکو پێنج هەستی هەیە بە چاودێری عەقڵی پێی بخوێنێتەوە، هەروەک ئەوەش ئاشکرایە کە موحەمەد لە چاو ئەو خەڵکانەی دەوروبەری مەعریفانە ڕوانیویەتیە بیروبۆچون و داب ونەریتی کۆمەڵگای خۆی، هوشیارانە تەئەمولی کردووە، بەپێناسەی "کۆڵن

ویلسن" موحەمەد کەسێکی "لامونتەمی" بووە، یا بە تەعبیری وجودی "نامۆ" بووە لە کۆمەڵگای خۆیدا.

یەکەم سورەت کە قورئانی لێ پێک دێت، بابەتیانە گەردوون وزانست و واقعی ژیان دەخاتەڕوو، یەکەم وشە دەڵێ بخوێنە! ئەوەی دروستم کردووە لە ڕێی خوێندنەوەوە دەیناسیت. ئەبستمۆلۆژیا زانستی ناسینە، بابەتی ئەم زانستە ژیان ومرۆڤ و بوونەوەرە، وەسیلەی ئەم خوێندنەوەیە زانست وقەڵەمە، پاشان ئاماژە بۆ سروشتی مرۆڤ دەکات، زەقترین سیفەتی مرۆڤ ئاشکرا دەکات کە تاک وکۆمەڵ بە درێژایی مێژوو پێوەی گیرۆدەبوون ئەویش "من، خۆم، ئەم دنیایە بە تەنها بۆخۆمە، هی خۆمە. لە من زیاتر نیە، ئەو! نایناسم، ئەوی دی بوونی نیە، هەر کەس نیە" ئەم سیفەتە سەرچاوەی گشت تراژیدیایەکە، ڕەگی خۆپەرستی ودیکتاتۆرو گشت ستەمێکە، (كلا إنّ ألأنسان لَيَطْغى أن رآه آستغنى).

یەکێک لەو واتایانەی بۆ وشەی " قرآ ن" لێکدراوەتەوە، ئەوەیە کە لە ڕەگی "قرأة" وەرگیراوە، واتە خوێندنەوە. کەواتە قورئان بەم واتایە تەنها پیت و وشە نیە بۆ پیرۆزی وبەرەکەت بخوێنرێتەوە، بەڵکو ڕێگایەکە یان شێوازێکە لە خوێندنەوە بۆ بوونەوەر، خوێنەرانی هاندەدات بە شێوازێکی تر لە خوێندنەوە بەشداری لە دروستکردنی مێژوو بکەن، بەم ڕوانینە قورئانیش پارادایمێکە بۆ خوێندنەوەیەکی مەعریفیانەی بوونەوەر وگەردوون وژیان. زانستیش هەر بەخشینی پارادایمی جۆراوجۆرە بۆ خوێندنەوەو هەر یەکەو لە گۆشەنیگایەکەوە بوونەوەر دەخوێنێتەوە. قورئان دەڵێ: مرۆگەل! بخوێننەوە، وردببنەوە، زانستیانە بکۆڵنەوە تا بزانن چیم دروستکردووە: إقرأ بآسْمِ ربِّكَ آلّذي خَلَقَ. وشەی خلق لەم سورەتەدا پڕاوپڕ دەگەڕێتەوە بە هەبوون وبوونەوە. بە مادەو نامادەوە، بە شتەکان وکەینونەوە. کە دەڵێ بخوێنە، واتە بوونەوەر، مرۆڤ، مێژوو، واقع وڕووداو بخوێنەوە. لێرەدا بخوێنە ئەوە ناگەیەنێت وەرە ! پیت و وشەو ئایەتەکانی قورئان بۆ خێرو بەرەکەت بخوێنەوە، چونکە خوێندنەوەی لەم چەشنە هیچ گۆڕانکارییەک لە واقع ولە ژیاندا بەدی ناهێنێت. لە شوێنێکی تردا قورئان ناسینی هەق دەباتەوە سەر ڕێگای ناسینی بوونەوەر. بوونەوەر بە هەردوو لایەنە فیزیکی ونافیزیکیەکەیەوە، یا لایەنە بایەلۆژی و سایکۆلۆژیەکەیەوە. ئایەتەکە دەڵێ: سَنُريهمْ آياتِنا في ألآفاق وفي أنفُسِهِمْ حتى يَتَبيَّنَ لَهمْ أنّهُ آ لْحقّ.

لێرەدا دوو وشەی (آفاق و أنفسْ) واتە ئاسۆ ودەروون، شت وکەینونە، مەزهەرو جەوهەر. گشت شتێک کەوتە دەرەوەی مرۆڤ بە جەستەی مرۆڤ خۆیشیەوە ئەوە دەکەوێتە چوارچێوەی ئافاقەوە. بەڵام ناخ ودەروونی مرۆڤ کە جەوهەرو ماهیەتیەتی، ئەوە تەنها مرۆڤە خاوەنیەتی و تەنها مرۆڤە لەو کلاوڕۆژنەیەوە خۆی تەحقیق دەکات وسایکۆلۆژیاش لێی

دەکوڵێتەوە. هەموو شتێک "تملک" دەکرێت تەنها مرۆڤە "تملک" ناکرێت. هەرکاتێک مرۆڤ تملک کرا ئەوە بۆتە شت ولە جەوهەری مرۆڤایەتیەکەی دارنراوە. تا مرۆڤ کەینونەتی خۆی وەدی بێنێت ئەوە بایەخی مرۆڤایەتی خۆی دەهێنێتەوە، تاوەکو مرۆڤ لە کەینونەتی خۆی دوورکەوێتەوە بەرەو شت بوون دەچێتەو.

"ئەریک فرۆم" لەم بوارەدا تەنانەت جیاوازی لەنێوان باوەڕکردنیشدا کردووە. کە جیاوازی لە نێوان باوەڕی تملک وکەینونیدا دەکات. باوەڕی تملک ی دەبێتەوە بەشت و باوەڕی کەینونی مرۆڤ دەگەیەنێتە چلە پۆپەی مرۆڤایەتی، دەڵێ: (باوەڕ لە شێوازی تملک ی دا گاڵۆکێکە بەدەستی ئەو کەسانەوەیە کە وێڵی یەقینێکن ودەیانەوێ واتایەک بە ژیان ببەخشن، بێ ئەوەی خۆیان بوێرن بە شوێنیدا بگەڕێن ... بەڵام بڕواهێنان لە شێوازی کەینونیدا بەپلەی یەکەم ڕوو وەرگێڕانە بەناو ناخی خۆداو هەڵوێستەیە، چاکتر وایە بڵێین کە باوەڕدار ئەوەتا لە حاڵەتی باوەڕدایە نەک خاوەن باوەڕ "٢").

"أنفس" ناخی مرۆڤە، ئەو بەشە نادیارەیە کە جیهانێکی هێندە فراوان وبێ سنوورە، بە درێژایی مێژوو سایکۆلۆژیستەکانی سەرسام کردووە، هەر ناگاتە بنی ئەو دەریا بێ بنەو ئەو ئاسمانە بێ سنوورە. دەشێ ڕۆژێ لە ڕۆژان مرۆڤ بگاتە سنووری گەردوون، بەڵام هەرگیز سنووری دەروونی مرۆڤایەتی نادۆزنەوە.

لێرەوەیە تێدەگەین بۆچی قورئان، گەردوون بەم مەزنی وفراوانیەوە لە بەرامبەر ناخ ودەروونی مرۆڤەوە باسی دەکات و لەم دەروازەیەشەوە گڕی مەعریفەی خواناسین جۆش دەدات. لەگەڵ بەسەرچوونی ڕۆژدا، مرۆناسی (سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا) وگەردووناسی، فراوانترو بەرەو پێشتر دەچێت، قورئان پێشیان لێدەگرێت کە دەڵێ: ( إِنَّما يخشى ٱللهَ مِن عبادِهِ ٱلعلماءُ ) لێرەدا ئەم ئایەتە دەڵێ ئەو کەسەی هەست بە مەزنێتی خوا دەکات وگڕی عەشقی سۆفیەتی تیایدا دەگەشێتەوە ئەوە زاناکانن، هەر لە سیاقی ئایەتەکەدا ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کام زانایانە وا بەعەشقی خودا مەستن: ( أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللهَ أنزَلَ مِنَ ٱلسَّماءِ ماءً فَأَخرَجْنا بِهِ ثمراتٍ مختلفاً ألوانُها و مِنَ ٱلجبالِ جُدَدٌ بيضٌ و حُمُرٌ مُختلِفٌ ألوانها و غَرابيبُ سود، ومِنَ النّاسِ و الدَّوابِّ و الأنعام مختلِفٌ ألوانُهُ كذلِكَ، إِنَّما يَخشى اللهَ مِنْ عِبادِهِ العُلَماءُ). هەریەک لە وشەی (ئاسمان، ئاو، بەرووبوم، شاخ، ڕەنگ، مرۆڤ، گیاندار، ئاژەڵ) بابەتی زانستێکن.

بخوێنە! وشەیەکە ڕۆحێکی مەزن وپیرۆزی تێوەئاڵاوە. وشەیەکە کە لەناخی مرۆڤ جێگیربوو، دەروون دەهەژێنێت، مرۆڤایەتی دەگۆڕێت، دەورووبەر بەرەو چاکتر دەبات. قورئان خۆی جۆرێکە لە خوێندنەوە، خوێندنەوە بەو واتایەی پرۆسێسێکی سایکۆلۆژیانەیەو

شێوازێکی تایبەت لە خوێندنەوەی بوونەوەر، گەردوون، بوون، ڕووداو، مێژوو، واقع، جیهان بە خوێنەرەکەی دەبەخشێت و دەیکاتە خاوەن سەقافەتێکی ئەوتۆ کە بچێتە ناو مێژووەوەو تیایدا کاریگەربێت.

بۆئەوەی لەم جۆرە خوێندنەوەیە تێبگەین ئاوڕێک لە پێناسەکەی "کارڵ یۆنگ" ئەدەینەوە سەبارەت بە "خود یا من". دەڵێت: "من ـ أنا" دورگەیەکی چکۆلانەیە لەناو کایەیەکی بێ سنووردا کە بریتیە لە "نەست ـ لاشعور". "مالك بن نبی" دەڵێ: (بۆئەوەی لەم پێناسەیە چاکتر تێبگەین، دەبێ توخمێکی تری بۆ زیاد بکەین، دەڵێ: ئەو دوورگە چکۆلانەیە "من" ڕووناکیەکی هەلگرتووە، بە تیشکەکەی چواردەوری خۆی ڕووناك دەکاتەوە، ئەو ڕووناکیەش "هەست ـ شعور"مانە، ئەو ڕووبەرەش کە ڕووناکی دەیگرێتەوە ئەویش کایەی هەستمانە "مجال شعورنا". هەرچی دەکەوێتە دەرەوەی ئەم کایەیە تاریکی دایدەپۆشێ ولەناو کایەی نەستدا نیشتووە، ئەو شتەیش لە جیهانی نەستدایە هێشتا لە دایك نەبووە و، سیمای ئەو شتە دیارینەکراوەو لەبەردەم هەستدا پەیدا نەبووە. واتە شتێکە ئامادەیە، لەوێدایە، بەڵام بوونێکی دیاریکراوی نیە "[٣]).

"مالك" بەردەوامە دەڵێ: بەگوێرەی هەست شت بوونی نیە، تا فکرەیەك لێوەی نەیێتەدی کە ببێتە بەڵگەی بوونی لەناو عەقلدا. هەرچی چووە ناو ناوچەی ڕووناك کە چواردەوری دوورگەی هەستی داوە، ئەوە دەبێتە بیرۆکەو دەچێتە ناو کایەی مەعریفەو دەچێتە ناو هەستەوە، ئەو ئامادەبووە کە لەناو نەستدابو دەبێتە هەبوویەکی ڕاستەقینەو سیمای ئەو شتە ڕوون وئاشکرا دەبێت وناوێکی لێ دەنێین. ئەم پرۆسەیە ئیدراککردنە، کە لە حزوورەوە لە نەستدا بەناو تووناوتوونی چواردەوری "من" دا شتێك دەخرێتە ناو هەستەوەو، ئەوسا "من" هەستی پێدەکات. "موحەمەد کوڕی جەریری تەبەری" دەڵێ: (قورئان چەند ڕستەیەکی نوسراون لە دوو توێی کتێبێکدا، خۆی نادوێ، خەڵکی پێی دەدوێن). "گارودی" دەڵێ: (خیتابی قورئان خیتابێکی سومبولی ومێژوویی یە، کاتێ کە لە بارو دۆخێکی زەمەنی دیاریکراودا وەڵامێکی داوەتەوە ئەوە بە تەئکید سرووشتێکی ئیلاهیە، بەڵام زەروورییە لە هەموو ساتێکدا ئامانجەکەی لێوەربگیرێت وهۆکەی بزانرێت، تا بتوانرێت لە گشت حاڵەتێکی نوێی تردا تەتبیق بکرێت"[٤]).

قورئان، دەستخستنێکی یان دەست تێوەردانێکی خوایە لە جووڵەی مێژوودا. گشت پەرتووکە پیرۆزەکانی پێش قورئانیش بۆ هەمان مەبەست بووە، بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوتی مێژوو ودیارکردنی ئامانجی ژیان بووە. دەتوانین بڵێین بە پەیامی قورئان هێڵە سەرەکیەکانی جووڵەی مێژوو وئامانجی ژیان کۆتایی هاتووە، بەڵام ڕووبەرو پانتاییەکی زۆر فراوان ماوەتەوە بۆ عەقلی مرۆڤ خۆی تا ئاڕاستەی مێژوو بەرەو کامڵی بەرێت. خودی مرۆڤ خۆی دەبێ بخوێنێتەوە ومێژوو دروست بکات بەرەو ئامانجی سەرەکی بەرێت. قورئان دەیەوێت مرۆڤ فێری

خوێندنەوەیەکی ئەبستمۆلۆژیانەی مێژوو و ڕووداو و ژیان و واقع و بوونەوەر بکات، قورئان دەیەوێت مرۆڤ لە خوێندنەوەیەکی غەرەزدار و ئایدۆلۆژی بپارێزێت.

ئەم تێڕوانینە دەمانگەیێنێتە ئەو دەرنجامەی کە قورئان چەند پیت و وشەو تێکستێکن دەبێ لە پێناوی خزمەتی مرۆڤایەتیدا تەوزیف بکرێن، نەک بە پێچەوانەوە خەڵکی لەو پێناوەدا تەعبئە بکرێن. ئاین خۆی هۆکارێکە بۆ پێکەوە گرێدانی تاکەکانی کۆمەڵە، دەتوانێ کۆمەڵ بمەیێنێ، دەیەوێت ووزەی تاکەکانی کۆمەڵ بتەقێنێتەوە، بەواتایەکی تر ئەخلاقیاتێکی ئەوتۆ دەبەخشێت کە چووە ناو دەروونی تاکەکانەوە، دەچێتە گشت بوارەکانی ژیانەوە، هەر لە سیاسەتەوە تا ئابووری وزانست وفەلسەفەشەوە. لێرەوەیە ئاین وسیاسەت لە یەکتر جیانابنەوە، واتە گشت ئەم بوارانە ڕەوشتدار دەبن. خۆ ئەگەر بەوە لێکبدرێتەوە کە پیاوی ئایینی دەستەڵاتی بەدەست بێت ئەوە زۆر دوورە لە واقعەوە. ئەگەر پێناسەی سیاسەت وا بکەین: "سیاسەت شاشەیەکی سپییە بەسلوکی مرۆڤ پڕ دەکرێتەوە" ئەمە زیاتر ڕوون دەبێتەوە، چونکە سلوکی بێ ڕەوشت و سلوکی ڕەوشتداریش هەیە. کاری سەرەکی ئاین ئەوەیە کە سلوک ڕەوشتدار بکات، خۆ ئەگەر کەسێک درووشمی ئایینێکی هەڵگرتبێت و طقوسەکانی جێ بەجێبکات بەمە نابێتە دیندار یان ڕەوشتدار. لە هەمان کاتدا دەتوانرێ تێکستی ئەم پەرتوکە پیرۆزانە لە دژی بەرژەوەندی کۆمەڵ تەوزیف بکرێت. جۆری خوێندنەوەکەیە ئەو ئاراستەیە دەگۆڕێت، خوێندنەوەکە ئەبستمۆلۆژیانەیە یا ئایدۆلۆژیانەیە.

"ئەریک فرۆم" تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە ئاین دەتوانێ ڕۆڵێکی مەزن بگێرێت لە گۆڕان و چاککردنی کۆمەڵگادا: (پاڵنەرە ئایینیەکان سەرچاوەیەکی وزەی وەگەڕخەری پیاوان و ژنانن بۆ وەدەستهێنانی گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لەناو کۆمەڵگادا، ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە مەحاڵ بێت کۆمەڵگایەکی نوێ پەیدابێت، گەر گۆڕانکاریەکی قووڵ لە ویژدان و ناخی مرۆڤایەتیدا ڕوونەدات گەر شتێکی نوێ پەیدا نەبێت کە خەڵکی ژیانی خۆیانیانی بۆ تەرخان نەکەن و جێگای ئەوەی هەنوکە نەگرێتەوە "٥").

جا ئەگەر قورئان خوێندنەوە لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری لەم چەشنەی دروست نەکردبوو، ژیانی ئاسودە نەکردبوو، باری سیاسی کۆمەڵگای دیموکراتیزە نەکردبوو، دەستەڵاتداری وەک مرۆڤێکی ئاسایی لێ نەکردبوو، دیکتاتۆری بنەبڕ نەکردبوو، بەکورتیەکەی ئەگەر ناخی تاکەکانی نەگۆڕی بوو و تا دیوی دەرەوەشیان بگۆڕێت، ئەمە مانای وایە قورئانیان نەخوێندۆتەوە، پیت و وشەو تێکستیان بۆ پیرۆزی و موفەڕک خوێندۆتەوە. ئەو قورئان خوێنانە خودی خۆیان خوێندۆتەوە، قورئانیان نەخوێندۆتەوە، ئەو خودەی بەرهەمی ئەو کۆمەڵە دواکەوتووەیە، واتە

ئەو پاڵنەرە نەستیانەیە پێیان خوێندۆتەوە کە چەندین ساڵە لە نەستەکۆ و نەستەتاکی ئەو خوێنەرانەدا کەڵەکە بووە. ئیتر خوێندنەوەکە بۆتە خوێندنەوەیەکی ئایدۆلۆژی و سلبی و بێ بەرهەم، بۆیەشە دەوروبەری نەگۆڕیوە. خوێندنەوەیەک بووە هیچ پەیوەندییەکی بەناخی خوێنەرەکەیەوە نەبووە، خوێندنەویەک بووە لەچاو بەولاوە تێپەڕی نەکردووە، خوێندنەوەکە سایکۆلۆژیانە نەبووە، مۆرفۆلۆژیانە بووە، گۆڕانێکی کیمیایی لە ناخدا دروست نەکردووە، گۆڕانێکی فیزیایی لە مەزهەبدا دروست کردووە. ئەمەش بەڵگەیە کە قورئان هێشتا لە ناو کایەی نەستدایە و نەچۆتە ناو کایەی هەست و بەر تیشکی عەقڵ. دیسانەوە نەبۆتە فکرەیەکی بزوێنەری کۆمەڵگا، ئایەتەکانی قورئان دەڵێنەوە بەڵام ڕۆحی قورئانیان بیرچۆتەوە، دەبنە دیلی تێکستەکان وناتوانن بە جورئەتەوە تێکستەکان لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا تەوزیف بکەن. بۆیە سلوک کە پەیوەستە بە ناخی مرۆڤەوەو هاوشانی باری سایکۆلۆژییەتی، جیا دەبێتەوە لەو خوێندنەویە، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت بەشدارە لە وێرانکردن و داتەپینی کۆمەڵگادا، قورئانیش ئاماژە بۆ ئەمە دەکات کە دەڵێت: ( ألَّذينَ ضَلَّ سَعيُهُم في آلحياة آلدُّنيا وَهُمْ يَحسَبونَ أنَّهُمْ يُحسِنونَ صُنْعاً).

خوێنەرانی قورئان دەبوایە کاری سەرەکیان گۆڕینی دەروون بوایە و "فەزیلەت"یان لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵدا زیندوو کردایەتەوە تا هەر مرۆڤێک لە ناخی خۆیدا هەستی بە کەرامەتی خۆی بکردایە و ئەخلاق لە گشت لایەکەوە ڕەنگی بدایەتەوە، ئەو ئەخلاقەی سنوور دادەنێ بۆ هەموو کارێکی نامرۆڤانە، ئەو ئەخلاقەی گشت مرۆڤێک بەیەک چاو سەیر دەکات، ئەو ئەخلاقەی هیچ مرۆڤێک لەوی دی بە پیرۆزترو بەرزتر سەیرناکات، ئەو ئەخلاقەی کە یاسا باڵادەست دەکات و مرۆڤ هەرکێ بێ لە ئاستیدا مل کەچ بێت. کاری دینداری پێش هەموو شتێک دواندنە لەگەڵ ناخ و دەروونی مرۆڤ، تا ئەو ناخە بە ئاقارێکدا بەرێت کە تینووی حەقیقەت بێت و چی دی بەدروشم و وشەی جوانی بێ ناوەڕۆک چەواشە نەبێت. هەق بناسە با ئەهلی هەقیش بناسیت. ئا لێرەوەیە، لەم خاڵەوەیە، پەرەسەندن و پێشکەوتن و چاکسازی دەستپێدەکات. واتە لە ئەخلاقەوە، لە ئەخلاقێکەوە کە لە ناخەوە هەڵقوڵابێت، ئەو ئەخلاقەی لە هەر کۆمەڵگایەکدا سەری هەڵدا ئەوە ڕێگەی خۆدۆزینەوەو ئاشتی و بەختەوەرییە، ئێمە لە جیهانێکدا ونبووین کە بۆسڵەی ئاراستە دۆزینەوەمان ئەخلاقە. یاساکانی جیهانی ئەخلاق یاسایەکن بەتەواوی سەربەخۆن، ئەم یاسایانە کاتی نین، وەک ئەو یاسایانەی کە مرۆڤ خۆی دایدەنێت. یاسای ئەخلاق بۆ هەمیشەیی نرخ و بەهایان دەمێنێتەوە. یاساکانی ئەخلاق لە ناخ وگیانی گشت کەسێکدایە، حەقیقەت لەناو خودی خۆماندا سەنتەرێکی کەرامەت و ڕێزی مرۆڤایەتی حەشاردراوە، لەوێدایە حەقیقەت، لە وێدایە ئەخلاق. لێرەوەیە کۆمەڵ پێکدێت و لەم

سەرەتایەوەیە ژیاری دەستپێدەکات. وەک "ئەریک فرۆم" دەڵێت: (دەستەڵاتی ویژدان، لە گشت دەستەڵاتێکی تری دەرەکی بەتینترە، چونکە تاک هەست دەکات ئەو فەرمانە ئەخلاقییە لەناخی خۆیەوە دەردەچێت بۆخۆی چۆن کەسێک دەتوانێ سەرپێچی لە خودی خۆی بکات"٦").

لەناو کۆمەڵگادا دوو جۆرە ئامادەگی "استعداد" تاکەکانی دەجولێنێت، ئامادەگی "تملک"ی و ئامادەگی "کینونی" ین. ڕەگی ئەم دوو ئیستعدادە لەناو ناخی مرۆڤدا ڕیشەی داکوتاوە، وەک قورئان دەڵێ:(وَنَفسٍ وما سوّاها فألْهَمَها فُجورَها وتَقْواها ). کاری دینداری ئەوەیە هەمیشە کەینونەت بتەقێنێتەوە، یان دینداری بە کەینونی بوونە. تاکی کەینونیە کۆمەڵگای کەینونی دروست دەکات، ئەو کۆمەڵگایەی بەبێ موجامەلە هاوبەشی خەم و ئازارەکانی یەکترن، ئەو کۆمەڵگایەی دەستەڵاتدارو بێ دەستەڵات بەیەک چاو سەیر دەکات، کەینونەت و هاوبەشی هەست و نەست و ئازاری یەکدی دوانەن لێک جیا نابنەوە. تەمەلوک و شتەکانیش دوانەن لێک جیا نابنەوە. "فرۆم" دیسانەوە دەڵێت: (ئەو چێژو خۆشی هاوبەشی کردنەی یەکترە کە لە پەیوەندی نێوان دوو کەسدا حەیەوییەت دروست دەکات، هەر ئەو بنەمایەشە گشت ئایین و بزاڤە سیاسی وفەلسەفیە مەزنەکانی لەسەر بنیاتنراوە. هەرکاتێک ئەم بزاڤانە دووچاری دۆگماو تەحەجور بوون، ئەوە ئیتر بیرۆکراسییە حوکم دەکات، خەلکی بەهەرەشەو گورەشە بەڕێوەدەبەن، ئەو کاتە ئەو هاوبەشە کەینونیە دەگۆڕێت بۆ هاوبەشی لە شتومەکدا "٧").

قورئان خوێنەکان دەبوایە کاری سەرەکیان دامەزراندن و چەسپاندنی ئەم چەشنە ئەخلاقیەتە بوایە، ئەخلاقیەتێکی ئاوا لەم چەشنەیان بخستبایەتە ناو گشت پارت وڕێکخراوو گروپێکەوە و ببوایەتە مایەی تووڕەیی و شالاوی جەماوەر، کە هێزی جەماوەر تاقە ڕێگرە لە زیادەڕەوی و دیکتاتۆرییەتی حاکمەکان. کەچی ئەوانیش خۆیان فڕێدایە ناو گەمەی سیاسی و دەستیان دایە ململانێی دەسەلات. من لەم بۆچوونەمدا نامەوێ ئەوە بسەلمێنم کە سیاسەت بۆ قورئان خوێن حەرامە، یان ئیسلامی گوناهە خەریکی سیاسەت بێت، من نامەوێ ئەمە بلێم وەک هەندێک دەیلێن، بەلکو باس لە ئەولەویەت دەکەم. گەر گەمەیەک مراعاتی هیچ جۆرە بنەمایەکی ئەخلاقی نەکات، دینداری چ کاری بە وێدا هەیە، کە دیندار ئەخلاقی دۆڕاند ئیتر بانگەشە بۆچی و بۆکێ دەکات. بەتایبەتی لە ولاتانی دواکەوتووی ڕۆژهەلات تۆزقالێک ئەخلاق لە سیاسەتدا نەماوە جگە لە بەرژەوەندی دەستەلاتدار هیچ یاساو ئەخلاقێک تەحەکوم بەو سیاسەتە ناکات. لەو سیاسەتە دەچێت کە لە سەردەمی نازیەکاندا پیادەدەکرا. هەر وەک "ویلهلم رایش" سایکۆلۆجستی دەروونشیتەلی وەسفی ئەو سیاسەتە دەکات (سیاسەتمەدار سەرەتانی جەستەی

کۆمەڵگایە، هیوای مرۆڤایەتی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە سنوورێک بۆ گشت گەمە سیاسیەکان دابنرێت، خۆ بۆ چالاکی زانستی بەربەخش تەرخان بکرێت "٨").

دەستەڵاتگرتنە دەست بۆ کەس حەرام نیە، هەڵی دەستەڵاتگرتنە دەست دەبێ بۆ گشت کەس وکۆمەڵ وپارتێک وەک یەک بێت. بەڵام دیندار دەبێ شەیدای چ جۆرە دەستەڵاتێک بێت! گەر دینداری وەک "گارودی" دەڵێ: (هوشیارییەک بێت لەناخەوە) ئەوە دەبێت دیندار شەیدای دەستەڵاتێک بێت کە لە خودی خۆیەوە هەڵقولابێت. "فرۆم" لێرەدا ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە دەڵێ: (ئاخۆ کەسێک خاوەن دەستەڵاتبێت یان خۆی خودی دەستەڵات بێت؟ دەستەڵاتەکە بە عەقلانی بێت یان ناعەقلانی بێت؟ دەستەڵاتی عەقلانی بناغەکەی کەفائەت وتوانستە. هێزێکە لەناخەوە هەڵدەقوڵێت، یارمەتدەری گەشەو پەرەسەندنە، دەستەڵاتی ناعەقلانی بناغەکەی هێزە، غەریزەیە، بۆ ئیسستغلال کردنی ژێردەستەکانی بەکاری دێنێت "٩").

سیاسەت لە ڕۆژهەڵات هیچ پەیوەندیەکی بە ڕەوشتەوە نەماوە. تەنها حساب بۆ قازانج، بردنەوە و دەستەڵات دەکرێت. ماف تەنها بۆ بەهێزترینیانە. خاوەنشکۆ، پێشەوا، ئەوەیە کە بردوویەتەوە، دینداری بە پێچەوانەوە فێری ئەوەت دەکات ئامانج لە ژیاندا چییە. وەک گارودی دەڵێ: (٣ " ی قورئان باسی یاسا دەکات، ٥ " ی قورئان باسی سزا دەکات، ئەوی دی گشتیی باسی ئامانج، ڕەوشت، باوەڕ و پێکهێنانی کۆمەڵگا دەکات. ئەمجا پرسیار دەکات دەڵێ: ئەی بۆ قورئان نابێتە هێزێکی کاریگەر و دروستکەر لە ناو مێژوودا؟ بۆنمونەی پێشدەستی مێژوویی نا بەخشێت؟ لە وەڵامدا دەڵێ: چونکە ئەم شەریعەتە شێوێنراوە. لە گەشەکردن وەستێنراوە، چونکە قورئان بەچاوی مردووان دەخوێندرێتەوە "١٠"). بەو ئامانجەیە کەینونەتی خۆمان درووست دەکەین، نەک بە زیادکردنی مولکیەت و دەستەڵات. جیاوازی نێوان کەینونەت و تملک، جیاوازییە لە نێوان ئەو کۆمەڵگایەی کە تەوەرەی بنەڕەتی مرۆڤە بەڵام تەوەرەی ئەوی دی شمەکە، قورئان ئاماژە بەمە دەدات کە دەڵێ: ( وما أتيتُمْ من شيءٍ فمَتاعُ ألحياةِ ألدُّنيا و ماعِندَ " ِ خَيْرٌ و أبقى أفلا تَعقِلونَ "١١") بە ئاشکرا ئاماژە بۆ شت دەکات، ئەوە ڕووە ناشیرینەکەی دنیایە، دۆخێکی منداڵانەیە، ئەو قۆناغەیە کە منداڵ هێشتا دەرکی بە کەینونەتی خۆی نەکردووە، ئەو منداڵەیە کە هێشتا لاوازەو کەچی جگە لە خۆی کەسی تر ناناسێت، بەڵام ئەوەی لای خوایە کەینونەتە، گەورە بوونە، هەر وەک خۆی دەڵێ گوایە عەقڵتان بەمە ناشکێت، تاکەی گەورە نابن ! وشەی "عند الله" ناچێتەوە بۆ دنیاکەی ترو مەبەستی بەهەشت بێت. هەر لەم دنیایەدا ڕێگای خوا ڕێگایەکە کەینونیەو مرۆڤ بەرەو چڵەپۆپەی مرۆڤایەتی دەباتەوە. ئەبوایە قورئان خوێنەکان (ئیسلامیەکان) نمونەیەکی تریان لە پاڵەوانێتی یان نموونەی باڵا بخستایەتە ڕوو، تا خەڵکی بتوانن فسفس پاڵەوان و قارەمان لەیەک جیابکەنەوە، ئەو فسفس

پاڵەوانەی کە بەشمەکێ و دەستەڵاتی ناعەقلانی خۆی بە هێز دەکات و خەڵکی ڕەشۆکی بێ ژێر دەستە دەکات، ئەو فسفس پاڵەوانەی هەموو گیانی غەریزەی منداڵانەیە و لە ناخەوە ترسنۆکە و کەچی خۆی زۆر بە ئازاو جەسوور نیشان دەدات، ئەو پاڵەوانەی کە جەللادی جەماوەری خۆیەتی، ئەو جەللادەی بەبێ قوربانییەکانی ناژی وەکێ "فرۆم" دەڵێ: ئەوە گوزارشە لە پەککەوتەیی دەروونی کەسێکێ ناتوانێ بە تەنها بێت و بەزیندوویی بمێنێتەوە، هەوڵدانێکی بێ ئومێدانەیە، دەستخستنی دەستەڵاتێکی لاوەکی‌یە لەبری ئەو دەسەڵاتە ئەسیل و عەقلانییەی کە لە دەستی داوە "١٢"). تاوەکو دەرکەوێت کە ئەم جۆرە پاڵەوانانە بەرێکن بەبێ ناوکێ، مرۆڤێکی ناتەواون، هیچ کاتێکێ خۆی خودی خۆی نەبووە.

خوێندنەوەی قورئان بۆ ئەوەی کاریگەربێت، واتە مەعریفیانە بێت، گشت خوێندنەوەیەکی مەعریفیانە دینداریيە، دینداری گرنگە کە لە دڵ بەربوو گیانی دەکاتە پشکۆیەکێ و ئارامی لێ‌ئەبڕێت و گشت ژیانی کۆنترۆڵ دەکات تا بە حەقیقەت بگات، دیندار شەیدای حەقیقەتە، ژیان گشتێکە بە مەعریفە دەست پێدەکات، دینداری مەعریفەیەکە مرۆڤی پێ کامڵ دەبێت، لێرەوەیە قورئان ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێ گۆڕانکاری لە ناخەوە دەست پێدەکات: (إ نّ ا" لايُغَيِّر ما بقَوْمٍ حتّى يُغَيِّرُ ما بأنفُسِهِمْ ) ئەمە یاسایەکی نەگۆڕی کۆمەڵایەتیە. دەبوایە قورئان خوێنەکان ئەم یاسا نەگۆڕانە زەق و زیندووکەنەوە، کە ئایەتێکی ئەم چەشنە ئەخوێنێتەوە، ئیتر دەبێ قورئانەکە دانێت، بچێت بگەڕێت، بخوێنێتەوە تا بزانێت مەبەستی قورئان لێرەدا چیە! گۆڕانکاری بەوە نابێت ئیتر لەسەر قورئانەکە هەرگیز هەڵنەسێتەوە بۆ خێرو بەرەکەت هەر خەریکی خوێندنەوە بێت، دەبێ بکۆڵێتەوە بزانێ دەروون چیە؟ دەروون چی تێدایە؟ چی بگۆڕێت؟ ئەمەیان ئەرکی خوێنەری قورئانەکەیە، ئەرکی مرۆڤەکەیە. ناکرێ وناشێ بۆ هەتاهەتایە هەر ئایەتەکە بڵێتەوە، بێ ئەوەی ئاوڕێکێ لە خۆت وبوونەورو گەردوون وژیان بدەیتەوە. ئایەتێک لەم چەشنە فاکتەرێکە بەشداری دەکات لە هەنگاونانی یەکەم بۆ دامەزراندنی سایکۆلۆژیا، لەم دوو زانستەوەیە مرۆڤ و ناخی مرۆڤ، پێکهاتەی کۆمەڵ دەناسرێت، نەکێ ئایەتەکە. بۆنموونە گەلێکی وەکێ جوولەکە هەزاران ساڵ بەگشت جیهاندا پەرش وبلاو ببوونەوە، چۆن وبەچی لە نەبوونی خاکدا توانیان خاکێ و وڵات بۆ خۆیان دامەزرێنن. ئیسلامیەکان ئەوەندەی بەلایانەوە گرنگە کە بەرگری لەوە بکەن کە هەیانە هێندە هەمومی مەعریفیان نیە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەرپابکەن. گۆڕانکاری لەوێوە سەرهەڵدەدات کە گومان لەوەی هەتە بکەیت. "غەزالی" نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەو بانگەوازەی کرد (إذ الشُكوكُ هيَ الموصِلَةَ إلى آ لحقّ، فمَنْ لمْ يشُكَ لم ينظر فمَنْ لمْ يَنظُر لمْ يُبْصِرْ "١٣"). گومانە مرۆڤ دەگەیەنێتە

حەقیقەت، ئەوەی گومان نەکات ناڕوانێت و ناخوێنێتەوە، ئەوەش نەڕوانێت نابینێت. گاڕودی دەڵێ: (گرنگترین شت کە ئەورووپا بەخشیویەتی تەکنەلۆژیا نەبوو بەڵکو "ڕەخنە"بوو، ئەوەی ئەورووپا بەخشیویەتی لە سوقراتەوە تا کانت، لە کیارکیغاردەوە تا مارکس، لە نیتشەوە تا هوسرل، باوەڕ نەبوو، گومان بوو، قوڵی باوەڕ بە چەندیەتیئەو گومانە دەپێورێت کە لە ناخدا جێگیر بووە و پاشان بە تێکۆشان تێی دەپەڕێنێت "١٤"). قەیرانی ئیسلامیەکان لەوەدایە بیر ناکاتەوە هێندەی (تبشیر و تنذیر) دەکات، هێندەی خوتبە دەدات. "ئەبو زەید" دەڵێ: هاجسی ئایدیۆلۆژی لە ئیسلامیەکاندا زاڵە بەسەر خەمی مەعریفیدا، گرنگ نیە بەلایەوە ئەوە بزانێ کە نایزانێ، هەموو خەمەکانی لەوەدا کۆبۆتەوە کە تەبریر بۆ "مەعلوم و مەنقول و مەسموع" بێنێتەوە، ئەوان لە پێناوی دەق وسومبل ودروشمەکان دەژین، بۆیە سەرکەوتوو نەبوون لە دروستکردنی واقع وگۆڕینی دنیا، ئەوان ئەتوانن خەڵکی تەعبئەو لەشکرداری کەن، هەرگیز ناتوانن ژیان دامەزرێنن "١٥"). قورئان بە شێوازێکی تر ڕوو لە خوێنەرەکەی دەکات. گەر تۆ خاوەن ژیار بوویت، ئەو ژیارە ئەو حاڵە هەروا هەرەمەکی ولە خۆوە ئاوا نابێت تا گۆڕانکاری سلبی جارێکی تر لە ناخی خۆتاندا ڕوو نەداتەوە. "ئبن خەلدون" هەمان مەبەست دووبارە دەکاتەوە کە دەڵێ: "زوڵم وستەمە ژیاری لەناو دەبات". ئەو کاتەی موسڵمانەکان خاوەن ژیار بوون لە خۆوە ئاوانەبووە زوڵم وستەم ڕووخاندی. چوار سەدە پاش "خەلدون" "مونتسکیو" هەمان چەمک زانستیانەتر دووبارە دەکاتەوە کە دەڵێ: (گەر ئیمپراتۆریەتێک لە جەنگێکدا دەشکێ و ئیتر دەڕوخێ، ئەمە ئەوە دەگەینێت کە هۆکارو فاکتەری تری قوڵتر لەوەوبەر هەبووە تا ڕێبدات ئەم ئیمپراتۆریەتە لە یەک جەنگدا ئاوا بشکێت وئیتر هەڵنەسێتەوە "١٦"). ئەو ئایەتەی ئەم واتایە دەدات: (إن ا" لَمْ يَكُ مغيرًا نِعمةَ أنعمَها على قومٍ حتىَ يُغَيِّر ما بأنفسِهِمْ)، وشەی نیعمەت لێرەدا گشت کارو شتێکی چاک دەگەیەنێت، هەر لە دامەزراندنی ژیارییەوە تا دەگاتە لابردنی دڕێک لەبەر پێی خەڵکیدا. دەبوایە دروشمی " ما أ ريدُ إلا الأصلاحَ ما آ ستطعتُ" و"الجهاد في سبيل الله" ی هەڵنەگرتایە، بەڵکو دروشمی "حتى يغيِّر ما بأنفسهمْ"ی هەڵگرتایە. لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ژیاری سەرەتاکەی بەدینداری دەستپێدەکات کە لە ناخەوە هەڵدەقوڵێت، لەو ئەخلاقەوە کە لە پەیامێکەوە تەشەنە دەکات، ئەو کەسانەی لە دەوری ئەو پەیامە کۆدەبنەوە و دەبنە شەیدای هەق و ئەخلاق و مەبدەء. لەوێوە دەست بە ڕووخاندن دەکاتەوە کە خەڵکانی تری پاش ئەمان ئەو شەیدایە بۆ مەبدەء وعاشقێتیە بۆ ئەخلاق و حەقیقەت، تیایاندا کزدەبێت تا چۆراوگەی دێت و وشک دەبێت، کۆمەڵگای کەینونی دەبێتە کۆمەڵگای تملکی کۆمەڵگای ڕەوشت دەبێتە کۆمەڵگای شت.

"سیگمۆند فرۆید" ئاماژە بەوە دەکات کە غەریزە وەلانان فاکتەرێکی گرنگە لە پێکهێنانی ژیاریدا، بە حوکمی ئەوەی سایکۆلۆجیست بووە. لە توێژینەکانیدا گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامە، دەڵێ: "چەسپاندنی غەریزەکانمان بەشدارییەکی مەزنی کردووە لە دامەزراندنی ژیاریدا..." هەروەها کۆمەڵگاو ئاوابوونی ژیاری دەباتەوە بۆ ناخی مرۆڤ خۆی دەڵێ: (دوو جۆر پاڵنەری ناوەکی لەسیستەمی دەروونی مرۆڤ دا کاریگەرن، ئەوانیش پاڵنەری ـ أ لحذر ـ وە پاڵنەری ـ أللذة، هەرکاتێ مرۆڤ جڵەوی شل کرد بۆ ئارەزووەکانی بێ ئەوەی حەزەر بکات ئەوا زوو بەزوو سزاکەی وەردەگرێتەوە "١٧"). هەر کۆمەڵگایەک بووە کۆمەڵگای غەریزی ئەوە سزاکەی ئەوەیە کە ژیاری ئاوابووەو بۆتە جەنگەڵستان. قورئانیش هەر هەمان ئاماژە دەکات کە دەڵێت: "فليحذر اللذين يُخالفونَ عن أمرهِ أن تُصيبهُم فتنةٌ أو يصيبهُم عذاب أليم". سەرپێچی کردن لە فەرمانەکانی خوا سەرپێچی کردنە لەو یاسا کۆمەڵایەتیانەی کە ئەنجامەکەی فیتنەو ئازارو ئەشکەنجەیە. ئایین یەکەم ئامانجی لەم سەر زەوییە دامەزراندنی ژیارییە و بە مرۆیی کردنی مرۆڤە. "هیرمان کسرانج" لە کتێبی ـ ألبحث ألتحليلي لاوروپا ـ دا دەڵێ: (ئەو بنەما ئەخلاقیەی دەچێتە ناو مێژووەوە، ژیاری دروست دەکات "١٨"). "مالک" دەڵێ: ئەو پەیوەندییەی تێبینی کردووە کە لە نێوان ڕاپەڕینی ئایین و سەرهەڵدانی ژیارییدا هەیە، لە کتێبی ـ محمد و شرلمان ـ دا دەڵێ: (مەزنترین پایە کە ژیاری ئەوروپا خۆی لەسەر ڕاگرتووە ڕۆحە دینداریەکەیەتی) مەبەستیشم لەو ڕۆحە وەک "هەنری" دەڵێ: ئەو هەستە پڕ جۆشەیە کە لە ناخی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت و داهێنان و بۆچوون وپەیام گەیاندن لێوەی سەرهەڵدەدات، توانسێکی شاراوەی ئەوتۆیە کە دەتوانێ دەرک بە کێشەکان بکات "١٩"). هێزی پێکەوەنانی توخمەکانی ژیاری ئەوەتا لە جەوهەری دینداریدایە ئەو جەوهەرەی لەناو ئەخلاقدا دەژی، ئەو ئەخلاقەی لە ناخ و ویژدانی مرۆڤەوە تەوژم دەدات وفیکرێک لە دەروونمدا تۆمار دەکات کە وەرچەرخانی مێژوویی نیشان دەدات و تۆوی ژیاری چەکەرە دەکات، دەشێت ئەو ژیارییە بەردەوام بێت گەر مەرجەکانیشی بەردەوام بێت. مەبەست لێرەدا ئەوە نیە کە هیچ دەورێک بۆ ڕەوت وفیکرەکانی تر نەمێنێتەوە یان مەبەست لەوە زانستە ئاینیەکان بێت لەم گۆڕانکارییەدا، جەوهەری دینداری مەبەست ئەو فیکر و ئەخلاقەیە کە سەرەتای بزوێنەری کۆمەڵە، زانستەکانی ئەو فیکرەیە دوایی سەرهەڵدەدات، ئەو زانستانەش شیاوی گۆڕانکارین چونکە مرۆڤ دایدەنێت. ئەو گۆڕانە بەسەر ئەو مرۆڤەدا هاتووە دیسانەوە وای لێدێتەوە کەجارێکی تریش خۆی فیکرێکی تر بەرهەم بهێنێتەوە، جارێکی تر ئەو ئەخلاق وجەوهەرە لەگەڵ فیکری نوێدا، فەلسەفەو زانستی نوێی پڕ لە حەیەویەت، کۆمەڵ دەخاتە گەڕ و دەچنە ناو مێژوو.

"فرۆم" دەڵێ: (پرۆتستانتی وای لە تاک کرد کە بەتەنها بەرەو ڕووی خوا ببنەوە، ئەم نەزعە فەردانیە ڕۆحیە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە جیا نیە لەو نەزعە فەردانیەتە ئابووریەی کە ببووە باو، لە هەردوو حاڵەتەکەدا تەنها بوونەوەیەکە لە بەرەنگاربوونەوەدا بەرامبەر بە هێزێکی مەزن گوایە ئەو هێزە هێزی خوایە یان هێزی مونافیسەکانە یان هێزە ئابووریە نادیارەکانە، تاکبوونەوەی پەیوەندی بە خواوە ئامادەبوونێکی سایکۆلۆژی سروشتی تاک بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی تری لایەنەکانیکەی ژیان "٢٠"). فرۆید دیسانەوە تەئکیدی ئەوە دەکاتەوە کە ئایین وفیکر چۆن ڕۆڵی مەزن دەبینێت لە دامەزراندنی ژیاریدا، دەڵێ: (لەنێوان ئەو بیرانەی کە ژیاری پێکدەهێنێت و بەرزترین پلیکانەی بەهاکانی داگیرکردووە، بەپلەی یەکەم سیستەمە ئاینیەکانە و بەپلەی دووەم تێڕامانە فەلسەفیەکانە "٢١"). "فرۆم ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە دەسەڵاتی ویژدان و ناوەکی سەرەتا بووە لە دامەزراندنی کۆمەڵگای ئەورووپیدا کە دەڵێ: پەرەسەندنی بیری نوێ لە پرۆتستانتەوە تا فەلسەفەی کانت، دەتوانرێ وا وەسف بکرێت کە هەوڵی داوە دەسەڵاتی ناوەکی لە کۆمەڵگادا جێگای دەسەڵاتی دەرەکی بگرێتەوە "٢٢"). "ئارنۆڵد تۆینبی" فەیلەسوفی مێژوو هەمان مەبەست دووپات دەکاتەوە کە دەڵێ: (پرۆسەی تەسامی وزە شاراوەکانی کۆمەڵ لە کۆت وبەندەکان ئازاد دەکات، تا بتوانێ وەڵامی تەحەدداکان بداتەوە، ئەو وزە شاراوانەش ئەوەتان لە ناو ناخ ودەروونەکانن... وزەکانی کۆمەڵگا ڕۆحانین زیاتر لەوەی کە مادی بن "٢٣".) بوونی ئامانج لە ژیاندا کە ئەخلاق ودینداری دەیوروژێنێت گرنگیەکی مەزنی هەیە لە دروستکردنی مێژوودا. وەک "سبینوزا" دەڵێ: (حەکیم ئەو کەسەیە بیر لە ژیان دەکاتەوە نەک لە مردن). فرۆم باسی دەوری کەنیسەکان دەکات کە چۆن کاریگەربوون لە دروستکردنی ژیاری ئەورووپادا کە دەڵێ: کەنیسەکانی چاخەکانی ناوەڕاست تەئکیدی کەرامەتی مرۆڤ وئازادی ئیرادەی مرۆڤیان کردەوە ئەوەیان نیشان دا کە تێکۆشانی مرۆڤ کاریگەرە، وێکچوونی خوداو مرۆڤیشی دووپات کردەوە وئەوەش کە مرۆڤ متمانە بە خۆشەویستی خوا بکات. ئەو هەستە لە ناو خەڵکیدا تەشەنەی کرد کە گشتیان وەک یەکن و یەکسانن و هەمووشیان برای یەکن چونکە هەموو وەک یەکن لە ئاستی خوادا. لە دوادوایی چاخەکانی ناوەڕاستدا لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرەتای سەرمایەداریدا، شێواوی وشڵەژانێک دروست بوو، لە هەمان کاتدا ئەو ئیتیجاهانەش لە گەشەکردندا بوون کە ڕۆڵی ئیرادەو هەوڵەکانی مرۆڤی بە توندی تەئکید دەکردەوە. دەتوانین بڵێین کە هەر یەکە لە فەلسەفەی سەردەمی ئیسلاح وباوەڕی کاسۆلیک لە دوا چاخەکانی ناوەڕاستدا ڕەنگی ئەو ڕۆحە باوەی ئەو سەردەمەی دەدایەوە. بەڵام وتەو باوەڕی لۆسەر و کالفن (دوو نوێخوازی مەزهەبی کاسۆلیک بوون سەرچاوەیەک بوون لەو سەرچاوانەی لە گەشەی ئازادی سیاسی وڕۆحی لەناو کۆمەڵگای نوێ دا بەشداربوون "٢٤".) هەروەها "کسرلنج" دەڵێ:

"ڕۆحی مەسیحیەت و بنەما ئەخلاقیەکەی دوو پایەن ئەوروپا توانیویەتی سیادەی مێژوویی خۆی لەسەر بنێت) "تۆینبی" دەڵێ: (پرۆسەی تەسامی هەڵگری پێشکەوتنو ئیرتقای ڕاستەقینەی کۆمەڵە). ئیسلام کە بە بخوێنە دەستپێکرد و لەدڵی جیلی یەکەمدا چەسپا، ڕۆحانیەت و ئامانجێکی ئەوتۆی بەخشی، گشت عەشیرەت وقەبیلەو خێڵێکی لە بۆتەی مرۆڤبینیدا سازدا، لە نەوەکانی ترا وزەی عەقلانی و ڕۆحانی ئەوتۆی تەقاندەوە کە بووە مایەی چوونە ناو مێژووەوە گەر ئەو فیکرە دینیە نەبوایە تا ئێستاش عەرەب هەر لە سوچێکی زەویدا دەمانەوە کەس نەیدەناسین، جگە لەوەی کە گەل و نەتەوەی تری بزواند. عەقلانی وەک کەندی، فارابی، ئیبن سینا، غەزالی، ئیبن ڕوشد و ئیبن خەلدون، وڕۆحانیەتی وەک سەهرەوەردی و حەللاج و ئیبن عەرەبی و جەلالەدینی ڕۆمی و عوتتار و دەیان زانای تر لەبواری تری جیاجیادا بەرهەم دەهێنێت. هەروەک ژیاری ئەوروپا بە عەقلانیەتی دیکارت و کانت و هیگل و مارکس دەستپێدەکات و بە ڕۆحانیەتی جاندارک و دانتی وگۆتەو لۆسەر و کالفن ئاشنا دەکات، جگە لە زانایانی تر لە بوارە جیاجیاکانی تر.

لێرەویە دەڵێین موخابن دەبوایە ئیسلامیەکان ئەم پەیامەیان هەڵگرتایە، پەیامی زیندووکردنەوەی ژیارییەکی مردوو، پەیامی تەقاندنەوەی وزە عەقلی و ڕۆحی و ئەخلاقیەکان، ئەو پەیامەی دەسەڵاتێکی عەقلانی دروستدەکات، نەک ئەو دەسەڵاتەی دروشم دروستدەکات. چونکە لە جەوهەری کێشەکە لایانداوە، سەریان لە ڕیش و جل و بەرگەوە دەرهات، سەریان لە ئیسلامی سیاسیەوە دەرهات، ئەو سیاسەتەی کە لەشی جەماوەری کردۆتە کەلاکێک و مشەخۆرەکان تێیبەربوون.لە زەمینەی پەیام گەیاندنەوە، لە زەمینەی ئەخلاق و ناخەوە، خۆیان توڕدایە ناو تاریکستانی سیاسەتی ورگی نەهەنگەکەی یونسەوە، بۆیە دەبێ بە خۆیاندا بچنەوەو وەک ئەو بڵێن: (لاإله الآ أنتَ سُبحانَكَ اِني كُنتُ مِنَ ألظالمين). چونکە قورئانیان بە چاوێکی مردووانەوە خوێندۆتەوە، بە چاوێکی خەواڵووەوە وتۆتەوە، ئەوە ڕابوون نەبوو، ڕاچلەکین بوو.

## سەرچاوەکان


١. نقد الخطاب الدينى نصر حامد أبو زيد
٢. ألانسان بتن الجوهر والمظهر أرك فروم
٣. مشكلة الثقافة مالك بن نبى ترجمة عبدالصبور شاهتن ص ٢١
٤. الأسلام الحى روجيه غارودى ص٦٩
٥. الأنسان بتن الجوهر والمظهر ص ١٤١
٦. الخوف من الحرية أرك فروم ص١٣٦
٧. الأنسان بين الجوهر و المظهر أرك فروم ص ١٢٣
٨. رايش و التحليل النفسى ترجمة قيس خزعل عواد ص٨٦
٩. الأنسان بين الجوهر و المظهر
١٠. الأسلام الحى ص٦٦
١١. سورة ألقصص ٦٠
١٢. الخوف من الحرية ص١٣٢
١٣. معيار العلم في المنطق أبى حامد ألغزالى ص٢٥
١٤. حوار من أجل الحضارات روجيه غارودى ص٧٥
١٥. نقد الخطاب الدينى
١٦. حوار من أجل الحضارات ص٩١
١٧. قلق في الحضارة سيجموند فرويد
١٨. شروط النهضة مالك بن نبى ص٦٢
١٩. شروط النهضة مالك بن نبى
٢٠. ألخوف من الحرية ص٩٣
٢١. قلق في الحضارة ص ٤٨
٢٢. الخوف من الحرية ص ١٣٦
٢٣. منهاج توينبى ألتاريخى فوءاد محمد شبل ص ٦٤
٢٤. الخوف من الحرية ص ٦٨


هەوالنامەی کێتێب

عەبدوڵلا پەشێو

# چەند سەرنجێکی سەرپێی دەربارەی مێدیاو زمان

لەمێژە مەسەلەی کەسایەتیی کورد و زمان سەرنجیان ڕاکێشاوم. شۆپاندنێکی وردبینانەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن گەلێک هزر و ڕامان و پرسیار دەورووژێنن. بەڵام بۆ نووسێنێکی تێر و تەسەل، کە هیچ نەبێ وەڵامی هەندێ پرسی خۆسەپێنی تێدابێ، پیاو پێویستی بە کۆمەڵێک سەرچاوەی جێی باوەڕ و چەندساڵێک خۆ تەرخانکردنە. جگە لەمەش مەسەلەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتەوە هەیە، چونکە ئاشکرایە، کە مێدیای دەسگایەکی سەربەخۆییخواز بەچاوی مێدیای دەزگایەکی کۆسمۆپۆلیت تەماشای زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ناکا. نووسینی ئاکادیمی یا زانستی تا پێی بکرێ خۆ لە گشتگری (تعمیم) دەپارێزێ و زێتر مەیلی بەلای خانەخانە (تەسنیف) کردندایە. چمکی هەر مەسەلەیەک بگری دەیان پرسیار قوت دەبنەوە: کام زمانی ستاندارتیکوردی؟ کام مێد یا؟ هی کام قۆناغ؟ لەسایەی کام هەلومەرجی دیرۆکیدا؟ هی پرایڤەت، یا هی حیزب؟ پاشخانی ئیدۆلۆژیکی حیزبەکە بەگشتی و هی سەرکردەکەی بە تایبەتی چییە؟لە کام بەشی کوردستان و بەکام دیالێکت بلاو دەبێتەوە؟ کام گۆڤار یا ڕۆژنامە؟ کام ژمارە؟ کام کەناڵی کام تەلەفیزیۆن؟ ئایا مەبەست لە مێدیای کوردی هەر ئەوەیە کە بەزمانی کوردی لە لایەن کوردانەوە بلاو دەکرێتەوە، یا ئەوەش دەگرێتەوە کە بە زمانێکی تر دەگاتە خەڵک؟ ئەی ئەوەی بە کوردییە و لە لایەن بێگانانەوە بلاودەکرێتەوە؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری تر ... هەر پرسیارێکیش چەندان لقوپۆپی لێ دەبێتەوە. بۆیە هەر لە ئێستاوە دەڵێم، من لەم باسەدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەم نەکردۆتە ئامانج، بەڵکوو تەنیا ویستوومە جارێکی تریش فایلێکی دۆزێکی گرنگ بکەمەوە، کە دۆزی زمانە، سەرنجی ڕۆشنبیران ڕاکێشم بۆ ڕۆڵی گرنگی مێدیا، کە لەم ساڵانەی دواییدا پەرەی سەندووە.

ئەمڕۆ ئێمە لە دونیایەکدا دەژین کە بە کەلتووری جیاجیا تەنراوە. هەندێ لەو کەلتوورانە شەرمنن و پێش ئەوەی لێمان وەژوورکەون کۆکەیەک دەکەن و لە دەرگە دەدەن. بەڵام کەلتووری دی هەن، دەرگەی ماڵەکەت لە ڕێسمە دەبەن، یا دەیشکێنن و لێت وەژوور دەکەون. بەڵێ، ئێمە چارەمان نییە، دەبێ پەنجەرەیەک بخەینە سەرپشت بۆ ڕووناکی و هەوا گۆڕین. گەرەکە پێشوازیی ئەوانە بکەین کە لە دەرگە دەدەن. پێویستە باوەش بۆ ئەوانە

بکەینەوە کە دێن بۆ ئەوەی شتێکمان لێ وەرگرن و شتێکیشمان بۆ بەجێبێڵن. بەڵام دەبێ فێری ئەوەش بین، چۆن دەرگەی ماڵەکەی خۆمان لە ڕووی ئەوانە دادەخەین، کە دەیانەوێ لە وێرانەماڵی خۆماندا لغاومان کەن، ئادگاری خۆمان و وڵاتەکەمان بگۆڕن.

ئەم قۆناغە مێژووییەی ئێمە و داگیرکەرانی وڵاتەکەمانی تێدا دەژین بە هیچ شێوەیەک پێشکەوتووتر نییە لە قۆناغی دەرەبەگیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا. ئێمە ئەو پرۆسە دوورو درێژەی گەشەکردنی ئابووری وکۆمەڵایەتیمان نەبینیوە، کە ئەوروپا سەدان ساڵ پێیدا ڕەت بووە. ئێمە، بێ ئەوەی بەشداریمان کردبێ لە خودی پرۆسەکە، تۆکلی بەرووبوومی مێژووی ئەوان دەخۆین و کاکڵەکەشی فڕێ دەدەین. تەلەفۆن و تەلەفزیۆن و کەمپیوتەر و ئینتەرنێت وەردەگرین، بەڵام ئەو هۆشە ڕەت دەکەینەوە کە ئەم شتانەی داهێناوە. ئێمە دەتوانین تۆنێک کتێب لەسەر دیموکراسی بنووسین، بەڵام هەرگیز ناتوانین ببین بە دیموکراتێکی ئەوروپایی. مەگەر لە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەن و ژاناوەری کۆمەڵایەتیدا، ئەگەر نا، تا ئێوارێ دروشمی ئاشتی و برایەتی و دیموکراسی بڵێین و بلێینەوە، پەیوەندیی گەلانی تورک و عەرەب و فارس لەگەڵ ئێمەدا قەت نابێتە پەیوەندی ئەڵمان و فەرەنسی و ئیتالییەکانی سویسرا لەگەڵ یەکتردا. دەمەوێ بڵێم، لەگەڵ ئەوەی ئەوروپاییەکان سەدان ساڵ لە پێش ئێمەوەن و بە ڕواڵەت قۆناخی نەتەوەییان بڕیوە، یا خەریکە دەیبڕن، کەچی دەبینین، لەهەلومەرجی پێشقەچوونی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندندا، هەر بابایە پەلەقاژەی ئەوە دەکا سیمای خۆی، زمانی خۆی کولتووری خۆی، داب و نەریتی خۆی بپارێزێ.

تا ئێستا لە چەند موناسەبەیەکدا هەوڵم داوە لەگەڵ نووسەرانی ئیستۆنی و وڵاتانی تری بەڵتیکدا بە ڕووسی بدوێم، بەڵام چەند تەڵەی تەقیو دەم دەکاتەوە ئەوانیش هەر هێندە! ئەگەرچی دەزانم کە لەناویاندا کەس نییە لەسەر دەمی سۆڤیەتدا ژیابێ و ڕووسی نەزانێ!

سویدییەکانی فینلاندا شەش لە سەدانی دانیشتووان پێکدێنن، لە دورگەی ئۆلاندیش، کە ژمارەیان تەنیا بیستوپێنج هەزار کەسە، ئۆتۆنۆمییان هەیە. دەبێ ئەوەش بزانین کە ئۆتۆنۆمیی ئەوان "ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە" ی ئێمە نییە! ئەوان خاوەنی ئاڵای تایبەتی خۆیانن، پەرلەمانیان هەیە، دەستووری لۆکالیان هەیە، تەنانەت پەیوەندیی بازرگانیی خۆیان هەیە لەگەڵ دەرەوە، جگە لەمەش، نە سەربازی بۆ فینلاند دەکەن، نە ڕێگەی هیچ فینلەندییەکیش دەدەن لە دورگەی ئەوان عەرد بکڕێ یا خانوو بکا، زمانیشیان نەک هەر لە دوورگەکەی خۆیاندا، بگرە لە سەرتاسەری وڵاتدا، زمانێکی ڕەسمییە ... بەڵام ئیمکان نییە تۆ گوێت لە سوێدییەک بێ لەگەڵ هاوزمانێکی

تردا، یا خوا نەکا لەگەڵ منداڵی خۆیدا بە زمانی فنلەندی قسە بکا، یا زارۆیانی خۆی لە قوتابخانەیەکی فنلەندیدا بخاتە بەر خوێندن.

ئەگەر ئیستۆنی و سوێدی، کە خاوەنی دەوڵەت و سەدان دامودەسگای فەرهەنگین، لە ونکردنی کولتوور و زمانی خۆیان بترسن، ئەی ئێمە چی بکەین، کە لە هەموو لایەکەوە بەر شالاوی داگیرکەران کەوتووین؟ داگیرکەرەکانیشمان ملهوڕ و جاهیل و دواکەوتووانی دنیای ئەم سەردەمەن، کە نەک هەر خاک و سامان، بەڵکوو ناوی ولاتمان دەگۆڕن و زمانمان لێ قەدەغە دەکەن و ئینکاری بوونیشمان دەکەن.

پرۆسەی تواندنەوەی کورد دەمێکە پیادەکراوە و ئێستا لە گەرمەگەرم و هەڕەتدایە. لە نیو سەدەی ڕابردوودا ئینتەرناسیۆنالیزمی بێ دەرگە و دیواری کوردان بووە بنەمای هزری و سایکۆلۆژیی ئەم توانەوە هێدی و لەسەرخۆیە. لە ساڵانی دواییشدا، لە ئەنجامی تێکشکانی عەسکەری و سیاسیی ڕێکخراوە کوردییەکاندا، بانگاشەی برایەتی و دێموکراسیی بێ قەید و شەرت لەلایەک و پانئیسلامیزم لە لایەکی تر، خەریکە دەبنە بنەمایەکی تازەی هەمان توانەوە. ئەگەر هوشیاری نەتەوەیی نەگاتە هانامان و سوور نەبین لەسەر کەسایەتی و زمان و فەرهەنگی خۆمان، ئەوا بە ئاگادارییەوە دەڵێم: ئەوەی "دانەری تۆپی زەمان" نەیدەشکاند گلۆبالیزم و تەکنۆلۆژیای تازەی زانیاری دەیشکێنن و پرۆسەکە خێراتر دەکەن. قیڕەقیڕ و ژاوەژاوی سەر جادان و ئاپۆرەی خەڵکێکی نامۆ بە ناسنامە و دیرۆک و خاک و زمانی خۆیان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕن. نا ئومێدی و پارچەپارچەبوون و زەلیلیی ئەمڕۆمان هەندێ لە نیشانەکانی ئەو چارەنووسە ڕەشەن. لە جەنگی گەلانی بندەستدا زمان دوا سەنگەری بەرگرییە. گرتنی ئەو سەنگەرە لەلایەن داگیرکەرانەوە لە تێکشکانی نەتەوە بەولاوە هیچ مانایەکی تری نییە.

مەرج نییە توانەوەی گەلانی بندەست هەر بە زۆرەملی و زمان لێ قەدەغەکردن و ڕاگوازتن و تۆقاندن بێ. نەخێر، لە سایەی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و نەبوونی هوشیاریی نەتەوەییدا، توانەوە دەرئەنجامێکی ئۆبژێکتیڤ "مەوزووعی"ی پێکەوەژیانی دووروودرێژی گەلی سەردەست و بندەستە. واتە پەیوەندیی بەوەوە نییە، داگیرکەرانمان دڵۆڤانن یا ستەمکار، بە ویژدانن یا بێویژدان. ئێمە ڤێتنامی نین، تەنیا تانک وفڕۆکە و سەربازی داگیرکەر ببینین و گەلی سەردەستیش هەزاران کیلۆمەتر لێمانەوە دوور بێ. هیچ شوورە و چەپەرێک ئێمە و داگیرکەرانی ولاتەکەمان لێک دانابڕێ. ئێمە و ئەوان نەک هەر هاوئایینین و ڕەنگی پێستمان یەکەو دابونەریتی لێک نێزیک ومێژوویەکی تێکهەڵکێشمان هەیە، بەڵکو، ئەجاوید گوتەنی"وەک گۆشت وئێسقان تێکەڵین"!

من سەرم لە گێنێتیک و کیمیا دەرناچێ، بەڵام دەزانم کە زۆرینەی بەهێز هەمیشە زاڵە بەسەر کەمینەی لاوازدا. ئەوەش دەزانم، ڕەنگێکی زۆر و تۆخ لەگەڵ ڕەنگێکی کەم و کاڵدا تێکەڵ بکرێ ئەوەی یەکەم زاڵ دەبێ بەسەر ئەوەی دووەمدا.

توانەوە پرۆسەیەکی بەکاوەخۆ و نادیار و درێژخایەنە، بە ساڵێک و دووساڵ ئەنجامەکانی بەرجەستە نابن و نابینرێن. لە مێژووی دووردا دەیان گەل ئاسەواریان بڕایەوە. لە مێژووی تازەشدا دەیان گەل لە گیانەلادان و هەندێکیشیان (وەک هیندووە سوورەکانی ئەمەریکا و سامییەکانی ئەسکەندەناڤیا) وەک شتێکی دەگمەن و ئیگزۆتیک دەپارێزرێن. یەکێتی سۆڤیەتی جاران، وەک بۆتەیەکیتواندنەوەی هێور و لەسەرخۆی گەلانی کەمینە، باشترین نموونەیە.

لە سەرەتای هەشتاکاندا کۆماری کازاخستان پازدە ملیۆن و پەنجاوسێ هەزار کەس بوو "١". لەم ژمارەیە تەنیا پێنج ملیۆن و سێسەد هەزاری کازاخی بوون "٢". کەوابێ، لەماوەی شەست ساڵی حوکمی شوورەویدا برا گەورە ڕووسەکان توانیان ببنە نیوەی خەڵکی کازاخستان.

لاتڤییەکان لە ساڵی ١٩٤٠ دا ژمارەیان نێزیکەی دوو ملیۆن بوو "٣"، کەچی لەساڵی ١٩٨١ دا (سیوحەوت ساڵ دوای داگیرکردنی) ژمارەی دانیشتووانی ئەم کۆمارە بووە دوو ملیۆن و پێنجسەدوسیونۆ هەزار کەس. بەڵام لەم ژمارەیە تەنیا یەک ملیۆن و سێسەدوچلوچوار هەزار کەس لاتڤی بوون !"٤" واتە لەماوەی چل ساڵدا گەلی لاتڤی نەک هەر زێدەی نەکردووە، بەڵکو لە کورتیشی داوە و لە کۆماری خۆیدا زۆری نەماوە ببێ بە کەمینە! ئەگەر پریسترۆیکای گەربەچیۆڤ نەبایە، سەد "کۆمار" یشیان هەبایە ئاداریان لەسەر پادار نەدەما!

کۆمارەکانی تری شوورەوی حاڵیان لە حاڵی کەزاخستان و لاتڤیا باشتر نەبوو. لە شاری باکۆی پێتەختی ئازەرییەکان ئازەری کەمینە بوون. لەبێلە ڕووسیا و ئۆکرانیا، مەگەر لە کۆرە دێیەکاندا، ئەگەرنا تا ڕووسی هەبایە کەس بەزمانی خۆی دەمی نەدەکردەوە. دەیان گەلی بچووک، کە بەناو ئۆتۆنۆمیداریش بوون، بەجارێک توانەوە و هەندێکیشیان وا ئاوزینگان دەدەن. لە ١٩٣٠ دا هەردوو گەلی ڕەسەنی سیبریایی "هانتی" و "مانسی" ئۆتۆنۆمییان وەرگرت. لەسەرژمێری ساڵی ١٩٦٩ دا، واتە دوای نێزیکەی چل ساڵ، بە هەردوو گەلان تەنیا "٣" ی خەڵکی هەرێمە ئۆتۆنۆمیدارەکەی خۆیان بوون "٥".

ئەگەر ئەمە حاڵی گەلانی "وڵاتی کرێکاران و جوتیاران" بێ، ئەی دەبێ حاڵی کوردی پارچەپارچە و بندەست چۆن بێ، کە داگیرکەرانی وڵاتەکەی زۆر لە ستالین و بیریە و ژدانۆڤیش دواکەوتووترن؟

داگیرکەرانی کوردستان هیچ هۆیەکی تواندنەوە نەماوە دەرهەق بە کورد بەکاری نەهێنن:

قڕکردنی بە کۆمەڵ و کاول کردن داگیرکردنی ڕاستەوخۆی سەربازی کۆچپێکردن، ئینکارکردنی کورد وەکێ نەتەوە ... هتد. بەڵام کاریگەرترین شێوازی تواندنەوە، کە داگیرکەران بێ جیاوازی پشتیان پێی بەستووە، لەناوبردنی زمانی کوردییە. هەندێکیان بێ پەناوپێچ، ئینکاری بوونی دەکەن وەکێ زمانێکی سەر بەخۆ (سوریا و تورکیا)، هەیە پشتگوێی دەخا وەکێ زمانی خوێندن و زانست و مێدیا (ئێران)، هەشە دانی پێدا دەنێ وەکێ زمانێکی سەربەخۆ، بەڵام سندمی دەکا و ڕێگەی گەشەکردنی نادا و ناهێڵێ وەکو زمانێکی ستاندارتی ڕەسمی بچەسپێ (عێراق) "٦".

زمان بوونەوەرێکی زیندووە. جۆگەیەکە، ئەگەر بەری واڵا نەبێ، جموجووڵ نەکا، نەڕوا، لێی زێدە نەبێ، ئەوا پاش عەیامێک دەبێتە زەلکاو. زمانێک لە قوتابخانە بەکار نەیە، ڕۆژانە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا هەناسە نەدا، لە دامودەسگا ڕەسمییەکاندایێ نەنووسرێ، دەبێ چ دواڕۆژێکی هەبێ؟ زمانی کوردی بەچەند زمانێکی تر ئابلووقە دراوە و تادێ ئەلقەی دەوری وێک دێتەوە. بەڵێ لە چەند دەڤەرێکی باشووردا ڕەوش باشترە. بەڵام ئەگەر سەرنجێکی وردی ئەولاش بدەین تێدەگەین سیاسەتی عەرەباندن تا کوێ چووە و چۆن کەسایەتی فەرهەنگی کوردی شێواندووە.

لە ئەنجامی شەڕی کەنداودا، دوای ڕاپەڕینی خەلکی کوردستان و ڕامالینی دامودەسگاکانی بەعس، دەبوایە دەسەلاتداران یەکسەر بکەونە کورداندنی ژیانی ڕۆشنبیری و قەلاچۆکردنی کۆلتووری داسەپاوی داگیرکەران. دەبوایە بەزووترین کات وابکەن، مندالی کورد بەیانییان کە دەچێتە قوتابخانە، کتێبەکانی بن هەنگلی بە زمانی زگماکی خۆی بێ. ئەدەبیات و جوگرافیا و مێژووی ولاتی خۆی بخوێنێ. دەبوایە ڕۆژنامەکان، ڕادیۆکان، کەنالەکانی تەلەفیزیۆن، نامە گۆڕینەوەی دامودەزگا ڕەسمییەکان و گەلێک شتی تر ببنە کوردی. دەبوایە بە زووترین کات ئەکادیمیای زانیاری پێک بێ و هەموو ئیمکانییەتێک دابین بکرێ بۆ چێکردنی فەرهەنگێکی جێی باوەڕ و ئینسیکلۆپیدیای کوردستان. کەچی ئەمانە یا نەکران، یا بەخاوی کران. ئەوەندە بەسە بلێم، تا سالی پاریش، تاکە ماددەیەک کە نەخرابووە ناو تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریا - زمانی کوردی - بوو!!! تا ئێستاش بەشێکی بەرچاوی بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکان، بەتایبەتیش ماددە تەرفیهییەکان، بە عەرەبی و تورکی و فارسین (ئەگەر هیندیشیان زێدە نەکردبێ!!!). دوای نۆ سال ژیانی بێ بەعس، هێشتا عەرەبی وەک زمانی یەکەمی ڕەسمی جێی خۆی بەرنەداوە. خەلک، بەتایبەتیش ڕۆشنبیران، تا بینەقاقایان نوقمی زمانی عەرەبیین و بە عەرەبی بیر دەکەنەوە. مۆسیقای عەرەبی و فارسی و تورکی لە هەموو مالێکدا، لە هەموو یانەو گازینۆ و چایخانە و تەکسییەکدا شەو و ڕۆژ دەفیقێنێ.

هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی باڵا دەگێرن لە گۆڕاندن و ڕسکاندنی چەشەی هونەریی کۆمەڵانی خەڵک، بەتایبەتیش خەڵکی سادەو بێسەواد. تارادەیەکی زۆر کاردەکەنە سەر پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و زمانی زگماک. میدیا بەرپرسیارە لەوەی نەتەوە تا چ ڕادەیەک ڕێز لە زمانی زگماک دەنێ. میللەتێک تەمای ئەوەی دانابێ، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان زمانەکەی دەبێتە زمانی دەوڵەت و فەرمانڕەوایی، میللەتێک قەت پارچە پەڕۆیەکی نیشان نەدرابێ وەک ڕەمزی نیشتمانەکەی، میللەتێک لە میدیادا، بە موناسەبە و بێ موناسەبە، ڕۆژێ سەدجار بە وڵاتە نیمچە ئازاد و پارێزراوەکەی بگوترێ "هەرێمی کوردستانی عێراق" ... دەبێ بە چ چاوێک تەماشای تایبەتمەندییەکانی خۆی بکا؟ وای! باسکەکان چەند دەبەنگن کە بە وڵاتەکەی خۆیان نالێن "هەرێمی باسکی ئیسپانیا". ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ چەند گەوج وگەلحۆن کە چاو لە ئێمە ناکەن و بە وڵاتەکەی خۆیان نالێن "هەرێمی کۆسۆڤۆی یۆگۆسلاڤیا" ئەو سکۆتلەندییانە چەند گێژوویژن کە نالێن "هەرێمی سکۆتلەندای بەریتانیای گەورە"، یا ئەو ئەبخازییانە چەند گەمژەڵ و کەللەڕەقن کە ناو لە وڵاتۆکەکەی خۆیان نانێن "هەرێمی ئەبخازیای گورجستان". دەتوانم دەیان دەبەنگ وگەوج و گەلحۆ و گەمژەڵ و کەللەڕەقی تریش بژمێرم کە سیاسەت و حیکمەت لە ئێمەوە فێرنابن.

باوەڕ ناکەم کوردێک هەبێ، بەبینینی سەتەلایتە کوردییەکان گەزگەز باڵا نەکا. لە ڕاستیشدا ماڵی کوردانیان ئاوەدان کردۆتەوە وخزمەتێکی بێهاوتا دەکەن، تازەن وبەرەوپێش دەچن. بۆیە، هەر ڕەخنەیەک کە ئاراستەی ئەو دەزگا بەرێزانە دەکرێ، بەنیازی پێشقەبردنیانە، نەک ساردکردنەوەیان.

جارجارە تەماشای بەرنامە عەرەبییەکان دەکەم، بەدەست خۆم نییە، مەسەلەی پۆلیسەکەم وەبیردێتەوە: دەڵێن پۆلیسێک هەبوو، قەت لە ژیانیا مادۆن "ئیجازە"ی وەرنەگرتبوو. ئاخیرەکەی بەپیری مادۆنێک وەردەگری. کەچی پۆلیسی بۆرە هەموو ڕۆژێک، لەگەڵ شیرەی نێرەکەری، دێ، لەبەر مەخفەرەکەی خۆی هەڵدەترووشکێ.

بەدەست خۆم نییە، هەندێ جار خۆمانم بە پۆلیسی گۆرین دێتە بەرچاو. ئەدی ئەوە نییە جارێک لە جاران ئیجازەمان لە خزمەتکاری وەرگرتووە، کەچی بە پێی خۆمان دێینەوە بەر مەخفەرەکە؟!

ڕەنگە بێکەڵک نەبێ، لە سەرەتا یا کۆتایی بەرنامەکاندا، دەنگوباسی کوردستان بە زمانێکی بێگانەش بلاوبکرێنەوە. بەلام دەنگوباس نەک شتی هونەری.

عەرەبەکان کە دەیان سەتەلایت و غەیری سەتەلایتیان هەیە، تۆ بڵێی خودا هیدایەتی دابن و سەعات "نۆ" و "دە"ی ئێوارە بەدیار تەلەفیزیۆنێکی کوردییەوە دانیشن و گوێ لە گۆرانیی عیراقی بگرن؟! یا تەماشای بەرنامەیەکی تایبەت بکەن لەسەر پەیوەندیی نێوان تورکیا و وڵاتە عەرەبییەکان؟ "[٧]" یا بەرنامەیەکی تایبەت بە گیروگرفتەکانی دەریای قەزوین؟"[٨]" یا عەرەبێک دەبێ چەند چیرۆکی کوردی خوێندبێتەوە تاکو لەناو ئەو هەموو کەناڵانەی بە زمانی عەرەبی هەن، گوێ لە دوو کورد بگرێ کە باسی گیروگرفتەکانی چیرۆکی کوردی دەکەن؟! "[٩]"

بێگومان، وەک پرێنسیپ،کەس ناتوانێ دژی بەرنامەی هونەریش بێ بە زمانی گەلانی دراوسێ، بەمەرجێ ئێمەش دەیان کەناڵمان هەبایە و هەر کەناڵێکیش شەو و ڕۆژ زرمەی بهاتایە! بەڵام ئەوەی ئێستا ڕوودەدا تەنیا و تەنیا خۆ بەکەمزانین و بەفیڕۆدانی بەشێکە لەو چەند سەعاتەی کورد هەیانە بۆ ئەوەی هیچ نەبێ زمانی بابوکالان لەبیر نەکەن.

ئەنجامەکانی تەعریبی بەکاوەخۆی باشووری کوردستان بە ڕوونی لەو زمانە سەیر و سۆبەتە دەردەکەوێ کە زۆربەی خەڵکی ئاسایی و هەندێ لە ڕۆشنبیران قسەی پێ دەکەن. جارجار ئەگەر یەکێک عەرەبییەکی باش نەزانێ تێیان ناگا. تەلەفزیۆنێک ملیۆنان کەس تەماشای بکەن، دەبێ زۆر وریای مەسەلەی زمان بێ. ئەو زمانەی لە هۆیەکی ڕاگەیاندندا بەکار دێ، دەبێ فەرقێکی هەبێ لەگەڵ زمانی چایخانە و ناندین "متبەق" دا. کارمەندانی دەسگاکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەتیش تەلەفزیۆن، دەبێ نۆرمەکانی زمانی ستاندارت بپارێزن. "[١٠]" پسپۆڕی و کارامەیی، لە بوارێکی هونەر یا زانستدا، بەس نین بۆ ئەوەی یەکێک بۆ دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی بانگ بکرێ. دەبێ ئەو کەسە، هیچ نەبێ تا ڕادەیەک، ئاگاداری ئەو زمانە نیمچە ستاندارتە بێ کە ئەمڕۆ بۆ نووسین بەکار دێ.

من قەت لەگەڵ زمانی پەتیدا نیم و پێم وایە زمانی پەتی لە دونیادا نییە. بەڵام کورد گوتەنی هەموو شت بە خوێ، خوێش بە مانا. بۆ دەربڕینی پێداویستی و کاروباری ڕۆژانە، بە ئاگادارییەوە دەڵێم، کە زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکانی دونیا. هەر وشەیەکی بێگانەش هاتبێتە ناو زمانەکەمانەوە ئەوا بابوباپیرانمان کڵاو و جامانەیەکی وایان لە سەری کردووە، پشتێنێکی وایان لە پشتی بەستووە، وایان مشتوماڵ کردووە، کە خاوەنەکەی نەیناسیتەوە! بابوباپیران قەت نەهاتوون وشەیەکی بێگانە بەگوێرەی گرامەر و قانوونە فۆنەتیکییەکانی زمانە ئەسڵییەکە بەکار بێنن، بەڵکو هەمیشە بە سەلیقەیەکی ڕەوان و لە بۆتەیەکی خۆماڵیدا دایانڕشتۆتەوە. ئەوەی ئێستا دەیبینین شتێکی ترە. ئێستا وشە بێگانەکە چۆنە هەروا بەکار دێ.

نازانم، بۆ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، لە زانکۆیەکی گەورەو گراندا، بۆچی دەبێ کچێک هەڵبژێرن کە نەتوانێ دوو قسەی ڕێکوپێک بکا؟ ئەویش دەربارەی فەلسەفەو زانست نا، بەلکو دەربارەی دۆستایەتی و هەڤاڵبەندی! نەدەبوایە پێش پرۆگرامەکە، بیلمانێ تامی زاری بکەن؟ چبوو، زمانی بەقوڕگیراوی کوردی وشەیەکی تێدا نەبوو لەباتی "صه دیق" بەکار بێ؟ نەیدەتوانی بڵێ "هەڤاڵ، یار، هاوڕێ، دۆست، ئاشنا، هاودەم... هتد" یا بە عەرەبی نەبا دڵی دانەدەکەوت؟ زمانی کوردی لەباتی "زەواج"ی عەرەبی هیچی تێدا نەبوو؟ ئەدی چ لە "ژنهێنان، خوازبێنی کردن، نیشان کردن، شووکردن، هاوسەری..." خۆمان بکەین، کە هەر یەکەیان بۆ حاڵەتێک پڕ بە پێستی خۆیەتی. چ ڕەوای هەقە لە چەند ڕستەیەکدا ئەو هەموو وشە و دەربڕینە عەرەبییانە دەرفرتێنرێن: "ئەگەر صداقه ی نەبت حەیات نابت، ئەمە رەئی منه"، "صه داقه ی ئەعەز شته"، عادات و تەقالید، ئیحتیفاظ، رەوابط، ئەفکار، زەواج، ئینسان، ظروف تەحەکوم ...، تأثیرات سلبی... هتد" "١١".

خۆحاڵی ڕۆشنبیران هێندە باشتر نییە:

ئێوارەی ڕۆژی ٢٩/٥/٢٠٠٠ کوردستان تیڤی بەڕێز لەگەڵ برایەکی نووسەردا چاوپێکەوتنێکی دەربارەی کشانەوەی ئیسرائیل لە لبنان کرد. ئەگەر کەسێک عەرەبییەکی باش نەزانێ، باوەڕ ناکەم تێی بگا: "حەق، ئینسحاب، ئیحتلال، موحتەل، موئەهەل، قەناعە، قوات، قوە، موقاوەمە، هوجوم، قەوانینی دوەلی، عجەبا، جوندی، ئیستعمار، جنوب، قضیه، موزاحیم، ئیهتماماتی دوەلی موەززەعە، خیلافات، حەرەکاتی کوردی، مەزیە، ثقلی ئیهتماماتی دوەلی، حالاتی ئیحتیلال، حەل بە طەریقەیەک، عامیلی خاریجی، کیتلە، ئیستیفادە، حەللێکی نیهائی، ئەساسی حق تقریر المصیر، وضع موهەیەئە، حیمایەی کوردستان، مەرکەزی قەرار... هتد" ئیتر ئەمە ئەگەر زمانی نووسەرێک بێ، لەسەر ئێکران نەک لە چایخانەیەک، دەبێ ڕەوشی خەڵکە ڕەمەکییەکە چۆن بێ؟ هەقیان نییە بە منداڵەکانیان بڵێن: "بڕۆنە غورفەی نەوم"، یا "ئەلعابەکان مەبەنە غورفەی ئیستقبال!"، "قە میصەکەت لەسەر غەسالە دانێ"! ئەگەر ئەمە ڕەوشی بەشە ئازادەکەی نیشتمان بێ، کە کەموزۆر دەیان ساڵ کوردیی تێدا خوێندراوە، ئەی دەبێ بەشەکانی تر چۆن بن، کە قوتابخانەیەکی کوردییان تێدا نەبووە و نییە؟

× × ×

زمانی کوردی چەمکێکی سیاسییە. ڕووە هەرە دیارەکەی مەسەلەی نەتەوەی کوردە. *کوردستان سنوورێکی دیاری نییە و هەڵکشان و داکشانی ڕووبەرەکەی بەقەد هەڵکشان و داکشانی زمانی کوردییە*. دوژمنانیش لەوە گەیشتوون. بۆیە، کاتێ لە تورگۆت ئۆزال دەپرسن:

نیازتان نییە ئۆتۆنۆمی بدەنە کوردان؟ ئۆزال هەر هێندە دەڵێ: "هەتا ساڵی ١٩٩٦ هەر کەس فێری تورکی دەبێ"!!! "١٢"

تورک دەمێکە لەوە گەیشتوون، کەکورد، کوردایەتی، کوردستان، بیری سەربەخۆییخوازی ... ئەمانە هەموویان لە یەک شتدا بەرجەستەن. ئەویش زمانە. لەوە گەیشتوون، کە ئەو کۆنگرە وقەڵایەی هەزاران ساڵە ئەم نەتەوە شاخاوییەی پاراستووە سیحری زمانی کوردییە. ئاگاداربوون و ئاگادارن لەوەی، تا ئەم سیحرە بەتاڵ نەبێ، ئەو کوردە کەللەڕەقە لە کوردایەتی ناشۆرێ! هەر بۆیە، کەمالیستە کۆن و تازەکان هەموو توانای ماددی و مینوویی خۆیان بەکار دێنن بۆ خاپوور کردنی ئەو قەڵایە و بەتالکردنی ئەو سیحرە. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی گوندەکانی باکووری کوردستان، لە زمانی کوردی بەولاوە هیچ زمانێکی تریان نەدەزانی، دەبوایە کەسایەتییان بسڕێتەوە. بە وێرانکردنی گوندەکانیان وڕاگواستنیان بۆشارەکانی تورکیا، تورکەکان ویستیان کەسایەتیی پێشوویان بکوژن و کەسایەتییەکی تریان بدەنێ، ئەویش بە لەبیربردنەوەی زمانی کوردی و تواندنەوەیان لە ناو "گەلی تورکی شاد و بەختەوەر"دا.

بەڵێ، لە تورکیا نەک هەر کورد، تورکیش دەتوانێ شایی کوردی بکا، گوێ لە ئاوازی کوردی بگرێ، ڕۆژی نەورۆز جلوبەرگی کوردی لەبەر بکا ... هتد. چونکە ئەمانە نەک هەر زەرەی پەزیان نییە، بەڵکو کولتووری تورکی دەوڵەمەند دەکەن و زوو یا درەنگ دەبن بەموڵکی خۆیان وناوی کورد لەکولەکەی تەڕیشدا نامێنێ، *لەبەرئەوەی توخمی زمانیان تێدانییە*. نەک هەر ئەمە، بەڵکو ڕەنگە ڕێگەی فشەکوردایەتییەکیش بدەن، بەمەرجێ ئامڕازەکەی زمانی تورکی بێ!

تۆ دەتوانیت لە تورکیا بێ گیروگرفت بژیت و تەنانەت ببیت بەعیسمەت ئینۆنۆ، ئەجاوید، حیکمەت چەتین، ئیسماعیل جەم بەمەرجێ دەست لەو زمانە "کێوی" یە هەڵگریت.

با یەشار کەماڵەکان هەر کتێبی ئەستوور ئەستوور بنووسن لەسەر هەژارانی چقوراوا، بەڵام، بەزمانی تورکی!

با ئەحمەد کایە و ئیبراهیم تاتلیسازەکان تا دەنگیان تێدایە بقیرێنن دژی چەوسانەوە، بەڵام، بەزمانی تورکی!

نەتەوە پەرستی تورک خەسڵەتی داگیرکەرانی فەرەنسایی هەیە. ئەو خەسڵەتەش سەپاندنی زمانە. تورک، ئەگەر بۆی بچێتە سەر، بە لەش نا، بە گیان دەتکوژێ، کەسایەتیت بێزەوەر دەکا و دایدەڕزێنێ، وات لێ دەکا ڕقت لە ڕابردووی خۆت ببێتەوە و شەرمت بەوەبێ کە لە داکوبابێکی ناتورک وەپاش کەوتووی.

کەمالیستەکان نەک هەر تورک، بگرە زۆربەی هەرە زۆری کوردیشیان بەوەگۆش کردووە، کە زمانی کوردی زمانی نەخوێندەوار و قەرەج و پاشکەوتی و چەتەو ڕێگرانە، تورکیش زمانی شارستانی و زانست و ڕووناکبیری و پێشکەوتنە، دایکی هەموو زمانە زیندووەکانی دنیایە. ئەم ڕەوشە وای لە کورد کردووە، شەرم بکا و بێزی نەیە بە زمانی زگماکی خۆی بپەیڤێ. حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانیش، بەکردەوە، نەک هەر دژی ئەم سیاسەتە نەوەستان، بگرە خۆشیان، لە ڕێگەی مێدیا و ئەدەبیاتیانەوە، ئەم سیاسەتەیان پیادەکرد و بەناوی پێشکەوتنخوازی و ئێنتەرناسیۆنالیزمەوە زمانی تورکییان هێنایە ناو هەموو ماڵە کوردێک. هەڵبەتە من باسی دیاردەکە دەکەم بەگشتی، گەرنا، چ لە ڕیزی ئەو حیزبانە، چ لە دەرەوەیان، هەندێ ڕۆشنبیری کەڵە پیاوی وەک موسا عەنتەر هەڵکەوتوون، کە مەسەلەی زمانی کوردییان کردۆتە دۆزی ژیان و مردن. بەڵام، مخابن، تەقەلای جوامێرانەی ئەو کەسانی وا، هیچ پشتیوانییەکی جیددیی حیزبەکانی لێ نەکراوەو ناکرێ.

× × ×

یەک لە سیمایە هەرە دیارەکانی سەرلەبەری مێدیای کوردان بە زمانی دراوسێیان، موجامەلەو خۆشیرینکردنە. جار هەیە ئەو موجامەلەو خۆ شیرینکردنە دەگاتە ڕادەی کلکە سووتەو ماستاوساردکردنەوە و ڕەنگە کارێکی نێگەتیڤیش بکاتە سەر ئیماژ "وێنە"ی کورد. خۆ بابوباپیران لە خۆڕا نەیانگوتووە: "نەهێندە تاڵ بە فڕێت دەن، نە هێندەش شیرین بە قووتت دەن". مێدیای کوردی، کردوویە بە نەریت، بە موناسەبەو بێ موناسەبە، باسی برایەتی و دینی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش دەکا. وا نیشان دەدا کە ژیانمان بێ ئەو برا گەورانە دۆزەخە. هەموو ڕۆژێ ئەوەیان بۆ دووبارە دەکاتەوە، کە نووسەرانمان بە زمانی ئەوانیان نووسیوە، هونەرمەندانمان بە زمانی ئەوان چریون، زانایانمان خزمەتی فەرهەنگی ئەوانیان کردووە، ڕۆڵە هەڵکەوتووەکانمان فیداکارییان بۆ دۆزی ئەوان نواندووە. کورت و موختەسەر، خوای مەزن هەر بۆ ئەوەی خولقاندووین پێڵاو بۆ ئەوان دانێین. ئەمەش وای کردووە دراوسێیەکانمان ئێمە بە "بێبێ" یەکانی خۆیان بزانن و نەمانخەنە ناو خانەیەکی تایبەتەوە. تورک قەت ناتوانێ بڵێ ئەرمەنی یا جوولەکە لە تورکیا نییە، بەڵام ڕووقایمانە دەڵێ، هیچ "کەمینە"یەک بەناوی کوردەوە لە تورکیا نییە. لە سووریای پێشکەوتنخوازدا چەند هەزار ئەرمەنی و ئاسوورییەک دەتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن، کەچی دوو ملیۆن کوردی هاو ئایین لە هەمان ماف بێبەشن، تاکورد زێتر باسی سەلاحەدین بکا، ئەوان زێتر بەهی خۆیانی دەزانن! بۆیێ، پێم وایە، کوردان چەند جەخت لەسەر هێڵە هاوبەشەکان دەکا، دەبێ هێندەش جەخت لەسەر ئەو تخووبانە بکا، کە کورد و دراوسێیان

لێک جیا دەکەنەوە. ئەو خۆجیاکردنەوەیە بە هیچ شێوەیەک سەرکێشی و سڕینەوەی ئەوان نییە، بە پێچەوانە، داننانە بە تایبەتمەندییەکانی ئەوانیشدا. جیاوازیی بێ دوژمنکاری ژیان ڕەنگینتر و دەوڵەمەندتر دەکا.

برینی خۆبەکەمزانینی کورد مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە. سەدان ساڵ عەرەبی زمانی دین، فارسی زمانی ئەدەبیات، تورکیش زمانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بووە. زمانی کوردیش، لە شەرمی ئەو زمانانە، بەرەو شاخ و لادێ هەڵکشاوە، خۆی بە شایانی شارستانی نەزانیوە. حەزرەتی ئەحمەدی خانی سێسەدساڵ پتر پێش ئێستا، فەرموویەتی:

حاصل ژ عیناد ئـەگەر ژ بێ داد
ئەڤ بیدعەتەکر خیـلافێ موعتاد

صافي شەمراند ڤەخوارد دوردی
مانەندێ دەری، لیسانێ کوردی

ئینایە نـیـزام و ئینـتـیزامـێ
کێشـایە جـەفـا ژ بۆ وێ عامێ

دا خـەلق نەبێژتن کـو ئـەکراد
بێ مەعریفـەتن، بێ ئەسڵ و بنیاد "١٣"

بەڵێ، دیارە ئەوساش خانیی نەمر لەملا و لەولای بیستووە کە "ئەکراد" نەزان و ناکەسبەچە و "بێ بنیاد" ن. لەو سەردەمیشدا بەکوردی نووسین شتێکی سەیرو سەمەرەو "بیدعەت" بووە. بەڵام خانیی نەمر بادەی ساف و زوڵاڵ (کە زمانەکانی غەیری کوردین) فڕێ دەدا و خڵتەکە (کە زمانی کوردییە) دەخواتەوە، بەڵکو ئەوە خوایە زمانی کوردیش وەک زمانی دەری شتێکی جوانی وەک شاکارەکانی نیزامیی پێ بهۆنرێتەوە. خانی بۆ چەند خوێندەوارێکی هەڵبژاردە نا، بەڵکو بۆ "عامێ" ئەو جەفایە دەکێشێ. وای بۆیەک لەحزە حەزرەتی خانی چاوی لێ بایە، کە پاش سێسەد ساڵ نەک هەر "عام"ەکە بەڵکو هەڵبژاردەی "ئەکراد"یش زمانی شاکارەکەی ئەو بە "بیدعەت" دادەنێن و بە قسەش نەبێ، ئەوا بەکردەوە شەرمیان بەوەیە کە نەوەی ئەون و ئێستاش وەک ئەوسا شێخی شاعیران دەبێ بکێشێ بەسەرخۆیدا و بڵێ:

چ بکم ! کو قەوی کەسادە بازاڕ
ئینن ژ قوماشێ ڕا خەریدارا!"١٤"

بەڵێ ئەو قوماشە بێوێنەیەی خانی لە چنینیدا ئەو هەموو جەفایەی کێشا، ئێستاش لای نەوەکانی بازاڕی زۆر کەسادە و کڕیاری نییە. هەنووکەش لە هەزاری یەک نایخوێنێتەوە. لە مەزارە نوور پڕێنەکەیدا، لە سپێدەوە تا ئێواریێ لەسەر هەست و گوێقولاخە... بەدەگمەن یەکێک لەوانەی زیارەتی دەکەن دوو پەیڤی کوردی بە گوێدا دەچرپێنێ.

دیارە نالی (١٨٠٠ - ١٨٥٦) ی کەم نەبووەتە نیشانەی تانە و تەشەرەی زۆلە کوردان کە کوردیی "ئینشا"کردووە. بڕواناکەم ئەم دووکەڵەشینەی نالی بێ ئاگر بێ کاتێ دەفەرمووێ:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆکردییە،
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا"١٥"

نەبوونی کڕیار "خەریدار"ی قوماشی نایابی خانی و دواتریش گاڵتەکردنی "نادان"ان بە "ئەلفازی خۆکردی" نالی هەمان ئەو تیخە مووکارەیە، کە حەزرەتی حاجی قادریشی تا سەر هێسکان بڕیوە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمیشدا هەر بابا بوو "حاجی گۆتەنی" وەک مریشک هێلکەی مراوی هەڵدەهێنا.

جارێک حەزرەتی حاجی لە ئەستەمبۆڵ کوردێکی کۆیی دەبینێ. ئەو کوردە هەواڵی وڵاتی پێ دەبێ و بە کاک ئەحمەدی شێخدا هەڵدەڵێ، بەڵام ئەوەی بەدڵ نابێ کەوا کاک ئەحمەد تەرجەمەی شەرع و ئایەتی قورئان بە کوردی دەکا:

چاکە دەکا ئێستا لەبۆ کوردان
تەرجەمەی شەرع و ئایەتی قورئان

واقیعەن خزمەتی لە بۆ خوایە
چ دەبوو گەر بەکوردی نەبوایە. "١٦"



هەواڵنامەی کتێب

ئاخۆ حاجی چەند کوردی مێژەر بەسەری بینیبێ، کە لەماڵ و دیوەخان و مزگەوتەکانی ئەستەمبوڵدا، بەزمانی خۆیان قسەیان نەکردبێ. دەبێ بەو هەستە نەتەوەییە ئاگرینەوە چەند مشتومڕی لەگەڵ "جلخوار" انی سەردەمی خۆیدا کردبێ! دەبێ چ وای لەو زاتە نوورانییە کردبێ ئاوا شیری زمان هەڵکێشێ:

ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی،
موحەققەق داکی ... "١٨"

ئەگەر حاجی سەد و چەندساڵێک لەمەوبەر، ئاوا لەکەسانێک تووڕەبووبێ کە کوردن و لەبەر هەر هۆیەک بێ کوردی نازانن "کە ڕەنگە سووچی خۆیان نەبێ"، ئەدی ئەمڕۆ، لەکاتێکدا کە تیرەو هۆزەکانی ئەفریقاش هەموو دەوڵەتیان چێ کردووە، حاجی دەبوایە چبکا و چی بە "ئەولادی ئەم عەسرە" بڵێ، کە کوردی دەزانن و قسەی پێ ناکەن!

لەسەرەتای بیستەکاندا، کە هێشتا، نە ئینتەرناسۆنالیزمی پرۆلیتاریای گەیشتبووە گوندی جرتاوە، نە کەمالیزم وەک پەتا تەشەنەی کردبوو، نە زمانی کوردیش قەدەغە کرابوو، کەچی دەبینین کوردێکی مەڵبەندی بابانەکان، مستەفا سایبی خوشکەزای پیرەمێرد، جل خوار دەکاو بە تورکی نامە بۆ خاڵی دەنووسێ! (ئەوسا ئەو کوردانەی تورکچێتیان دەکرد کورد پەروەران ناویان نابوون "جلخوار".). پیرە مێردیش بە شیعری "مستۆ، وادیارە ...":

مستۆ، وادیارە تۆش جل خوار ئەکەی
ئەستۆت دەخورێ و مەیلی بار ئەکەی

نامە ئەنووسیت بەزمانی تورکی،
لە میللییەتدا مائیل بە شیرکی، "١٩"

من هەولێری پەنجاکانم باش لەبیرە: هەر منداڵێک پۆشتەو پەرداخ با، یا باوکی خوێندەوار "ئەفەندی" با، لە قوتابخانە هەوڵی دەدا بە تورکی قسەی بکا. باشم لەبیرە، کە زۆر جار زارۆی کوردە "جلخوار"ەکان گاڵتەیان بە "کەڕەکرمانج"ەکان دەکرد، کە لە گوندەوە هاتبوون و تورکییان نەدەزانی! دەتوانم بڵێم کە ئەوسا زمانی کوردی مۆرکێکی چینایەتیی بە خۆوە گرتبوو. معاشخۆر و ئەفەندی و ئەهلی بازاڕتورکیزمان بوون، شوان و گاوان و جوتیاری گوند و عەمەلەو کۆڵکێش و کڵاشخواری شاریش کوردیزمان بوون. هەر بابا بوو، هەوڵی دەدا تا زووە خۆی لە

"چین"ی یەکەم رزگار کا و بگاتە "چین"ەکەی سەرووتر. مخابن، ئەوەی بۆ پیرە هەولێر مێژووە، بۆ باکووری ولاتەکەمان زیت و زیندووە. ئەمڕۆ، لە زێدی خانی و جزیری و سەعیدی نەورەسیدا کوردبوون ئەوپەڕی شەرمەزارییە. زمانی کوردی، کە پیرەمێرد بە "بێهاوتا"ی دادەنێ، لەوێ ڕووی مەجلیسانی نییە و گەورەکان وەک تیراوێ ولارەشە لە زارۆیەکانی خۆیانی دوور دەخەنەوە.

کە لە مۆسکۆ دەمخوێند، کۆمەڵێک کوردی باکوورم دەناسین، بە حسێبان هەموویان لەسەر کوردایەتی دەربەدەر ببوون. ئەلهەقە، کوردییەکی باشیان دەزانی و لەگەڵ ئێمەی کێوی و تورکی نەزاندا هەر بە کوردی دەپەیڤین، بەڵام هەر کە کوردێکی تری باکوور سەری وەدەردەکەوت یەکسەر گێڕ دەگۆڕدرا و دەست بە گلدم بلدم دەکرا! باشە، ئەوە گوتمان لە تورکیا کوردی قەدەغە بوو، ئەی لە مۆسکۆ بۆ؟ ئەوە گوتمان لە کوردستان نابێ زارۆ فێری زمانی زکماک بکرێ، ئەی لە ئەورووپا بۆ؟! ئەوە لەوێ ناوی کوردی قەدەغەیە، ئەی لە ئەورووپا ئەو هەموو دینیز و ئۆرهان و توران ئەیلام و یەوڵدرمانە چین وەک کوارگی بەهاری هەڵدەتۆقن؟! ساڵی پار پێنج کەس بەناوی نووسەرانی کوردەوە، هاتبوونە کۆنگرێسی نووسەرانی "پێن"، چواریان هی باکوور بوون. ئەو چەند ڕۆژەی پێکەوە بووین، نەمتوانی وابکەم ئەو برایانەم، کە هەموویان لەگەڵ مندا بە کوردی قسەیان دەکرد، لە نێوان خۆشیاندا بەو زمانە بدوێن! کەچی بە حسابان هاتبوون لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی بکەنەوە! ڕۆژی سێیەمی کۆنگرەش، کۆنفرانسێکی تایبەتی بەسترا بۆ مەسەلەی کورد، نوێنەری پێنی کوردی لە باتی ئەوەی بەزمانی زگماکی خۆی قسە بکا، دەستی بە تورکی کرد! سەیر ئەوەیە تەرجومانەکەش هەر کورد بوو!!!

کۆمەڵناس و بیرمەندی گەورەی تورک ئیسماعیل بێشکچی لە کتێبە بەهادارەکەیدا "چەند گوتن لسەر ڕۆناکبیرێن کورد" گەلێک نموونەی زەق و جەرگبڕ دێنێتەوە"[٢٠]: بێشکچی باسی دکتۆرێک دەگێڕێتەوە، کە لە شارۆچکەیەکی کوردنشینی تورکیزماندا عیادەیەکی دەبێ، ڕۆژێک ژنێکی گوندیی هەژار و نەخۆش دێتە لای. دکتۆر کە ڕەوشی ژنەکە دەبینێ بە کوردی قسەی لەگەڵدا دەکا، بەنەرمی دەیدوێنێ. ژنە لە جێی خۆی سارد دەبێتەوە و لە دکتۆر دەکەوێتە گومان و دڵەڕاوکێ. ژنە کە تێ ناگا چۆن یەکێ بە کوردی قسە بکا دکتۆرە! ئیتر دکتۆر چارەی نامێنێ بە سەریدا دەشیرێنێ و سووکایەتی پێ دەکا بۆ ئەوەی باوەڕی پێ بکا کە دکتۆرە! "[٢١]. جارێک لە زیندانی دیاربەکردا، دەنگخۆشێک لاوکی "بێریڤانێ" دەچڕێ. لەپڕ، لە حوجرەیەکی تردا، یەکێک بە تورکی تێدەچریکێنێ و گۆرانییەکەی پێدەبڕێ، کە لێی دەپرسن

بۆچی وات کرد و نەتهێشت بەردەوام بێ؟ کوردە دەڵێ: "گەلی هەڤالان، ئەز ئینتەرناسیۆنالیستم" "٢٢.

یەکێ لە تەنگژە جەرگبڕەکانی خەباتی نەتەوەکەمان لە باکووردا هاوێرکردن و لێدابڕانی زمانی کوردی و کوردایەتییە. زمان و ئەدەبیات و دیرۆکی کوردی لە بەرنامەی حیزبەکاندا نەخشێکی دیاری نییە. زمانی کوردی نەکراوە بە ئامرازی کوردایەتی و بەشێکی کەسایەتیی وڵاتپارێزان. هەڵوێستی مێدیای باکوور دەربارەی ڕۆڵی زمان لە هونەر و ئەدەبدا ئەم هاوێرکردنە بە زەقی نیشان دەدا.

زۆرجار کەسانی دەنگخۆشی وەکێ ئەحمەد کایە بە دەنگبێژی کورد و بەهرەدارانی گەورەی وەکێ یەشار کەمال بە نووسەری کورد دادەنرێن. ئەمەش، نەکێ هەر لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لە ڕووی زانیستیشەوە فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە و تەنیا نیشانەی خۆ بەکەمزانینە. کوردێکی کوردیزان بە زمانی داگیرکەران گۆرانی بڵێ، بیەوێ و نەیەوێ، بەشداری دەکا لە تورکاندنی کورد. ئەو گۆرانیبێژە چەند سەرکەوتووبێ ئەوەندە خەتەرترە، چوونکە زمانی داسەپاو لەبەرگوێ شیرین دەکاو گیانی بەرگری لە هوندوڕدا دەکوژێ... چوونکە فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوەیی لە کورد دەدزێ ودەیکا بە موڵکی نەتەوەیەکی تر... چوونکە زمانی داگیرکەر دەکاتە پاروو، بە ئاهەنگی ڕەسەنی کوردی چەوری دەکا، تا کورد بتوانێ قووتی بدا. *کورد مەناعەی کەمترە دژی شتێ، کە لە ڕێگەی کوردێکەوە بۆی بێ.*

زمان، نەخاسمە بۆکورد، نەکێ هەر کەرەستەی هونەرە، بەڵکو ئامانج و ناسنامەشە. زمانی ئێمە هیچی کەمتر نییە لە زمانەکانی تری ئەم سەردەمە. لە ناو شەش هەزار زماندا کوردی یەکێکە لە چل زمانە هەرە گەورەو بلاوەکانی دنیا. لەبەر ئەوە، هەر کەسێک پشتی تێ بکا و بەتورکی بستری، دەنگبێژێکی تورکە. هەر کەسێک بە زمانی تورکی بەنیازی ئەفراندن، قەڵەم بە کاغەزدا بێنێ، نووسەرێکی تورکە. لێرەدا من هیچ ئاکارێکی نێگەتیڤ، یا بیرەوشتییەک ناخەمە پاڵ ئەو کەسانە. بڕوام وایە مرۆڤ ئازادە. هەڵبژاردنی ئامرازی نووسینیش کە زمانە، بەشێکە لەو ئازادییە. بەڵام بە هیچ شێوەیەک دروست نییە بە نووسەر و هونەرمەندی کورد دابنرێن.

جارێک موعەممەر قەززافیی سەرۆکی لیبیا، کە وەکێ کوردێک ناتوانم ڕێزی نەگرم، لە وتارێکیدا باسی لە گەورەیی عەرەبان دەکرد. یەکێ لە بەڵگەکانی ئەوەبوو، کە شەکسپیر نووسەرێکی عەرەبە. چونکە ناوە دروستەکەی "شێخ زوبێر"ە!

جارجار ئێمەی کوردیش دەمانەوێ هەموو شەکسپیرەکانی خەڵک بکەین بە شێخ زوبێرەکانی خۆمان!

ئەوەی من باسی دەکەم بابەتێکی گرنگی ئەدەبی بەراوردکارییە و دەمێکە لای خەلکی تر براوەتەوە: زەحمەتە عەرەبێک دەست کەوێ، بلێ ئەلبێر کامۆ نووسەرێکی عەرەبە، هەرچەند لە داک وبابێکی عەرەبیش کەوتۆتەوە. چونکە فەرەنسی زمانی نووسینی بووە و خزمەتی زمان و کولتووری فەرەنسیی کردووە. راینێر ریلکێ بە رەچەڵەک چیکییە. زمانی چیکیش زمانی زگماکێتی. بەڵام کەس نەیبیستووە بلێن ریلکێ شاعیرێکی چیکییە، چوونکە ئەو زمانەی پێی نووسیوە ئەڵمانییە. یەکێک لەکەڵە شاعیرانی رووس "مەندەلشتام" بە رەچەڵەک جوولەکەیە. بەڵام لەهیچ ئینسکلۆپیدیایەک نەگوتراوە کە مەندەلشتام شاعیرێکی جوولەکەیە. ئەرێ بەراست! خۆ گەورەترین شاعیری رووس ئەلێکساندەر پوشکین، بەرەچەڵەک حەبەشەییە! تۆ بلێی حەبەشەییەکانیش سبەی داوای پوشکینەکەی خۆیان لە رووسان نەکەنەوە؟! یا هیچ نەبێ لەباتیی پوشکین داوای هەندێ فرۆکەی سووخۆی لە رووسیا نەکەن؟!

بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی نووسەر و دەنگبێژ و شانۆکار و ... هتد، بابەت گرینگ نییە. واتە گرینگ نییە هونەرمەندێک دەربارەی چی دەنووسێ، بەڵکو گرینگ ئامرازەکەیە ـ بە چ زمانێ دەنووسێ، دەچڕێ یا دەئاخڤێ. هەروا ژێدەری بایۆلۆژیی نووسەر و هونەرمەند عانەیەکی سووتاو ناهێنێ: ئیبراهیم ئەحمەد "ژانی گەل"ی دەربارەی خەباتی گەلی جەزائیر نووسیوە. بەڵام بە نووسەری کورد دەژمێردرێ، چونکە بە زمانی کوردی بەرهەمەکەی خۆی نووسیوە. بە پێچەوانەش نابێ کەس جێمس ئۆلریچ بە نووسەرێکی کورد دابنێ، ئەگەرچی لەسەر مەسەلەی کوردی نووسیوە و پاڵەوانەکانی رۆمانی "چەک و چیا"ی هەموو کوردن، چونکە ئامرازی نووسینەکەی کوردی نییە.

مادام باسی هونەرێک دەکەم کە داهێنەرەکەی بە رەچەڵەک کوردە، بەڵام زمانێکی تری کردووە بە ئامراز و خزمەتی کولتوورێکی تر دەکا، دەمەوێ ئاماژە بۆ نوختەیەکی گرنگ بکەم: کاتێ ئێمە بە چاوی یەکسان تەماشای هونەرمەندێکی کورد و هونەرمەندێکی تورک، یا عەرەب یا فارسیی بە رەچەڵەک کورد دەکەین، لە رووی سایکۆلۆژییەوە چەند خۆ بەکەمزانین هێندەی تر خۆمان بەکەم دەزانین و وا لەنەوەکانی دوارۆژ دەکەین، کە رێیە ئاسانەکە بگرن و خۆیان تووشی شەرەشەق نەکەن و دەست لە زمانی بچووک و پارچەپارچە و راونراوی کوردی هەڵگرن و ناوی خواو پێغەمبەرانی لێ بێنن، ئەوانیش وەک خوا لێخۆشبوو محەمەدی قازی شاکارەکانی ئەدەبی جیهان بۆ فارسی تەرجەمە کەن، وەک دەیان سەلیم بەرەکات و بلند حەیدەری رۆمان و شیعری جوانی عەرەبی بنووسن، وەک ئەحمەدکایە وئیبراهیم تاتلیساز بەتورکی تێجریکێنن. لەولا، نانێکی چەورتر و لەملاش کوردە بێکەسەکە خۆیان پێ هەڵدەداتەوە و شانازیيان پێوە دەکا.

نووسەرێکی هێژای کورد، لە وتارێکدا، تەنیا و تەنیا دوو قوتب لە ژیانی ڕۆحیی کورداندا دەبینێ: مەلای جزیری و سەلیم بەرەکات."٢٣"

من بە هیچ شێوەیەک نامەوێ لە بایەخی بەرەکات کەم بکەمەوە. بەڵام ئەگەر لەناو هەموو کوردا بمەوێ دوو قوتب هەڵبژێرم، ڕەنگە یەکەمیان مەلای جزیری "شەبچاغێ کوردستان" بێ، کە دەریایەکی هێندە قووڵ بووە سەد ڕووباری وەک نیل و فورات بە دڵیدا گوزەریان کردووەو پێیان نەحەسیایە!

سەد نیل وفورات تێن و دەڕن قەلبی مەدا
پێ نـاحـەسیهـین، قـولـزم و دەریایم ئەز "٢٤"

بەڵێ مەلایەک میحرابی خۆی لەگەڵ خۆیدا بووبێ و ئامادەیی نیشان دابێ، وەک عارفێکی ڕاستەقینە، وەک دوڕناسێکی بێهاوتا، ڕوو بکاتە لالەشی ڕووگەی پیرۆزی ئێزدییان. زاتێکی وا ناکرێ قوتب نەبێ:

دل گەشتەمە ژ دێرێ، ناچم کەنیشتەیی قەت
میـحـرابی وی بـمن ڕا، وەر دا بچینە لالەش "٢٥"

بەڵام بۆ قوتبی دووەم چی بکەین؟ چ لە هەر دوو پیری تەریقەتی کوردایەتی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی بکەین، کە بە هەموو حیسابێک لە شاعیریش گەورەترن؟ لەکوێ جێی پیرەمێردی دەریا بکەینەوە؟

برای نووسەر پێی وایە کە محیەدین بن عەرەبی و ئەدۆنیس لە ئەدەبی عەرەباندا، شەکسپیر لە هی ئینگلیزاندا، سێرڤانتیس لە هی ئیسپاناندا، دەستۆیێفسکی و پۆشکین لە هی ڕووساندا ... چ ڕۆڵێکیان هەبووە، بۆ کولتووری کوردی ش سەلیم بەرەکات هەمان ڕۆڵی هەبووە و "هێژاترین و ڕووناکترین مەدالیا"یە لەسەر سنگی چاندی کوردی. "٢٦".

ئەمەی سەرەوە بەڕوونی و بێ پەناوپێچ زمانی کوردی و کوردایەتی لێک دادەبڕێ. لە ئەدەب و چاندا هیچ جێیەک بۆ زمان دانانێ، وەک بڵێی زمان هێسکبەند "هەیکەلی ئێسک"ی ئەدەب نەبێ!

مەحمود دەروێش و ئەدۆنیس کە سەلیم بەرەکاتیان بە ڕەوانبێژترین کەلەشێری گەڕەک و کلیلداری زمانی عەرەبیداناوە "٢٧". هەقیانە شانازیی پێوە بکەن. ئەوان لە بایەخی زمان دەگەن و دەزانن سەلیم بەرەکات بۆ ژیانی ڕۆحیی ئەوان کەمی نەکردووە. بەڵام ڕەوانبێژی و عەرەبیزانیی

بەرەکات بە کوردێکی قۆڕیتان چی؟ تۆ بڵێی بۆ زمان و ئەدەبی کوردی بەرەکات هێندە لە خانی و نالی و حاجی و پیرەمێرد و گۆران و عەرەبی شەمۆ گەورەتر بێ؟ تۆ بڵێی نووسینەکانی ئەم بەڕێزە، لە دێهاتی کوردستاندا، لە شیعرەکانی جگەرخوێن و قانیعیش زێتر ئەم دەست و ئەو دەستیان کردبێ و کاریان کردبێتە سەر ژیانی ڕۆحیی خەڵک؟

من دووبارەی دەکەمەوە، کە نامەوێ هێندەی موویەک لە نرخ وبایەخی نووسەری ژێهاتی سەلیم بەرەکات کەم کەمەوە، هیچیشم نەدەگوت ئەگەر هەرجێیەکی بدرابایێ لە خانەکانی ئەدەبی عەرەبی یا ئەدەبی جیهانیدا، یا باس لە ڕۆڵی دیاری نووسەر بکرابایە لە ناساندنی دۆزی کورد بە برا عەرەبەکان و بای ئەوەندەش شانازیی پێوە بکرایە. من باس لە پایەی نووسەر ناکەم، بەڵکو دەمەوێ تەکەز بکەمە سەر نەخشی زمان لە ژیانی ڕۆحیی مرۆدا.

× × ×

لێپرسراوانی تورک زۆرجار شەکر دەشکێنن، گوایە هیچ جیاوازییەک لەنێوان کورد و تورکدا نییە. تۆ بڵێی هەر لە خۆیانەوە ئەمە بڵێن، یا خۆهەڵواسینی کورد بە زمان و کولتووری تورکەوە ئەو جەسارەتەیان دەداتێ؟ لە شارەکانی باکووردا زمانی تورکی تۆز دەکا. مەگەر بە هەژاری و پەڕپووتی، ئەگینا کوردێک و تورکێک بە چ لێک دەکرێنەوە؟ لەو هەموو کۆبوونەوانەی لە شارەکانی کوردستاندا ساز دەکرێن، چما کەسێک بە کوردی دەم دەکاتەوە؟ دروشمێک بەکوردی دەنووسرێ؟ سەرکردەیەک یا شارەوانێک بە زمانی زگماک دەورینگێنێ؟ جارێک نوێنەرانی کورد مەزبەتەیەکیان بردە بەردەم دەستەڵاتدارانی تورک و دەزگا نێودەوڵەتییەکان و بڵێن، دەمانەوێ ئەمساڵ منداڵەکانمان بە کوردی بخوێنن؟ جارێک بۆ ئەم مەبەستە بە ڕێپێوانێک، میتیگێک، مانگرتنێک یا خۆبرسیکردنێک دنیایان هەژاند؟

ئەگەر شتێک هەبێ لەبەر چاوان بێ قەت ئینکاری ناکرێ. من ناڵێم بیست ملیۆن کوردی باکوور، بەڵکو، ئەگەر ملیۆنێکیش بە ئاشکرا و بێ پەناوپێچ بە زمانی خۆیان قسەیان بکردایە، تورک نەی دەتوانی بڵێ کورد نییە. ئەو ئینکاری بوونمان دەکا، چونکە بە کردەوە کەڵک لەو ئینکارکردنە وەردەگرێ و ڕۆژانەش بەرووبوومی هەوڵەکانی خۆی دەچنێ، کە دەبینێ کوردەکان لەگەڵ زارۆی ناو بێشکەشدا بە تورکی قسە دەکەن. تورک ئینکاری بوونمان دەکا چونکە خۆشمان لەسەر بوونەکە سوور نین. ئەم سوور نەبوون و ملدان و دەستپانکردنەوەیە، لە میدیای کورداندا، ئاشکران.

سەیری پلاکاتەکانی خۆنیشاندانە چرۆپرەکانی برایانی باکوور بکە لە مەدیاتیڤیدا. لەم ئەورووپایە ئازادە وشەیەکی کوردییان تیدا نییە. بۆچی دەبێ لە ئەڵمانیا پلاکات بە تورکی بنووسرێ؟ تۆ بڵێی

هەواڵنامەی کتێب

کوردەکە باوەڕی بەوە هێنابێ، کە نەک هەرکورد، بەڵکو ئەڵمانەکانیش هەموو تورکی دەزانن؟! ئەڵمانیێک و هۆڵەندییەک ئەگەر لە "یەشاسن" و "باڕش" بگەن، گرەوتان لەگەڵدا دەکەم، بە ماوەیەکی کەم نەک هەر ئەوان، بەڵکو قارداشە تورکەکانیشمان فێری وشەی "بژی" و "ئاشتی" دەبن!

هەندێ شت هەن بە ڕواڵەت زۆرکەمبایەخ و پووچەڵن، بەڵام، ئەگەر عەیامێک لەسەر یەکیان کەڵەکە بکەیت و پاشان بە وردی پێیاندا هەڵبڕوانیت، دەبینیت، کە ئەو شتە بچووکانە شۆپ (شوێنپێ) یێکی قووڵ لە دڵ و دەروونی خەڵکدا جێدەهێڵن، بە تایبەتیش کە لە مێدیای کوردانەدا دووبارە و دەبارە دەکرێنەوە.

پێرار دەیان جار مەدیاتیقی فرۆکەیەکی دوژمنی نیشان دا کە دەخرێتە خوارەوە. ئەمە بۆ هەر کوردێکی بەناموس هەواڵێکی خۆش بوو. بەڵام لەپڕ، گەریللەیەکی سەری چیا هاوار دەکا: "دوشتە!". من لەوە دڵنیام کە هێندەی موویەک زیان بە خەباتی هاوبشی پرۆلیتاریای کورد و تورک نەدەگەیشت، ئەگەر ئەو گەریللایە لە باتی "دوشتە" بیگوتایە "کەوت"! ئەمە شتێکی بچووکە بەڵام مانایەکی گەورەی هەیە. ئەوە دەگەیەنێ کە تورکی زمانی گەریللاو شاخوداخ و شۆڕشیشە!

یا چەند جارێک هەمان تەلەفزیۆن کچێکی ئەڵمانی نیشان دا کە دواتر، هەزار حەیف و مخابن، لە شەڕدا تورک بە دیلیان گرت. لە دانیشتنێکدا داوا لە کچەکە دەکرێ گۆرانییەک بڵێ، ئەویش ناکاتە نامەردی، بە تورکی تێهەڵدەکا. هەڵبەتە، ئەم کچە فیداکارە هیچ گوناهێکی نییە. ئەو بەو نیازە زێد و مەفتەنی خۆی جێهێشتووە و ڕووی لەو شاخ و داخانە کردووە، تا بەرگری لە خاک و چاند و زمانی بەڵەنگازترین نەتەوەی سەر ڕووی زەوی بکا. گوناهـ گوناهی ئەوانەیە، کە لەو شاخوداخانە لەباتی زمانی مەلای جزیری حەزرەتی خانی، فێری تورکییان کردووە. بۆچی نا؟ زمانی ڕەسمی هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی حیزبەکانی باکوور، هەروا زمانی ڕۆژانەی بارەگاکانیان، تەنیا تورکییە. تاکە ڕۆژنامەی کوردان لە ئەورووپا "ئوزگور پۆلیتیکا" هەر بەو زمانەیە. لە جەماوەرترین مینبەردا، کە تەلەفیزیۆنە، تورکی وەک زمانی ڕەسمی تەماشا دەکرێ. زۆربەی بابەتە گەرمەکانی سیاسەت هەر بە تورکییە. زۆربەی ئێواران لە گۆشەی دەستەڕاستی سەرەوەی ئیکرانی تەلەفزیۆن دەنووسرێ: " canli" و ئیتر ئەو ئێوارەیە کەس بە کوردی متەق ناکا. وای لێهاتووە زمانی کوردی تەنیا لەگەڵ تونبووردا بۆ لێلێ و لۆلۆ بەکار دێ!

ئاساییکردنی زمانی داگیرکەر وشیرین کردنی لەبەرگوێی ئینسانی کورد بەئاشکرا پیادەدەکرێ.

کورد لە ڕادەبەدەر پێبەندی سەرۆکەکانی خۆیەتی. هەر زمانێکیش سەرۆکەکانی قسەی پێ بکەن جۆرە پیرۆزییەک وەردەگرێ و لەبەر گوێ شیرین دەبێ. مخابن نییە سەرۆکی هەدەپ،

هێژا توران دەمیر، لە ڕۆژێکی وەک نەورۆزدا، بۆ دەیان هەزار کورد و لەبەر چاوی نوێنەرانی پەرلەمانی ئەوروپایی بە زمانی تورکی قسە دەکا؟ ئیدی چۆن ئەجاوید نەڵێ کورد و تورک وەک گۆشت هێسک یەکتریان گرتووە؟

* * *

ترسناکترین کار کە مەدیاتیقی دەستی داوەتێ تێکەڵکردنی کوردی و تورکییە لە یەک بەرنامەدا. واتە زۆرجار بەرنامەیەک بە کوردییە و لە پڕ تورکیی تێهەڵکێش دەکرێ، بە تایبەتیش بەرنامەی "سێلا سۆر" و "نێرین" و "ڕوناهی". ئەمە لە سەرتاسەری دنیادا، لە هیچ تەلەفزیۆنێک ڕوو نادا، ئەگەر ڕووش بدا، ئەوا یەکسەر موداخەلەکە تەرجەمە دەکرێ. چونکە هەر کەسێک زمانی خۆی بە سەربەخۆ دابنێ، دەبێ هەمیشە ئەو ستاتوسە بپارێزێ. هیچ بێلە ڕووسێک نییە زمانی ڕووسی لە زمانی خۆی چێتر نەزانێ. بەڵام ئیمکان نییە کەسێک لە بەرنامەیەکی بێلەڕووسیدا بە زمانی ڕووسی بپەیڤێ. ئەگەر خوا نەکا یەکێک شتێکی وای کرد ئەوا یەکسەر دەمکوت دەکرێ یا قسەکانی تەرجومە دەکرێن. بەمە گەلی بێلەڕووس ستاتووسی زمانی خۆی، وەک زمانێکی ڕەسمی و سەربەخۆ، دەپارێزێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو دوو زمانە زۆر لێک نێزیکن و ڕووس و بێلەڕووس بە ئاسانی تێک دەگەن. بۆ کورد خەتەرەکە گەورەتریشە، چونکە تورک حاشا لە بوونی دەکا. پێش هەمووشتێک لەبەر ئەوەی وا دەزانێ هەر کوردێک تورکی دەزانێ و پێویستی بە زمانێکی تر نییە!

کەسێک کوردی نەزانێ بۆچی دێتە بەرنامەیەکی کوردی، یا پەیوەندی پێوە دەکا؟ هەر بۆ ئیهانەکردنی زمانی کوردی؟ کە دەشیەوێ بە تورکی قسە بکا، بۆچی دەبێ بەرنامەوان بێ سێودوو بڵێ: "بویرن ئەفەندم!". کە گوتیشی "بویرن ئەفەندم"، بۆچی تورکییەکە بۆ سەر زمانی کوردی وەرناگێڕێ؟! بۆچی ئەو هەقیقەتە لەبیر دەکا کە کوردی و تورکی دوو زمانی جوودان؟ بۆچی ئەوە لەبیر خۆی دەباتەوە کە کوردی سێ پارچەی کوردستان (باشوور ورۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوا) هێشتا دووری مەدەنییەتن و تورکی نازانن؟

لەناو هۆیەکانی ڕاگەیاندندا تەلەفزیۆن گرنگترینە، نەخاسمە تەلەفزیۆنێکی سەتەلایت. هیچ ڕۆژنامەیەکی کوردی لە پێنج هەزار خوێنەر زێتری نییە، بەڵام تەلەفزیۆنێکی سەتەلایتی وەکو مەدیاتیقی، ملیۆنان بینەری هەیە و خەلکێکی زۆر لە بەری دادەنیشن و ئادگاری خۆیانی تێدا دەبینن، هەر لەبەر ئەوەش جێی بایەخێکی تایبەتە. هەنگاوی یەکەم هەمیشە زەحمەترینە. مەدتیقی یەکەم هەنگاو بوو. هەر ئەویش بووە سەرمەشق بۆ دەستە خوشکەکانی تری (کوردستان تیقی و کوردسات و مێسوپۆتامیا). هەر کەسێک ویژدانی هەبێ ناتوانێ بایەخی دەستپێشکەری



هەواڵنامەی کتێب

کارمەندانی ئەو دەسگایە ڕەچاو نەکا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، بەتایبەتی لە بواری زماندا، زۆری لێ داوادەکرێ.

مەدیاتیڤی بارەگاکەی لە دڵی ئەورووپایە. ئەورووپاش لە هەموو شار و گوندێکی کوردستانەوە کوردی تێرژاوە. هیچ شار و شارۆچکەیەک نییە، نوێنەری هەموو دیالێکتەکانی تێدا نەبێ. بۆیێ مێدیاتیڤی دەتوانێ ببێتە دەسگایەکی کاریگەری بلاوکردنەوە و ڕسکاندن و بە ستاندارت کردنی زمانی کوردی دەتوانێ دیالێکتەکانی کوردی بکاتە ژێدەرێکی بێبنی زمانی ستاندارت و بە تێکەڵکردنی دیالێکتەکان هەزاران وشە لە پڕێسکەی دەڤەرێکەوە دەربێنێ و بیانخاتە ناو گەنجینەی زمانی نەتەوە دەتوانێ هەموو بەرنامەکانی خۆی بە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی خەڵکی کوردستان، بە تێکەڵی بلاو بکاتەوە، نەک بمانکاتە چەند میللەتۆکەیێکی جیاجیا (سۆرانی، کرمانج، زازا... هتد)، ئەم مەسەلەیە، ئەگەر بە زوویی چارەسەر نەکرێ، ئەوا کارێکی زۆر نێگەتیڤ دەکاتە سەر دۆزی نەتەوەییمان و لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە کورد ئامادە دەکا بۆ لێک ترازان. لە دەنگوباس و بەرنامەکانی تردا، نابێ دیالێکتەکان لێک هاوێر بکرێن و کەسایەتییەکی سەربەخۆ بدرێتە هەر یەکێکیان. بۆنموونە، کفرەو کفری موتلەق دەنگوباس جارێک بە سۆرانی بێ و جارێک بە کرمانجی. هیوا دارم مەدیاتیڤیش لە بەرنامەکانی خۆیدا، وەک "کوردستان تیڤی" و "دەنگی ئەمەریکا"، هەردوو دیالێکتی سەرەکیی زمانی کوردی وەستایانە و هوشیارانە ئاوێتە بکا. مەسەلەی بەڕێوەبردنی بەرنامە بە هەردوو دیالێکی سەرەکی (کرمانجی و سۆرانی) و تێکەڵکردنیان زۆر گەرم و ئەکتۆیلە. موتربەکردنی لێکسیکی هەر یەکێکیان بەوی تر و لێک نزیکخستنەوەی هێدییان، تا زوو دەستیان پێ بکرێ هەر درەنگە.

مخابن، لە دامودەسگا ڕەسمییەکانی ئەورووپا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی "بەکردەوە" وەک زمانی سەربەخۆ دانوستانیان لەگەڵدا دەکرێ. کورد خۆی دەورێکی باڵای بینیوە لە خولقاندنی ئەم کارەساتە نەتەوەییەدا. ئەگەر مێدیای کوردان لەم ڕووەوە هوشیار نەبێ، ئەوا، وەک پێشتریش گوتم، لە داهاتوویێکی نێزیکدا، لە میللەتێکەوە دەبین بەچەند میللەتۆکەیەک. بێگومان ئەوەی لە سەرەوە گوترا گۆرانی و فۆلکلۆر و هونەرە میللییەکان ناگرێتەوە.

من ئەوەندە لەسەر مەسەلەی زمان ڕۆیشتم، چونکە بە کلیلی کولتوور و ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی مرۆڤی دەزانم. چونکە دەزانم کورد، لە زمان بەولاوە هیچ نیشانەیەکی نەتەوەیی وای نەماوە کە لە داگیرکەرانی جودا بکاتەوە.

ناکرێ بیر لەوە نەکەینەوە، بۆچی ئەوەی لەماوەی دووهەزارو پێنجسەد ساڵدا لەگەڵ جوولەکەدا نەکرا، بە حەفتاو پێنج ساڵ لە باکووری کوردستان لەگەڵ ئێمەدا کرا. جوولەکە هەزاران ساڵ، وەک ئاردی بن دڕکیان بەسەر هاتبوو، بە دنیادا بلاوبوونەوە، بەڵام زمان و

کولتووری خۆیان پاراست، کەچی ئێمە لەسەر خاکی بابوکالان بە حەفتاوپێنج ساڵ زمانی خۆمان لەبیر دەکەین. ئەگەر لەبیریشی نەکەین ئەوا هەتکی کەین.

ئومێدەواریشم کەس وا نەزانێ، من لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا دژی زمانی تورکی یا هەر زمانێکی تری بێگانەم. بە پێچەوانە، ئاشقی هەر زمانێکم کە لەسەر هەر بستێکی ئەم زەوییە چوار کەس پێی بدوێن، بەلام بە مەرجێ ئازادبم لە هەڵبژاردندا... بە ئاگر و ئاسن بە سەرمدا نەسەپێ، بەزۆر نەکرێ بە جێگری زمانی زگماکم. بە ئاواتیشم، ڕۆژێك دابێ، لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمیی دەوڵەت، لە کۆلیژەکانی ئەدەبییات و زمانانی بیانیدا، هەزاران کچ و کوڕی کورد فێری زمانی بێشکچی و جەواهیری و سەعدی و حافز بن.

## ژێدەرەکان


١. سەڤێتسکیی ئێنچیکلۆپیدیچێسکیی سلەڤەر، مۆسکۆ، ١٩٨٥، ل٥٢٢ (بەزمانی ڕووسی)

٢. هەمان سەرچاوە

٣. نەسیلێنییێ میرە، مۆسکۆ، ١٩٨٩، خشتەی ژمارە ٣، ل١٠ (بە زمانی ڕووسی)

٤. سەڤێتسکیی ئێنچیکلۆپیدیچێسکیی سلەڤەر، مۆسکۆ، ١٩٨٥، ل ٦٨٨ (بەزمانی ڕووسی)

٥. نەسیلێنییێ میرە، مۆسکۆ، ١٩٨٩، خشتەی ژمارە ٤، ل ٤٣١ (بەزمانی ڕووسی)

٦. بێگومان داگیرکەران ڕەنگە هاوکات هەموو هۆیەکانی سەرەوە بەکار بێنن، بەلام، لە قۆناغێکی دیارکراودا، زێتر جەخت لەسەر یەکێکیان دەکەن.

٧. کوردستان تیَ ڤیَ، ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/١٢

٨. کوردستان تیَ ڤیَ، ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/١٩

٩. کوردستان تیَ ڤیَ، ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٢٣

١٠. ڕاستە، زمانی ستاندارت هێشتا بە تەواوی نەچەسپاوە، بەلام بەشی زۆری نۆرمەکانی دیارن و خۆ لێ لادانیان مانای نەزانینیانە.

١١. کەناڵی ئاسمانی "کوردستان تیَ ڤیَ" ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/٢٦

١٢. Ismail Bêskçi, çend gotn li ser ronakbiên kurd,wesanên rewasen, 1992,L 86

١٣. ئەحمەدی خانی، مەم وزین "ئیتالیا"، ١٩٨٩، ل ٢٤

١٤. هەمان سەرچاوە، ل ٢٥

١٥.دیوانی نالی، بەغدا، ١٩٧٦، ل ١٠٧

١٦. دیوانی حاجی قادری کۆیی، بەغدا، ١٩٨٦، ل ٢٤٠

١٧. هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٠

١٨. هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٦

١٩. دیوانی پیرەمێردی نەمر، بەغدا، ١٩٧٠، ل ٦١

٢٠. Ismail Bêskçi, çend gotn li ser ronakbiên kurd,wesanên rewasen, 1992

٢١. هەمان سەرچاوە، ل ٧٤ - ٧٥

٢٢. هەمان سەرچاوە، ل ٢٥ - ٢٦

٢٣. Hîwa, hejmar 5,20 gulan 2000 (پاشکۆی پۆلیتیکا)

٢٤. دیوانی مەلای جزیری، تەهران، ١٣٦١ی ئێرانی، ل ٢٤١

٢٥. هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٩

٢٦. Hîwa, hejmar 5,20 gulan 2000 (پاشکۆی پۆلیتیکا)

٢٧. هەمان سەرچاو

محمد فريق حسن

# باشوورو قەیرانی ڕۆشنبیریی

## ڕۆشنبیریی چییه؟

له تواناد‌ا نییه وه‌ک زاراوه‌یه‌کی زانستی رووت به چه‌ند وشه‌یه‌ک پێناسه‌ی ئه‌م زاراوه جیوه‌ییه بکه‌ین، پێناسه‌یه‌کی ئه‌وتۆ یه‌کلایی که‌ره‌وه‌بێ و قه‌ناعه‌ت به سه‌رجه‌می خوێنده‌واران بکات. چونکه به ئه‌ندازه‌ی جیاوازی ڕێبازه‌کان پێناسه‌ی جیاوازیش بۆ ڕۆشنبیریی هه‌یه. بگره هه‌ندێ جار پێناسه‌ی ڕۆشنبیریی له که‌سێکه‌وه بۆ که‌سێکی دی گۆڕانی به‌سه‌ردا دێ. ڕۆشنبیریی به بۆچوونی محه‌مه‌د عابد ئه‌لجابری: ئاوێته بوونێکی هارمۆنییه له بیره‌وه‌ری و بۆچوون و بنه‌ما و هێماو گوزارشت و ده‌ربڕین، پارێزگاریی شوناسنامه‌ی شارستانی کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی مرۆڤایه‌تی ده‌کات، که نه‌ته‌وه‌یه‌ک پێکدێنێ له چوارچێوه‌ی ئه‌و گه‌شه‌سه‌ندنه‌دا که به هۆی جموجوولی ناوه‌کییه‌وه به خۆیه‌وه ده‌بینێ و توانای خواستن و به‌خشینی هه‌یه ... هه‌ر کۆمه‌ڵگه‌یه‌ک، چه‌ند پاشقه‌رۆبێ، به‌بێ که‌له‌پوور نابێ. له‌و ڕۆژه‌وه که مرۆڤ توانای فێربوونی له خۆیدا به‌دیکردووه، سوودی له ئه‌زموونی ڕۆژانه‌ی خۆی وه‌رگرتووه. که‌وتۆته دنیای خه‌یاڵات وبیرکردنه‌وه‌و زانیاریی کۆکردنه‌وه سه‌باره‌ت به هێزه نادیاره‌کان. ئیتر له‌و ڕۆژگاره‌وه خاوه‌نی فه‌رهه‌نگ و ڕۆشنبیرییه.

ره‌نگه داهێنانی (تیروکه‌وان وته‌ور) له‌سه‌رده‌می خۆیاندا هێنده‌ی (ئه‌تۆم وکۆمپیته‌ر)ی ئه‌م سه‌ده‌یه گرنگ بووبن. بۆیه مرۆڤ له زووه‌که‌وه خاوه‌نی ڕۆشنبیرییه، بام سه‌ره‌تاییش بووبێ..

ده‌وارنشین ڕۆشنبیریی خۆی هه‌یه. نه‌خش ونیگاری چیغ و خورج، مه‌ته‌ڵ و مه‌ته‌ڵۆک و په‌ندو سرووته (طقس) تایبه‌تییه‌کان. گۆرانی ومۆسیقاو ڕێ وره‌سمه‌کان، ڕۆشنبیریی کۆچه‌ریان پێکدێنن.

حوسێن مروه ده‌ڵێ: هه‌موو کۆمه‌ڵگه‌یه‌ک که تایبه‌تییه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ی مێژوویی هه‌بێ، ئه‌وا ڕۆشنبیریی نیشتمانی به‌رهه‌مدێنێ.. واته ئه‌و ڕۆشنبیرییه‌ی کاریگه‌ریی هه‌موو تایبه‌تییه‌کانی مێژوویی خۆی پێوه دیاربێ..

ڕۆشنبیریی له خۆڕا ناجوولێ و گه‌شه ناکات. به‌ڵکو به‌و سیفه‌ته گه‌شه ده‌کات که چالاکیی کۆمه‌ڵایه‌تییه. واته به‌هۆی ئه‌و پێوه‌ندییه ئۆرگانی و داینامیکییه‌ی به هه‌موو هێزه‌کانی ژیانه‌وه

دەبەستێتەوە کە مێژووی کۆمەڵ وگەشەسەندی مادی روحی و فیکری بەرهەمدێنێ، گەشە دەکات.. بۆیە ڕۆشنبیری زیندوو بەبێ مێژووی زیندوو نایەتە ئاراوە.

د. وەجیە کوثرانی، دەڵێ: ڕۆشنبیری کۆمەڵێک دەستکەوتی مەعریفی وژیانییە بۆ کۆمەڵێکی سنووردار لە خەڵک. بەلای ئەنترۆپۆلۆجییەکانەوە مەرج نییە (ئەو کۆمەڵە خەڵکە) نەتەوەیەک یان گەلێک پێکبهێنن. بەڵکو هەندێ جار تایەفەیەکی مەزهەبی یان تیرەیەک پێکدێنن.

ئەم پێناسەیەش ڕاستیی تێدایە. چونکە ناکرێ بڵێین: لەبەر ئەوەی (قەرەج) مەرجەکانی نەتەوەیان دۆڕاندووە ئیدی خاوەنی ڕۆشنبیری نین. یان ئەو هەموو خێڵانەی کە لە (ئەفەریقا) دەژین و تەنانەت زمانی نووسینیشیان نییە، بەبێ ڕۆشنبیرین. چونکە خاوەنی کەلەپووری زۆر زەبەندو خاوەنی سرووت وپێشینەی خۆیانن.. کەواتە، ئێستە دەتوانین بڵێین: ڕۆشنبیری دیاردەیەکی کۆمەلایەتییە گوزارشت لە گەشەسەندنی مادی وروحی لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژویی ئەو گەلە دەکات.

## کێ ڕۆشنبیرە ؟

دیسان بەرەوڕووی زاراوەیەک دەبینەوە کە لە تواناندا نییە پێناسەیەکی پڕ بە پێستی بکەین. پێناسەیەکی وەهابێ هەمووکەس قایل بکات. تەنانەت پێناسەی (ڕۆشنبیر) لەلای خودی ڕۆشنبیرەکانیش لە گۆڕاندایە.

عەلی حەرب، ڕۆشنبیر بەو کەسە دزانێ کە سەرقاڵی مەسەلەی ماف وئازادییە. ئەو کەسەی کە حەقیقەتی لەلا مەبەست بێ. یان لایەنگری بەرگری بێ لە بنەما ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگەکەی و دنیا. ئەمەیش لە فیکرو نووسین و هەڵوێستەکانیدا ئاشکرابێ. بەم پێیە ڕووەکەی دیکەی مرۆڤی سیاسییەو بریکاری ئەوە.

بەرناردشۆ دەڵێ: ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە لە ڕشتەیەک هەمووی بزانێ ولە هەر ڕشتەیەکیش شتێک بزانێ.. بەم پێیە (شۆ) هەڵوێستی لەلا مەبەست نییە. ڕۆڵی ڕۆشنبیریشی باسنەکردووە.

فەرهاد شاکەلی: لەبری ڕۆشنبیری زاراوەی (فەرهەنگ)ی بەلاوە پەسەندە. سەبارەت بە توێژی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەڵێ: دەکرێ بڵێین توێژێکی خوێندەوارمان هەیە، توێژێکی وا کە لە نەخوێندەواری ڕزگاری بووە، بەڵام ئیدی خوێندەوار شتێکەو روناکبیر شتێکی دیکە .. روناکبیر ئەگەر بەڕاستی روناکبیر بێ سەربەخۆ دەبێ، بە مێشکی خۆی بیردەکاتەوەو بەچاوی خۆی تەماشا دەکات، ڕۆڵی خۆی چاک تێدەگات و پێویستی بە ڕێنوێنی من و تۆ نییە..

کەواتە فەرهاد شاکەلی (سەربەخۆیی) بە مەرجێکی سەرەکیی مرۆڤی رۆشنبیر دەزانێ. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ دا (قاموسی رۆشنبیرانی فەرەنسا) بە قەبارەی ١١٩٠ لاپەڕە، لە پاریس بلاوبۆوە. ئەم قاموسە لە بواری خۆیدا بێوێنەیە. ئاوا پێناسەی رۆشنبیر دەکات، کە رەنگە نوێترین پێناسە بێ: توانای وەدەستهێنانی ئامێرەکانی گەشەسەندنی ئایندە، تیفیکرینی فەلسەفی و سوسیولۆجی.. بەشداری کردن لە گۆڕینی جیهان. وەستانەوە لە رووی ملهوڕیی ملهوڕاندا، بە هەموو شێوەکانیەوە..

لێرەدا هەڵوێست وەرگرتن سەبارەت بە ناجۆرییەکان بوو بە مەرجێك لە مەرجەکان. کەواتە ئەو رۆشنبیرانە کە ئایدۆلۆجیای ملهوڕان پیادەدەکەن و دەبنە ماکیاجی روخساری دزێوی دیکتاتۆرەکان، حسابیان بۆ ناکرێ. بگرە چەند زانابن بە رۆشنبیر حساب ناکرێن. "پێویستە لەسەر رۆشنبیر دابەزێتە سەر شەقام، ئیمزای لایەنگری و رای خەڵك لەسەر ئایندەی سوسیالیزم و ئاین و دیکتاتۆریەتەکان کۆ بکاتەوە."

خودی "سارتەر" چەمکی "رۆشنبیر"ی لەبەر رۆشنایی ئەم هەڵوێستانەدا نرخاندووە. بەڕای ئەو، ئەو زانایەی کە بۆمبای ئەتۆمی دروست کرد بە رۆشنبیر حساب ناکرێ..! دانەرانی (قاموسی رۆشنبیرانی فەرەنسا) دەڵێن: مێژووی زاراوەی رۆشنبیر، بۆێش (کێشەی دریفۆس) دەگەڕێتەوە. بۆیەکەم جار ساڵی ١٨٢١ لە نووسینەکانی (سان سیمۆن) دا هاتووە. ناوبراو لە کتێبی (سیستمی پیشەسازی) دا دەڵێ: داوا لە رۆشنبیران دەکەم لە رووی فیکری کۆندا بوەستنەوە. هەروەها داوایان لێدەکەم وزەی فیکری خۆیان بۆ کاروباری زانستی تەیار بکەن کە ئێمە پێویستمان پێی هەیە.) لێرەوە بەرهەمی رۆشنبیر بەو پێودانگە کێشانە دەکرێ، داخۆ تا چەند لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە. تا چەند رۆشنبیران پشت دەکەنە بیری کۆن وباوەش بۆ نوێ دەکەنەوەو پاڵ بە کۆمەڵەوە دەنێن بۆ پێشەوە؟ زانست لە وەها دۆخێکدا رۆڵی کاریگەر دەبینێ. مەحمود ڤە بری ، سەبارەت بەم مەسەلەیە نووسیوێتی: لەوانەیە ئاسانترین پێناسەی رۆشنبیر کە بتوانین بیکەینە دەسپێك ئەمە بێ: (بەرهەمهێنەری جۆرەها بابەت وشێوەو، چالاکی فیکری و روحییە، لە دۆخێکی تایبەتداو لە چوارچێوەی پێوەندییەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا مامەڵە لە تەك بەرهەمەکەیدا دەکات.)

مەحمود صە بری دەڵێ: لەکاتی قەیرانەکاندا رۆشنبیر دەبێتە تەرەف. رۆشنبیر، وەك تاك کاردەکات، بەڵام بۆ کۆمەڵ کاردەکات. پاڵنەری سەرەکی لەلای رۆشنبیر فیکرییە. بە مەبەستی تێگەیشتن و دنیاو گۆڕینێتی. رۆشنبیر وەك هێزێکی فیکریی کە کاریگەریی کۆمەڵایەتیی هەیەو لە رۆڵی خۆی ئاگادارە. کێشەی تایبەتی ئەو لە پێناو فیکردایە. رەنجی وەك رەنجی کرێکارە چۆن بەرهەمە ئابوورییەکەی لە دوا ئەنجامدا بۆ هەموانەو کار لە هەموو کۆمەڵ دەکات. چونکە

ئازادیی فیکر خۆشگوزەرانی بۆ گشت لایەکێ مسۆگەر دەکات ... کەواتە لەلای ئەم، ڕۆشنبیر ناتوانێ لە کۆمەڵەکەی دابڕێ و بەتوندیی بە فیکرو ئازادیی بیروڕاوە گرێدراوە.

ئەدوارد سەعید لەم ڕووەوە دەڵێ: (شتێک نییە پێبوترێ ڕۆشنبیری تایبەت و دوورەپەرێز. لەو کاتەوە دەست بە نووسینی وشە دەکەیت وبلاوی دەکەیتەوە، ئیدی خۆت لەنێو مەیدانە گشتییەکەدا دەبینیتەوە.)

جولیان بندا، کە نووسەرێکی سەرەتای ئەم چەرخەیە، دەڵێ: ڕۆشنبیر دەستەیەکی بچکۆلەن. خاوەنی بلیمەتییەکی پتەوو ڕەوشتی بەرزن. ئەوان ویژدانی بەشەرییەت پێکدێنن.. لە کاتێکدا گۆڵدز (زانای سوسیۆلوجی ئەمەریکایی) دەڵێ: "ڕۆشنبیران چینێکی نوێن" لێرەدا پرسێک دێتە ئاراوە: داخۆ دەکرێ بە ڕۆشنبیران بڵێین (چین) بەبێ ئەوەی بەرهەمی مادییان هەبێ؟

میلز دەڵێ: هونەرمەند یان ڕۆشنبیری سەربەخۆ ئەو کەسێتییە دەگمەنەیە بە توێشووی بەپێزەوە، بە بەرگرییەکی بێوێنەوە، قاڵبە باوەکان. ئەو قاڵبانەی ڕۆژانە هۆیەکانی ڕاگەیاندن گۆڕەپانەکەیان لێ سیخناخ کردوون، پووچ دەکاتەوە، بابەتی زیندوو، نۆبەرەو (سەرەتا)ی بە پێزی لە بری ئەوانە بەرهەمدێنێ و بەردەوام دەمامک لە ڕووی شتە سواوەکان لادەبات ... کەواتە لەلای (میلز) گەڕان بەدوای نوێدا بۆ پەرچدانەوەی بابەتە سواوەکان کاری هەرە لە پێشی ڕۆشنبیرە.

ئەدوارد شیلز (کۆمەڵناس) دەڵێ:ڕۆشنبیر سەر بە کەمایەتییەکی بچکۆلەیە، لە و کەسانەی دەتوانن لە ئەزموونی ئێستەی تێپەڕێنن نوێنەری بنەماو ڕەمزە گشتییەکانی کۆمەڵگەکەیانن.. لێرەوە تێپەڕاندن یەکێکە لە خاسییەتەکانی ئەرکی ڕۆشنبیر، دیارە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کەمایەتین. لە کۆمەڵی کوردەواریدا ئەوەندە بە ژمارە کەمن، زۆر بە ئاسانی دەتوانی بیانژمێری!

وەک لەسەرەتاوە باسمانکرد پێناسەی ڕۆشنبیر گەلێک زۆرە، بۆیە بەم پێناسەیە کۆتایی پێدێنین: ئەو کەسەیە کە وتاری هەیە و کرداری نییە. وەک جیاوازیی نێوان کاری فیکری و کاری دەستی... بەڵام وتار بڕێ جار دەبێتە هێزێکی مادی. کەواتە دەبێ قسە لەسەر فیکریان بکرێ. هەربۆیە پێیاندەوترێ ئەهلی هزر (اهل الفکر).

## لەنێوان خوێندەوارو ڕۆشنبیردا:

پێویستە خوێندەوار لە ڕۆشنبیر جیا بکەینەوە. داخۆ هەرکەسێ مامۆستا، نۆژدار، پارێزەر، ئەندیازیار ... هتد بوو ئیتر دەبێ حسابی ڕۆشنبیری بۆبکرێ؟

دیارە ڕۆشنبیر لەناو ئەم توێژانەدا هەڵدەکەون، بەڵام بەمەرجێک بە شوێنداچوونیان هەبێ و داهێنەربن. بەردەوام ئاگاداری ئەو ئاڵوگۆڕانەبن کە بەسەر ڕشتەکەیاندا دێ ..

لەم رووەوە رۆشنبیرێکی عەرەب دەڵێ، هەموو بڕوانامەکانی وڵاتانی عەرەب، بڕوانامەی نەهێشتنی نەخوێندەوارین. ئەوەندە هەیە ئەگەر بڕوانامەی (سەرەتایی) بە قەبارەی پولێکی پۆستە بێ، ئەوا (بەکالۆریۆس) بە قەبارەی (نیو پۆستکارد) هی (دکتۆرا) بە ئەندازەی پۆستکاردێکە. چونکە لە وڵاتانی عەرەبدا خوێندەوار دوای ئەوەی بڕوانامەکەی وەرگرت ئیدی لە کۆشش و بە شوێنداچوون دەوەستێ وپشتی لێدەکاتەوە. ئەم رایەی زانای عەرەب بەسەر کوردانیشدا پراکتیزە دەبێ.

نۆژدارێک (طبيب) ئەگەر بەشوێنداچوونی نەبوو، دیارە ناتوانێ هیچی نوێ بخاتە سەر ئەو زانیارییانەی کە هەیەتی. بۆیە دوای چەند ساڵێک دەبێتە برینپێچ (مضمد). چونکە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا زۆر دەرمان وچارەسەری نوێ دێنە ئاراوە. زۆری دیکەیش کاریان پێناکرێ. بەم پێیە ئەوانەی بە شوێندا چوونیان نییە دەبنە کۆلکە خوێندەوار! وەک چۆن (کۆلکە مەلا زیانی بۆ دین هەیە!) هەمان دەستوور، کۆلکە خوێندەواریش زەینی خەڵک دەشێوێنێ..

بەلای ئێمەشەوە رۆشنبیر ئەو کەسەیە جگە لەوەی لە یەکێک لە بوارەکانی هونەر، هزر، یان زانستدا پسپۆڕەو ئاگاداری مێژووی کۆن و نوێیەتی. بۆ خۆیشی بەردەوام بەرهەمی نوێی هەیە. بەرهەمی وەها کە شایەتی بۆ بدرێ. بوارەکەی پێدەوڵەمەند بێ. پێویستە زانیاریی گشتگرو هەمەلایەنی هەبێ و (موسوعی) بێ.

رۆشنبیر ویژدانی گەلەکەیەتی لە سەرانسەری دنیادا. لەسەر مەسەلە هەڵپساوەکان بە دەنگ دێ. لایەنگری ئازادییە بۆ گەلی خۆی وگەلانی دنیا. لە رووی زۆرداردا پەنجە رادەوەشێنێ. حیزب و رێکخراوەکان لغاوی ناکەن. رەمزی نیشتمان ونیشانەی شکۆمەندییەتی. گەلان بە رۆشنبیرەکانیاندا دەناسرێن کە لەسەرو یاساوەن. رۆشنبیر شەرەف و ئابڕووی گەلەکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە .. هەر گاف لەگەڵ دەسەڵاتدا ناکۆکە. چونکە دەسەڵات حەقبەستنی دەوێ وئەم دنیا لە گۆڕاندا دەبینێ. دەسەڵات سەرکوتکەرەو ئەم لەگەڵ ئازادیدایە. لەلای ئەو رەگەزو رەنگ و زمانەکان بەبێ جیاوازین.

پێویستە لێرەدا، خوێنەر تێبینی ئەوە بکات ئێمە ئێستا لە کوردستان (نیمچە دەسەڵات)مان هەیە. نەک دەسەڵاتی تەواو بەمانا زانستییەکەی.

## رۆشنبیریی لە کۆمەڵگەی داگیرکراودا:

گومانی تێدا نییە کە رۆشنبیریی سەرجەم چالاکییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئەو مرۆڤەی کە لەدووی مانا دەگەڕێ، مانای دنیا. تاکو بگاتە سەقامگیربوون و لەنگەرگرتنێکی ئەوتۆ، بتوانێ (بوون) بپارێزێ. ئەگەرچی سروشت لە ئەسڵدا لەنگەرگرتووە (متوازن) بەڵام مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا لەنگەرگرتوو نییە. رەنگە رۆشنبیریی بتوانێ ئەم لەنگەرگرتنەی بۆ برەخسێنێ ... یەکەم



هەولێرنامەی گێزر

شتێک کە پێویستە بیزانین ئەوەیە کە ڕۆشنبیریی وەک (مادە) یە لە بەین ناچێ. ئەوەی پاشەکشەی کرد ئەوا دەبێتە کەلەپوور. کەلەپووریش لەلای خۆیەوە دەبێتە گۆشت وخوێن بۆ ئەوەی دادێ. وەک چۆن نابێ هەمیشە خۆمان بۆ رابردوو تەرخان بکەین و وەک شتێکی پیرۆز سەرنجی بدەین، ناشکرێ بیپەڕێنین و بەسەریدا باز بدەین. چونکە سەرچاوەیەکە بەشی ئێستا دەدات. ئەم ئێستایەی کە بۆ خۆیشی دەبێتە رابردوو، بەردەوام پردێکی ئاوالا لەنێوان هەرسێ تافەکەدا هەیە. لەسەر ئەم پردەوە مەعریفەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی دەگوێزرێتەوە. ئامادە نەبوونی ڕۆشنبیریی لە ژیانی گەلاندا کارەساتی وەک جەنگی نارەواو جۆرەها کوێرەوەریی دەخاتەوە. کە لێدەرچوونیان ئەستەمە. چونکە گەلان دووچاری ئیفلیجی دەکەن ولە مێژوو دایدەبڕن.

ڕۆماننووسی خەلکی (پاراگوای) ئوگستو رواباستوس دەڵێ: دیکتاتۆرییەت رەگیشەو هۆکاری خۆی هەیە. وایبۆدەچم دیکتاتۆریەتەکان دەرەنجامی رەوشێکی پڕ لە کوێرەوەری و نەهامەتیی کۆمەڵایەتی، ئابووری ورۆشنبیریی بن لە ژیانی گەلاندا بنجیان داکوتابێ. کاتێکیش ئەو رەوشە بنج دادەکوتێ ودرێژەدەکێشێ. دەبێتە شۆربایەکی گەرم بۆ دیکتاتۆریەتەکان. کار ئاوهایە لە ئەمەریکای لاتین، کە ئەمڕۆ بە قۆناغێکی ئابووری کۆمەڵایەتیی ترسناکدا رەتدەبێ. دەکرێ ناوی (کارەساتی کۆمەڵایەتی) لێبنێم.

×

لەم رۆژگارەدا، زوو زوو لە کۆڕە ئەدەبییەکاندا باسی تەنگۆەی ڕۆشنبیریی دەکرێ. بەڵام داخۆ ڕۆشنبیریی بەتەنێ ئەدەب دەگرێتەوە وەک لای ئێمە هەموو قوورساییەکی خۆیان خستۆتەسەر؟ بێگومان نەخێر ! ئەدەب بەشێکە لە دنیای فراوانی ڕۆشنبیریی. بەڵام لەلای خۆمان لە قەدیم و نەدیمەوە ئەم بەشەی ڕۆشنبیریی لەسەرخۆ گەشەی سەندووە تا گەیشتۆتە ئەم تافەی ئێستەی. ئیدی وزەیەکی ناوەکیی بەهێز کارێکی ئەوتۆی نەکردووە کۆمەڵگەی کوردەواری لە ناخەوە بهەژێنێ و کودەتایەکی تێدا بەرپا بکات لەگەڵ خۆیدا فیکرو فەلسەفەو روانینی نوێ بهێنێتە ئاراوە. جیاواز لەوانەی کە پێشتر جێگەی بروابوون.

رەنگە گرنگترین بیرۆکەیەک کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە هاتبێتە ناو کوردانەوەو بووبێ بە خولیای مرۆڤی هوشیار، خولیای (سەربەخۆبوون)بێ. خولیای بەدەستهێنانی دەسەڵات بێ کە کورد مێژوویەکی دوورو درێژە لێی بێبەشە. ئەگینا کۆمەڵگەی ئێمە گۆڕانکاریی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. کورد هەمیشە خاوەن باوەپیارەی دڵڕەقی داگیرکەر بووە. دایگیرکەری رۆژهەڵاتیی دواکەوتوو.. ستەمی ژیانی وەک خۆی ماوەتەوە. هەڵچوون وداچوونی ریشەیی وەها نەهاتۆتە ئاراوە چەمک وپێوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان بلەقێنێ و پێوەندی نوێ جێگەیان

بگرێتەوە. ئێستاش بونیادی دەسەڵاتی ناوچەکە وەک ئەوسا خێڵەکییە. دێهاتەکان جوتیارنشین وشارەکان بە پیشەی دەستییەوە (حرفە) خەریکن. دیارە یەکێتی خاک و پەرەسەندنی پیشەسازی وبازرگانی، ئازادبوون لە قەیدو بەندەکان گەشە سەندنی فیکرو رۆشنبیریی لەگەڵ خۆیان دێنن. ژیانی کۆمەڵایەتیش پەرە دەسێنێ وبە ئاسانی فیکری نوێ وداهێنانی نوێ دەگەنە لامان. دیارە کورد هەزاران ساڵە خاوەنی دەسەڵاتی خۆ نەبووە. فەرمانڕەواکانی لە خۆی نەبوون. پارچەپارچە بوونیشی لەولاوە بوەستێ کە لە گەڵیدا کلتووریشی پارچەپارچە دەبێ وداگیردەکرێ. پەرت بوونی نەتەوەیش رێگە لە گەشەسەندنی رۆشنبیریی دەگرێ. کورد بەردەوام لەژێردەسەڵاتی کۆمەڵە دەولەتێکدا بووە زۆربەی دەرامەتی خۆیان بۆ پرچەککردن وسوپا تەرخانکردووە.

دەوڵەتانی بچووک و نەمەیوی وەک داگیرکەرانی کوردستان کە لەناوەوە کلۆرن و دوژمنانیان چاویان تێبڕیون. بووجەی بەرگری سوپایان لە هی وڵاتە گەورەکان گەلێک پترە ئەگەر بە شێوەیەکی رێژەیی وەریبگرین. ئەمە کارێکی کردووە لەلای نەتەوەی سەردەستیش رۆشنبیریی بایەخی ئەوتۆی پێنەدرێ.

لە لایەکی دیکەیشەوە دیارە ئەگەر نەتەوەیەک خاوەنی فەلسەفە نەبووبێ کە دایکی زانستەکانە، ئیدی چۆن رۆشنبیریی تێیدا پەرەدەسێنێ؟

کۆمەڵگەی کوردەواری کە رێژەی نەخوێندەواری گەلێک بەرزە، بە هۆی ئەو دواکەوتنەوە کە لە ئەنجامی چەوساندنەوەی هەمە لایەنی داگیرکەرانەوە دووچاری بووەو بۆ هەزاران ساڵ درێژەی هەیە، هەست بە گرنگیی رۆلی رۆشنبیریی ناکات. ئامادەیی تێدا نییە شوێن بیری نوێ بکەوێ و بڕوا بە ئازادیی بیروڕاو دایەلۆک بهێنێ. رۆشنبیر لە کۆمەڵگەی وەهادا دەستەوستانە. بەڵکو بەناچاری لەگەڵ کۆمەڵی وەهادا رێدەکات، لە کاتێکدا خۆی هیچ بڕوایەکی بەو بنەما کۆنانە نەماوەو بنەمای دیکە لە ناخیدا جێگیرە. بۆیە هەرچەند دەکۆشێ ناتوانێ پێشەوایەتی یان رێنوێنییان بکات. روناکبیری کۆمەڵگەی کوردستان دوو جیهانی هەیە. جیهانی جەماوەرەکەو جیهانی تایبەتیی خۆی. بۆیە لەناخەوە هەست بە نامۆیی دەکات.

<u>قەیرانی رۆشنبیریی</u>

کە دەوترێ رۆشنبیریی لە تەنگژەدایە، یان دووچاری قەیران بووە مانای وایە رۆشنبیریی هەیەو لە ئارادایە. بەڵام وەک پێویست بەرهەم نایەت ولە ئاستی رۆژگارەکەدا نییە. هەر بەو پێیە خودی رۆشنبیریش وەک پێویست ئامادەبوونی نییە ..تەنگژەی رۆشنبیریی لە ریشەدا دابەستەی تەنگژەی سیاسییە. هەرکاتێ تەنگژە سیاسییەکان خەست بوونەوە، ئەوا قەیرانی رۆشنبیریش سەرهەڵدەدات. لێرەوە دەمەوێ هەندێ لە هۆکارەکانی ئەم تەنگژەیە بخەمە روو.

<u>یەکەم</u>

دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لە ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن ورۆژنامە، بەشێکن لەو کەناڵانەی ڕۆشنبیری پەرەپێدەدەن. بەڵام لەلای ئێمە بوونەتە دەزگەی ڕاگەیاندنی حیزبەکان. مەودایەکی بەرتەسک وسنووردارییان هەیە. لە دوای ڕاپەڕینەوە بوونەتە (بدیل)ی گشت پرۆسەی ڕۆشنبیری. کارکردن لەم کەناڵانەدا سنووردارە. لە نووسینی ڕاپۆرت، هەواڵ، وتاری سەرێیی، ستوونی ڕۆژنامە، شیعری ڕۆژنامەو ڕۆژنامە چیرۆکدا خۆی دەبینێتەوە. کە هیچ قووڵبوونەوەیان تێدانییە. ڕاگەیاندن داهێنەرانی جارانی لوولداوە. مەودای بیرکردنەوەیانی بەرتەسک کردووەو ناهێڵێ پڕ بە مێشکی خۆیان بیربکەنەوە. ڕۆژنامە کەناڵی هەواڵەکانە. لە ڕۆژنامەنووس دەخوازێ بەردەوام بەشوێن هەواڵەکانەوە بێ وبەرهەمی نوێی سەرنج ڕاکێشی هەبێ. وەک ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژئاوایی دەڵێ: (ڕۆژنامە وەک مریشک دەڕوانێتە نووسەرو پەیامنێرەکانی. حسابی ئەوەیان بۆ ناکات پار چەند هێلکەیان کردووە. گرنگ ئەویە ئەم هەفتەیە چەند هێلکە دەکەن؟!) وەکیدی ڕاگەیاندن جومگەیەکی بێهێزە لە بونیادی حیزبەکاندا. تەنانەت لە ئاستی سەرکردایەتی لایەنەکاندا کامەی نەکردە بووە ئەوەیان کردووە بە بەرپرسی ڕاگەیاندن. نووسەر لەم شوێنانەدا ناتوانێ ممارەسەی دەسەڵاتی خۆی بکات. ڕاگەیاندن بۆ نووسەر دەبێتە شوێنێکی چەپەک وتواناو وزەی دەمژێ. نووسەر کاتێک کەوتە یەکێک لەم دەزگایانەوە، ئیدی دەبێتە فەرمانبەرو پێشتر کۆمەڵێک مەرجیان بەسەردا سەپاندووە. خواستی ئەوان جێبەجێ دەکات نەک پرۆژەکانی خۆی. بۆ بژێویش چاو لەدەستی لێپرسراوانەو هەمیشە دەبێت لە دوایانەوە بڕوات. لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا، زۆر لە ڕوناکبیرانی ئەوسا مەبەستیان بووە سەربەخۆیی ئابووری خۆیان بپارێزن بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر فشارەوە. بۆیە مووچەیان لە دەوڵەت وەرنەگرتووە. وەکیدی کاریشیان لە دەزگاکانیدا کردووە. هەندێ جار مەرجی تایبەتی خۆشیان سەپاندووە. بۆنموونە یەکێکی وەک ئیمام (ئەحمەد بن حەنبەل) مووچەو دارایی لە دەوڵەت وەرنەگرتووە.

**دووەم**

ئێمە لەسەردەمی جەنگی ناوخۆدا دەژین. لە هەرکوێ جەنگ هەڵگیرسا، ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیری لەو جێیە باردەکەن. لەسەروبەندی هاتنە سەرکاری نازییەکاندا لە ئەڵمانیا زۆرێک لە زاناو ڕۆشنبیرەکان ئاوارەبوون. لەدۆخی جەنگی نێوخۆی لوبناندا نووسەران ڕەویانکرد. لێشیان کوژرا. لە دۆخی ئاشتی وئارامیدا زانست وفیکر پێشدەکەون و دیموکراسی بەرکەماڵ دەبێ.

فەرهاد شاکەلی نووسیوێتی: بۆ ئەوەی فەرهەنگی گەلێک، نەتەوەیەک پێشبکەوێت وگەشەبکات، لە پێش هەموو شتێکی کەدا پێویستی بە ئەتمۆسفێرو دەورووبەرێکە دیموکراسی و ئازادیی بیری تێدا چەسپاو بێ. ئەمە تەنیا ئازادیی ڕادەربڕین ناگرێتەوە. بەڵکو ئازادیی

بڕیاردانیش. واته بەڕێوەبردن وپلاندانان و نەخشەکێشانیش.. لە هیچ بەشێکی کوردستاندا ئەم هەلومەرجە لە ئارادا نییە. تەنانەت لە ناوچە (جاران) رزگارکراوەکانی کوردستانیشدا نەبوو...

هەرچۆنێـک بێ لە وڵاتێکدا شەڕی ناوخۆ لە ئارادابێ ئەوا رۆشنبیـریی دەبێـتە کەمالیات!

سێیەم

هەرەسهێنانی بلۆکی رۆژهەڵات ماوەیەکی ئەوەندەی لەگەڵ راپەڕیندا بەین نەبوو. هەرەسهێنانی پراکتیزەکردنی بیری سۆسیالیزم بەو شێوەیەی لە سۆڤیەت و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات پیادە دەکرا، بووە مایەی پشێوی فیکری وئەوق بوون وسەراسیمە بوونی ژمارەیەک لەو رۆشنبیرانەی بڕوایان بەو رێبازە هەبوو. هەموویانی دووچاری دۆشدامان و بەخۆداچوونەوە کرد .. بەلای ئەو رۆشنبیرانەوە (هەرەس) کاری نەکردەبوو. هەندێ، تاکو ئێستاش بەدوای بەدیلێکی موزوعیدا دەگەڕێن. هەندێ تووشی هەژاندنی فیکری هاتوون وهێشتا نەهاتوونەتەوە سەرخۆ. بۆیە لە مەیدانەکەدا ئەو نموودەیان نەماوە. لە بەرهەمهێنانی (جدی) کەوتوون وبەکاری لاوەکییەوە خەریکن. ئەم حاڵە بەتەنیا کوردستانی باشووری نەگرتۆتەوە، بەڵکو دیاردەیەکی گشتگرە.

چوارەم

لەلای ئێمە (رۆشنبیر)ی سەر بە ئۆپۆزسیۆن ناتوانێ پێوەندیی بە جەماوەرو هەوادارانی خۆیەوە ببەستێ. (کتێب) بە ئاسانی نایەتە بەرهەم وخەرجیی زۆری دەوێ. رادیۆو تەلەفزیۆنەکان بە روویدا داخراون. مەگەر لە بۆنە تایبەتییەکاندا بەسەربکرێنەوە. وەک(ئەدوارد سەعید) دەڵێ: هۆکانی پێوەندیی کاریگەر کە دراوی (عملە) رۆشنبیرانن، لێیان فرێنراوەو دەستیان بەسەردا گیراوە.

دوای ئەوەی پێنج ساڵان بەسەر راپەڕیندا رەتبوو ئەوجا لێرەو لەوێ گۆڤاری رۆشنبیریی سەریانهەڵدا. لە کاتێکدا لە شوێنان بە هۆی پلانێکی پێنج ساڵەوە کۆمەڵ لە بارێکی دوا کەوتووەوە دەگوێزنەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتوو.

پێنجەم

کاتی خۆی تێکۆشان بۆ دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی وبەرفراوانکردنی. هەروەها هەوڵدان بۆ کردنەوەی زانکۆ لە شارەکانی دیکە، تێکۆشان بوو دژبە کۆلۆنیال کردنی رۆشنبیریی وتەقەللا بوو بۆ بەرهەمهێنانی رۆشنبیریی نەتەوەیی و نیشتمانی.

ئەوا ئەمڕۆ ئێمە خاوەنی سێ زانکۆین ..! لە گشت دنیادا بەرهەمی نوێ، توێژینەوەی نوێ دەستکردی مامۆستایانی زانکۆیە .. ئەدی کوا بەرهەمی زانکۆکانی کوردستان؟ ئەم زانکۆیانە خاوەنی زمانحاڵی خۆشیان نین .. کامەیە گۆڤارەکانیان ؟!.. ئەگەر زانکۆ بە کاری خۆ خەریک بێ

که لێکۆڵینەوەی زانستییە، ئەوا ناچاردەبێ هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بەرامبەر بەم نیمچە دەسەڵاتانە هەبێ. لەو دیاردانە بکۆڵێتەوە کە لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان هێزەکانەوە دێنەئاراوە.

لێرە لایەنی تیۆریی رووت بەسەر پراکتیکدا زاڵە.. لە کاتێکدا دەبوو پەرە بە رۆشنبیریی نیشتمانی بدەن، کەچی لە زانکۆ و پەیمانگاکان و خوارتریش هەر رۆشنبیرییە کۆنەکەیەو زۆر جار نەشکراوە بە کوردی!

جگە لەوەش وەرگرتن لە زانکۆو پەیمانگەکان (هەوایی)یەو لەسەر بناغەی پێویستیی ئەم کۆمەڵگەیە رەنگی بۆ نەرێژراوە. بە کورتی بێکارە بەرهەمدێنن. دەبێ باسی ئەوەش بکەین، ئەگەر ئامێری گەیاندنی زانست لە باخچەی ساوایانەوە بۆ زانکۆ (مامۆستا) بێ. ئەوا ئەوانەی کار لەمستن مامۆستایان دووچاری گرێی کەمسەریی کردووە. چونکە لەژێر دەسەڵاتی نا رۆشنبیردان. بەسێ مامۆستای دەرچووی زانکۆ مووچەکەیان هێندەی ئاسایشێکی نەخوێندەوارە!

مامۆستا بۆخۆی زەوادی نییە بیخوات، ئیدی زەوادی رۆشنبیریی لە کوێ بوو؟ ئەی پرۆگرامیان کوا هەتا بیگەیێنن؟ ماڵ: ناتوانێ روناکبیریی بەرهەم بێنێ. قوتابخانە کەلاوەیە تەنانەت کتێبی خوێندنی نییە، مەگەر ئەو چەردەیەی جاروبار رژێم بەخێر دەیانداتێ. دەروونی مامۆستایش کەلاوەیە. کۆمەڵیش: خێسە لە رۆشنبیریی دەکات.

**شەشەم**

وەک باسمان کرد لە هەر بوارێکدابێ، رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە (اضافە)ی هەیە. جا ئەو بوارە ئەدەب، هونەر یاخود زانستەکان بێ. بەڵام لە نێوان ئەم دەستانەدا لێک تێگەیشتن و نزیکبوونەوەی روحی نییە. وەک هەر دەستەیەو ددان بەرەنجی دەستەکەی دیکەدا نەنێ وەهایە. بۆیە بەدەگمەن پێکەوە کۆدەبنەوە.

کوا ناسیاوی وپێوندیی لە نێوان نوژدارێکی هەڵکەوتوو، شاعیرێک، چیرۆکنووسێکی هەڵکەوتووی تەنانەت دانیشتووی یەک شاریشدا هەیە؟ داخۆ پسپۆرێکی هەڵکەوتووی نەشتەرگەریی لە بەرهەمی شاعیرێکی هەڵکەوتووی سەردەمەکەی بە ئاگایە؟داخۆ رێکدەکەوێ لەسەر مێزێک لە بۆنەیەکدا پێکەوە کۆببنەوە؟ باوەڕناکەم. مەگەر لەسەرە مەرگدا، لەسەر مێزی نەشتەرگەریی!

**حەوتەم**

ئەگەرچی لە پارێزگای سلێمانی نزیکەی ١٦ تیپی شانۆ هەیە. کەچی لە دوای راپەڕینەوە بە هەموویان شانۆگەرییەکی (جاد)یان پێشکەش نەکردووە کە گوزارشت بێ لەم رەوشە نوێیە. یاخود (بیانی) بێت وخزمایەتی لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیەدا هەبێ. هەموو ئەوانەی پێشکەشکراون بێجگە لە بەرهەمەکانی (فوئاد مەجید میسری) یان عەبەسی بوون. شانۆی

(عبسی)یش بەر لە ڕاپەڕین دەوڵەت هانی دەدا. یاخود (تهریج) بوون وبەناوی (کۆمیدیا)وە پێشکەش کراون. ئەم دیاردەیەش بۆتە مایەی ناوزڕاندنی شانۆو ئەکتەرو دەرهێنەر پێکەوە. تەنانەت(تهریج) لە تەلەفزیۆنەکانی کوردستانەوە کارێکی کرد بینەری ئاسایی، شانۆ بە (گاڵتەجاڕ) و ئەکتەر بە (لێبوک) بزانێ.

لەلایەکی دیکەوە، ئەم بارودۆخە نوێیە "دیموکراسی ڕۆشنبیریی" لەگەڵ خۆی بەدیاری نەهێنا. بەو مانایەی لەلایەن حیزبەکانەوە هاوکاری وپشتگیریی خاوەن بەهرەکان بەبێ جیاوازیی بکرێ. بۆیە دەڵێم: (لەلایەن حیزبەکانەوە) چونکە لەم باشوورە ئابووری، ئابووریی حزبە نەک هی حکومەت.

وەزارەتی ڕۆشنبیریی(کابینەی سلێمانی)هەر بەرهەمێکی بچێتە بەردەست بۆچاپکردن، دەبێ هەڤاڵ(م.ب)بڕیاری لەسەربدات دەنا چاپناکرێ. ئەو هەڤاڵەش ئەندامی سەرکردایەتییە. ئەو هەڤاڵە نەک لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی، بەڵکو لەهیچ فەرماگەیەکی حکومەتدا فەرمانبەر نییە. سانسۆرێکی حزبیی ڕووتەو هیچی دی. داخۆ سانسۆری لەم جۆرە لەهیچ قوژبنێکی ئەم دنیایەدا هەیە؟

لێرەوە شانۆو نواندنی بەرهەمەکانی وەک فیلمی تەلەفزیۆنی (ڤی ئێچ ئێس) بەو ئیمکاناتە کەمەیشەوە، کەوتە دەست ئەوانەی هەواداری حزبە گەورەکانن. نەک هونەرمەند وخاوەن بەهرەکان بەگشتی وبەبێ جیاوازی. ئەوانیش کە توانایان خراپە بەردەست، نەیانتوانی (مخاطبە)ی ئەقڵی جەماوەرەکان بکەن. توێژی ڕۆشنبیریش بەقێزو بێزەوە بۆ ئەو بەرهەمانەی ڕوانیوە. چونکە کەسی ڕوناکبیر جیاوازیی نێوان (تهریج) وکۆمیدیا دەکات. هەروەک دەتوانێ شانۆو فیلمی بانگەشە لە شانۆو فیلمی بە ئامانج ومانادار لێک هەڵاوێرێ.

لە پارێزگەی سلێمانی (وەک نموونە بۆ پارێزگەکانی دی) بەر لە ئەنفال وراگوێزان پێنج سینەما هەبوو. دوای ئەو کارەساتانە مایەوە سەر سێ سینەما. باشە لەدوای ڕاپەڕینەوە چەند هۆڵی شانۆو سینەما زیادیان کردووە؟! دیارە شانۆو سینەما دوو هونەری جەماوەرین و کاریگەرییان هێجگار زۆرە. دەبوو ئێستا شانۆو سینەمای گەڕۆکمان هەبوایە، تاکو بگەنە شارۆچکەو دێهاتەکان. دەبوایە پیشانگەی شێوەکار لە شارۆچکەکانیش بکرایەتەوە. ئەو چەردە چالاکییەی کە هەیە قورساییەکەی کەوتۆتە سەر شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک. وەک بڵێی: ئێمە دووگەلی جیاوازین. گەلێک لە (نوخبە)و گەلێک لە (جوتیار) کە لەیەک ناگەین وبەیەک نامۆین. لێرەوە کێشەکە لە ڕۆشنبیرییەوە دەبێتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی. دەبوایە ئەم بارودۆخە نوێیە، لە ڕووی شارستانییەوە شارو گوندی لێک نزیک بکردایەتەوە. چونکە هەموو دەزانین دەستە چیلەی جەنگی پارتیزانی جوتیاران بوون. ئەوان لە هەموو چین وتوێژێکی دیکە پتر زیانیشیان لێکەوت. شانۆو سینەمای گەڕۆک دەیانتوانی ڕۆڵێکی بەرچاو لە هوشیاری ونزیک

خستنەوەی شارو لادێدا بگێڕن. پێویستە باوەڕیان بە لامەرکەزیی هەبێ. بەو مانایەی شارۆچکەو گوندەکان گرنگیيان پێبدرێ ولەبیر نەچنەوە، تاکو بەهرەکان لە هەرکوێ بن بگەشێنەوەو پێشبکەون. لە شارەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆکەوە گیانیان بەبەردا بکرێ وئاراستە بکرێن وهاوکاری بکرێن بۆ ئەوەی لەم دووفاقییە رۆشنبیرییەی نێوان شارستان وگوند رزگارمان بێ.

## هەشتەم

راپەڕین رەوشێکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئاراوە کە زۆر جیاوازە لەسەردەمی پێشوو. هەموو هەڵچوون وبزاڤێکی نوێ. هەموو پێچکردنەوەیەکی مێژوویی گرنگ، پێویستی بە زمانێکی نوێش هەیە بۆ دەربڕین گوزارشت. بەڵام زۆر نووسەرو هونەرمەند هەن بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم رەوشە نوێیەدا هێشتا ئەو زمانە نوێیەیان نەدۆزیوەتەوە. ئەوەی ئەم زمانە نوێیەی نەدۆزێتەوە دەکەوێتە تاریکییەوەو ئیدی هەڵناسێتەوە. لێرەوە دەتوانم بڵێم: زۆر نووسەر وشکدەبنەوە. هەروەک زۆر سیاسی بە هاتنی ئەم دۆخە نوێیە ئەستێرەی بەختیان کشاو بەردەوام هەر سیاسییەو پەکیدەکەوێو بە جێدەمێنێ. ناوی هیچ سیاسیەک ناهێنم. بەڵام پەسەند وایە سەبارەت بە ئەدیب وپێچکردنەوەی مێژوویی نموونەیەکی بەرچاو بهێنمەوە.. دیارە هەموومان لەتواناو بەهرەی نووسەری عەرەب (نجیب محفوظ) دڵنیاین. دەسا ئەو نووسەرە گەورەیە بەدوای بەرپابوونی شۆڕشی نوێی میسردا (٢٣ ی یۆلیۆ) بۆماوەی پێنج ساڵی رەبەق هیچی بۆ نەنووسرا.

## ئەنجام

رۆشنبیری، یان روناکبیریی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو گوزارشت لە قۆناغێک دەکات لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵ. هەر کۆمەڵگەیەک چەند سەرەتاییش بێ هێشتا هەر خاوەنی رۆشنبیریی خۆیەتی لە ئەفسانە، سرووت. لە رێورەسم وگۆرانی ونەخش ونیگارو پۆشاک و هەڵس وکەوتیاندا خۆی دەنوێنێ. هەتا دەگاتە کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە کە تیایدا رۆشنبیریی دەگۆڕێ بۆ تەکنۆلۆژیاو جێ پەنجەی بەزەقی دیارەو گوزەرانی خەڵک خۆشدەکات. ئەم زاراوەیە لەگەڵ (ژیار)، واتە (شارستانیەت)دا، هاوواتایە.. جوتیاری گوندێکی پەڕگەی ئەم دەڤەرە کە سەعاتی لە دەستەو ترەکتۆر داژووێ، ئەوە مانای وایە دەیەوێ رۆژانە بەرنامە بۆکاری رۆژانەی خۆی دابڕێژێ. مامەڵەیش لەگەڵ تەکنەلۆژیادا دەکات کە بەرهەمی رۆشنبیرییە. بۆیە باخۆیشی کەسێکی رۆشنبیر نەبێ بەڵام مامەڵەی لە تەکدا دەکات.. خودی رۆشنبیریش کەسێکی دیاری کۆمەڵە. ویژدانی زیندوویەتی. دەبێتە پارێزەرێکی وریاو بەرگری لەماف ودیموکراسی دەکات. لەگەڵ بەرەو پێشچووندایەو هەردەم لەگەڵ دژە رۆشنبیردا ناکۆکە، کە دەیەوێ چەق بە کۆمەڵ ببەستێ. کورد لەکۆنەوە بە رۆشنبیری خۆی گوتووە (زانا ـ عالم) کە لە حوجرەکانەوە سەریان هەڵداوە، کەچی بوونەتە ویژدانی ئەو سەردەمەی خۆیان وەک خانی و حاجی قادر.. چی

لە دڵ و ویژدانی میللەتدا هەبووە، ئەوان لە قاڵبێکی باڵاداو بە زمانێکی تۆکمە دایانڕشتووە.. ڕۆشنبیر بە کەسێکی خاوەن بەرهەم دەگوترێ. بە مەرجێک بەرهەمەکەی نوێ بێت ورشتەکەی دەوڵەمەند بکات. بە کەسێک دەگوترێ کە سەری لە ژیان و دنیا دەربچێت. مەرج نییە هەموو خاوەن بڕوانامەیەک ڕۆشنبیر بێت. لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا بە ڕۆشنبیریان دەگوت: (منەوەر). ئەو منەوەرانەی سەردەمی شۆرشەکانی شێخ مەحمود خاوەنی دەنگی خۆیان بوون. رای بێ پێچ وپەنایان لەسەر شۆرش وباری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە هەبوو. بەرهەمەکانیان بەزیندویی ماونەتەوەو بایەخی مێژوویی زۆریان هەیە. بوونەتە سەرچاوە بۆتێگەیشتن لەو ڕۆژگارە.

کورد هەزاران ساڵە داگیرکراوە. پاشان پارچەپارچەیش کراوە. لە دۆخێکدایە ڕۆشنبیرانی پارچەیەکی هی پارچەکانی دیکە ناناسن. ناتوانن پێکەوە کۆببنەوەو راوێژبکەن.

داگیرکەرانی هەمیشە ویستوویانە زمانی کوردی لەبەرچاوی خودی کورد سووک بکەن. کارێکیان کردووە کورد بێزی لە مێژوو کلتووری خۆی بێتەوە. زمانی داگیرکەر بە باڵاو گونجاو بزانێ وبێبنووسێ. بۆیە بەکوردی نووسین درەنگ سەری هەڵداوە. لەگەڵ ئەوەشدا روناکبیری شۆرشگێڕ هەرگاف سەری زم بوون بۆ هەڵسانەوەو سەرهەڵدان. لەسەردەمی عوسمانیدا، ئەو ڕۆشنبیرانەی لە چوارقورنەی کوردستانەوە دووردەخرانەوە بۆ ئەستەنبوڵ، لەوێ (یانەی کوردان) یان دامەزراند ورۆژنامەی (تەرەقی وتەعاون)یان دەرکردو (کوردستان بۆ کورد) یان کردە دروشمی خۆیان.کەسێکی وەک (میقداد مەدحەت بەدرخان) لە غەریبی رۆژنامەی (کوردستان)ی دەرکرد.

لەم ڕۆژگارەدا، جەنگی ناوخۆ بواری نەدا ڕۆشنبیری پێشبکەوێ. جەنگ خولیاو خەیاڵ وبودجەی ئەم دەڤەرەی داگیرکردووەو بۆ خۆی بردووە. ئێمە ئێستا لە ناوچەیەکی چەپەکی دوورە شارستانیدا دەژین کە بە ئاستەم پێوەندیی لەگەڵ دنیادا ماوە. کتێب وگوڤارە بیانییەکان رووی تێناکەن. ئاگامان لە ڕەوتی نەوەستاوی ڕۆشنبیری دنیا براوە. وەک چۆن رەوشەکە لێرە تەواو نالەبارە، لەدەرەوەیش جۆگەلەی تێنارژێ. بەڵام کە دەڵێین قەیران و تەنگژە لە ئارادایە، مانای وایە ژیان هەیە. ئەگەر ژیان نەبێ ئەوجا تەنگژە نابێ. ئەوندە هەیە پێویستیمان بە گفتوگۆو چارەسەرە. پێویستیمان بە کەسانی دڵسۆزە تاکو بەدەنگ رەوشەکەوە بێن و چارێکی بۆ بدۆزنەوە. راستە گەلێک لەو هۆکارانەی باسمان کردن لەسەرو تواناو تاقەتی ڕۆشنبیرانەوەن و ئەوان لێی بەرپرسیار نین. بەڵام هەندێک لەو هۆکارانەیش کە قەیرانەکەیان دروستکردووە ڕۆشنبیران خۆیان لێی بەرپرسیارن.. دیارە هەر وەک ڕۆشنبیر هەیە تاریکبیریش هەیە. بەڵام ئەمەیان بابەتێکی دیکەی دەرفەتێکی دیکەیە.

## سەرچاوەکان


١. الثقافة الوطنية فى لبنان على خط المواجهة، اتحاد الكتاب اللبنانيين. ط (١)، بيروت، ١٩٧٩
٢. الثقافة الادبية والعلمية، سى. ضى. سنو، ترجمة: د. صالح جواد كاظم. بغداد، ١٩٨٢.
٣. تأملات في الثقافة، الفريد فرج، بغداد، ١٩٨٢.
٤. المنار، العدد (٢٧) ايار ١٩٨٧، محور خاص بالمثقف والسلطة.
٥. الموقف الادبى، العدد (٢٨٢)، ١٩٩٤ ، عروض الثقافة الجديدة.
٦. الشرق الاوسط، العددان (٦٥٠٣ ، ٦٥٣٣) لسنة ١٩٩٦.
٧. السفير ١٩٩٣/١١/٦ ، أمتان وعقلان، محىالدين صبحى.
٨. الثقافة الجديدة، العددان (٢٥٦ ، ٢٥٩) دراسات، بقلم: محمود صبرى، ادوارد سعيد، رضا الظاهر.
٩. بەربانگ، ژمارە (٦٨) ساڵی (٩)، ١٩٩٠.

دوکتۆر مارف خەزنەدار

# لیریکی رۆمانتیکی کوردی
# ١٩١٨ - ١٩٤٥

لەماوەی بیستەکان وسی‌یەکانەوە تا دوای جەنگی دووەمی گیتی غەزەلی نوێ پەیدا بوو. لە لێکۆلینەوەدا لیریکی نوێی رۆمانتیکی پێ دەلێین لە ئەدەبی‌کوردی دا. ناوەرۆکە کۆنەکانی دلداری ونائومێدی وغەم پەژارەی دلداری وجوانی تەبیعەت بەردەوام بوون، بازاڕیان گەرم بوو، چونکە شاعیری رەند ولێهاتوو لە ناوەوە بوون. بەڕاستی لەو رۆژگارەدا لاوانی کورد لە مەیدانی ئەدەبی کوردی دا لە قالبی ئامادەکراوی کلاسیکی دوور دەکەوتنەوە، بەلای ئەوانەوە رووداوی ڕاست ماکێ وهەوێنی ئەدەبی نوێیە. بۆ بەلگە سروشت وەکو رووداوێک لە پێناوی روونکردنەوەی مەبەستی بەرهەم بەکاردەهێنرێ، هەروەها بۆ پیشان دانی هەستی ناوەوەی قارەمان، لەم رووەوە هەندێ لە شیعرەکانی پیرەمێرد گەلێ سەرکەوتوون بە تایبەتی "من وئەستێرەکان":

ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بەشەو
وەکێ من بە داخەوەن، نە سرەوتیان هەیە نەخەو

×××

دلسۆزی وام نەدی بوو، کە بۆم بگری وەکێ غەشیم
فرمێسکەکەی ئەوان بوو، بە ئاوونگی تێ گەییم
بام ڕاسپارد بلێ کە خەفەت بۆچ ئەخۆن ئەوان
وەکێ ئێمە نین نزیکتری لای بارەگای خووان

لەپاش ئەم پێش دەستی وروون کردنەوەیە، شاعیر بیرو هۆشی خوێندەوار ڕادەکێشێ و ئامادەی دەکا بۆ وەرگرتنی وێنەو مانای شیعرەکە کە بریتی‌یە لەم دێرانەی خوارەوە:

ڕاسپێری یان نووسی بوو بە شەونم لەسەر گیا

تا ئاسمان پریشکی بەدی ئێوە هەڵپڕا
هاواری کوردەکانی سەروو گەیی‌یە ئاسمان
بەو دووکەڵی هەناسەیە ئاو دێ لە دیدەمان (١)

ئەم فرمێسکە ڕژاوانەی شاعیر لە ئەنجامی زوڵم و زۆری تورکە کەمالی‌یە فاشستەکانە، کە لە دوای جەنگی یەکەمی گیتی لە کوردیان کردووە، هەرچەندە ئەم وێنانە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەورووپا لە ڕێگەی زمانی تورکی‌یەوە، هەندێ جار ڕەنگە شاعیری ئێمە یەکسەر وێنەکەی وەکو خۆی وەرگرت بێ بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا داهێنانێکە ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند دەکا بەوەی گیانی ئەدەبێکی بەرزی بێگانە دێنێتە ناو ئەدەبی نەتەوایەتیمانەوە.

بێکەسی شاعیر ئەو شێوازەی پیرەمێرد دەگرێتە بەر لە وەرگرتنی نموونەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەورووپایی ولە بەکوردی کردنی‌دا سەرکەوتن دەست دەخا، زنجیرەیێک شیعری لەم بابەتەی هەیە، وەکو "ئەی مانگ" و"ئەی مەلا" و"دڵ" و هی تر. قارەمانی بێکەس تەنیاوبێ‌کەسە، لە بیری کەس دا نی‌یە، ئاوارەیە لەسەر زەوی وێڵ و سەرگەردان دەسوڕێتەوە، شێوەی ژیانی تایبەتی خۆی لەگەڵ مانگ دا بەراورد دەکا، ئەوی وەکو کۆچەر بە ئاسمانا دەسووڕێتەوە. ڕووی مانگ هەمیشە زەرد هەڵگەڕاوە، ئەو لە جێگەیێکی بەرز دایە لە ئاسمانا زۆرداری وناهەمواری سەر ڕووی زەوی دەبینێ:

ئەی مانگ من وتۆ هەردوو هاو دەردین
هەردوو گرفتار، یەکێ ئاهی سەردین
تۆ وێڵ ورەنگ زەرد بەئاسمانەوە
منیش دەر بەدەر، بە شارانەوە

× × ×

قەسەمت ئەدەم بە عەشق وجوانی
بە نەسیمەکەی بەری بەیانی
بەسەرهاتی خۆت بۆ من بەیان کە
دەردی گرانم نەختێ ئاسان کە

× × ×

ئەی مانگ ! ئەوەندە سەیری دنیات کرد

دوکتۆر مارف خەزنەدار

سەیری نیفاق وزوڵم و ڕیات کرد
تا وا بەم ڕەنگە کاری لێ کردی
ڕەنگ وشوعووری بە جاریّ بردی [٢]

یەکێ لە ئەدگارە هەرە گرنگەکانی شیعری کوردی ئەم ساڵانە ئەوەبوو هەندێکیان کەوتبوونە ژێر کاریگەری شیعری غەزەلی (لیریک)ی ئەورووپایی. لەمانە پێویستە پەنجە بۆ شیعری "عیشقی بێ هوودە" ی ڕەشید نەجیب درێژبکرێ. لەو شیعرەدا ئێمە شتی تازە دەدۆزینەوە دوورە لە خاسیەتەکانی شێوە شیعری ڕۆژهەڵات، بەڵام یەکجار هونەرییەو داهێنانی تێدایە:

دڵەی پەشێواو دەمێ بوو ون بووی
لە مەیدانی عیشق، ئالام وغەم دا
لەناو ئەحلام وسەمای پڕ تەم دا
سەد شوکور دیسان بە تیرێ کون بووی

× × ×

عەقل ودووربینی، خەوە سەرابە
مەنتیق پرشنگی دووچاوی کاڵە
حیکمەت پریشکی کوڵمێکی ئاڵە
خوێناوی جگەر، مەیە کەبابە [٣]

لە دایک بوونی ناوەرۆک و وێنەو شێوازی نوێ لەو ڕۆژگارەدا ڕووداوێکی سروشتی بوو کە جێ بە شیعری کلاسیکی کۆن لەق بکا. چونکە کاتی ئەوە هاتبوو دەوری ئەو شیعرە کۆنە بەسەربچێ، لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەیێکی سەدەها ساڵی بەسەردا تێپەڕی بوو و یاساو دەستوورێکی زۆر سەختی بۆ شیعر دروست کرد بوو، بۆیە دەبوو نوێ کردنەوە لەم خاڵانەدا بەدی بکەین:

١ ـ لەگەڵ بەردەوامی کێشی عەرووز، کێشی خۆماڵی (پەنجە، کەرت، برگە، سیلاب) لە شیعری کوردی دا کەوتە ڕوو.

٢ ـ یەکێتی قافیە لە شیعری کوردی دا شاعیری بە دەستووری سەخت بەندکردبوو، ئەمە بوو بووە هۆی ئەوەی پێویست بوو شاعیر توانایێکی تەکنیکی بە هێزی هەبێ لە شیعر دانان داو

شارەزایی یێکی تەواوی لە شیعری کلاسیکی کۆن دا هەبێ. لە شیعری نوێ دا یەکێتیی قافیە ڕووخێنرا و قافیە کەوتە ئازادی وسەربەستی، واتە بەکارهێنانی قافیەی ڕەنگاوڕەنگ.

٣ - لە شیعری نوێ دا خەیال ودەرک کردن یەکێتییێکە پێوەندی لۆجیکی لە نێوان دێڕە شیعرەکان دا بە هێز دەکا، لە لایێکی تریشەوە هەموو دێڕێک بەردەوام وڕوون کەرەوەی مانای دێڕی پێشتر دەبێ لە شیعری نوێ دا.

٤ - زمانی شیعر لە ووشەی بێگانە پاک دەکرێتەوە، ووشەی تازەی کوردی دروست دەکرێ، بە شێوەیێکی فراوان لێکسیکای کوردی وتەعبیری کوردی خۆماڵی لە شیعردا بەکار دەهێنرێ.

نموونەی ئەم شیعرە نوێیە، زیاتر لە بەرهەمی گۆران دا دەدۆزرێتەوە، هەتا شیعرە لاسایییە عوسمانییەکانیش کە لەنێوان شیعری کۆن ونوێ دەوەستێ زیاتر بەلای شیعری نوێی کوردی دەشکێنەوە، هەرچی شیعرە عەرووزییە کلاسیکی کۆنەکانیشیەتی کە زۆر کەمن ئەگەر نوێگەرییان تێدابێ لە قاڵبی لاسایی کۆنەکە ناچنە دەرەوە.

لە شیعرێکیدا گۆران چەند کێشێک وقافیەی ڕەنگاوڕەنگ بەکار دێنێ. گۆران بە تەواوی پشت لە عەرووز دەکاو لەسەر دەستووری کێشی سیلابی دەڕواو لە شیعردا بەکاری دێنێ. لێرەدا کووپلەیێک لە شیعری "ئاواتی دووری" گۆران وەک بەڵگەیێک دەخەینە بەرچاو:

ئەی خاتیراتی عومری گوزەشتەم، دەخیلی تۆم
خنکاوی بەحری دووری نەکەی عەشقی ڕەنجەڕۆم
جیلوەت لە چاوم وون نەبێ
هەرگیز لای تۆ نوستن نەبێ
چەشنی ئاوێنە
دایم بنوێنە
عەشقی قەدیی یار
تا وەختی ئیحتیزار (٤)

ئەم شیعرە لەسەر کێشی سیلاب ڕێک خراوە، ژمارەی کەرت لە دێڕە شیعرەکان دا دەگۆڕێ، وەکو دیارە دوو دێڕی یەکەم (١٤) کەرتە، دوو دێڕی دوای ئەو (٨) کەرتە، دوو دێڕی سێیەم (٥) کەرتە، دوو دێڕی کۆتایی (٦) کەرتە. لەبارەی قافیەشەوە جووت قافیەیە، هەر دوو دێڕی لەسەر قافیەیێکە (مەسنەوی).

ڕەنگە بۆ نموونەی غەزەلی نوێ (لیریکی نوێ) وێنە جوانەکەی "پەپوولە"ی نووری شێخ سالح شتێکی نایاب بێ:

بە ڕۆژ جێت ناو گوڵانە
بەشەو ئەبیە پەروانە
لە کوێ بە شوعلەت زانی
خۆت ئەکەی بە قوربانی
پەپوولەی ناسک ونازدار
عاشقی دڵ بریندار
خۆزگە ئەمزانی بۆ تۆ
وا خۆت ئەکەی ڕەنجەڕۆ (٥)

ڕەفیق حیلمی کە بەرهەمی نووری شێخ سالح هەڵدەسەنگێنێ، ژیرانە و بەڕاستی ئەوە روون دەکاتەوە ئەم شیعرە لە رووی ناوەرۆک و شێواز و شێوەی دارشتنی و ئاواز و مۆسیقاوە هیچ پێوەندییێکی لەگەڵ شیعری کلاسیکی کۆن دا نییە. (٦)

شێوەی ئەو دەستوورانەی بۆ شیعری کلاسیکی دانرابوون، جێگەیان نەبوو لەلای ئەو شاعیرانەی نوێ خوازبوون. بێ گومان شاعیرە گەورەکانی ئەم نوێ خوازییە هێشتا ناوبانگیان دەرنەکردبوو، یەکسەر شیعرەکانیان قوبووڵ نەکرابوون، بەتایبەتی لەلایەن ئەو شاعیرانەی لەسەر ڕێ وشوێنی کلاسیکی دەڕۆیشتن و توانای ئەوەیان نەبوو لە شیعری لاسایی کلاسیکییەوە دەربازی شیعری نوێ ببن. (٧)

× × ×

لەماوەی بیستەکان تا دوای جەنگی دووەمی گێتی جۆرە شیعرێکی نوێتر لە ئەدەبی کوردی دا پەیدابوو، دەتوانین ناوی بنێین چیرۆکی لیریکی لە شێوەی دراما‌دا، ئەم هونەرە شیعرییە لە ئەوروپا "پۆێم"ی پێ دەڵێن، هەروەها شیعری دراماتیکیش لەو سەردەمەدا پەیدا بوو، بەڵام لە دوارۆژێکی نزیک دا زۆر پەرەی سەندو پێشکەوت.

لەبەرهەمی شیعری دراماتیکی دا شاعیر لە پارچە شیعرێکی بچووک ڕووداوێکی گەورە دروست دەکا، وێنەی ڕاستییێکی تازە دەخولقێنێ. شێوەی دراما دەتوانێ ڕوونتر وقووڵتر خەباتی خەڵک لە پێناوی چاک کردنی باری ژیان ورزگاری نەتەوایەتی میللەت بکاتە

بەرهەمێکی ئەدەبی بەرز، لەبەر ئەوە لەو ڕۆژگارەدا دروست بوونی ئەم جۆرە شیعرە کارێکی پێویست بوو لە ئەدەبی کوردی دا.

ناوەرۆکی بنچینەیی لە درامای ئەورۆژگارەدا بریتی بوو لە خەباتی دووچین لە کۆمەڵی کورد دا، دەرەبەگ ورەنجبەر. ماکی ناوەرۆکی دراما لەو سەردەمەدا وەکو شتێکی ئاسایی ناتەبایی وشەڕوشۆڕبوو لەسەر دڵداری وخۆشەویستی. یەکێک لە بەناوبانگ ترین بەرهەمی ئەم جۆرەی ئەدەبی کوردی دراماکانی گۆرانی بوون، وەکو "گوڵی خوێناوی" و"بووکێکی ناکام".

ناوەرۆکی "بووکی ناکام" پڕۆتێستە لە دژی ناگزووری کۆمەڵایەتی، خەباتە لە پێناوی ڕزگارکردنی دڵداری لەکۆت وپێوەندی دەستووری کۆمەڵایەتی ناهەموار. قارەمانی ئەم بەرهەمە، کوڕەشوانە. بەڕاستی و بەدڵ وبەگیان و بەقووڵی کچێکی خۆش دەوێ. بەڵام بادەی ناسکی دڵداریی هەژاران، هەمیشە لەدەستی دەوڵەمەندی جانەوەری زاڵم دەشکێ. ئەم جوانییە، بەپێی دەستووری ئەوان دەبێ تەنیا بۆ دەوڵەمەندان بێ. ژنە قارەمانی درامەکە کوڕی شوانەکەی خۆش دەوێ، بەڵام بەزۆر ئاغای دەوڵەمەند بۆ خۆی ڕای دەکێشێ، کەچی قارەمانی دراما واز لە خۆشەویستەکەی ناهێنێ. ئەمە دەبێتە هۆی خەبات وتۆڵە سەندنەوەیێکی خوێناوی. لەگەڵ ئەوەی خەبات وجەنگی نێوان شوان وئاغای دەرەبەگ بەسەرکەوتنی ئاغا کۆتایی دێ، بەڵام گیانی کچەکە ناگۆڕێ، بۆیە بەم ووشانە شاعیر دوایی بە شیعرە نایابەکەی دێنێ:

ئێستا ئەوا هەرچی ئەڵێی نیعمەت ونازە
هەمووی ئەدا بەیەکێ دڵۆپ فرمێسکی تازە
لەبەر دەرگای چاوی ڕەشا بلەرزێ وبلـێ:
دەستی زۆردار سەد سەر ئەکا ناگاتـە دڵـێ (٨)

درامای دوەمی گۆران "گوڵی خوێناوی" دیسانەوە لە بابەت دڵداری یێکی تراجیدی یەوەیە. ڕاستە ئەم درامایە ڕاستەوخۆ ناچێتە ناو مەسەلەیێکی کۆمەڵایەتی‌یەوە، بەڵام هەتا لێرەش دڵدار دەبێتە قوربانیی نەبوونی یەکسانی لە دەستووری ژیان ویاسای نالەباری گیتی. بپرسی "گوڵی خوێناوی" وەکو بەرهەمێکی بەرز لە ئەدەبی کوردی دا خۆی دەنوێنێ؟ ئەگەر لەبارەی ئەم بەرهەمەوە ئەوە هەبێ گۆیا وەرگیراوە یا کاریگەری ئەدەبی ئەورووپایی و بەتایبەتی ئینگلیزی بەسەرەوە هەبێ، ئەمە لەنرخی‌کەم ناکاتەوە وەکو بەرهەمێکی سەرکەوتوو لەئەدەبی کوردی دا.

× × ×

دوکتۆر مارف خەزنەدار

بەپێویستی دەزانین هەندێ لایەنی ژیان وبەسەرهات وبەرهەمی ئەدەبی کۆمەڵە شاعیرێکی دیارو بە دیمەنی ماوەی هەردوو جەنگی گێتی لە ئەدەبی کوردی دا بخەینە ڕوو.

## ئەحمەد موختار جاف

## ١٨٩٧ - ١٩٣٥

یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەکانی ئەم قۆناغەی ئەدەبی کوردی. غەزەلی ئەحمەد موختار وەستایەتی وهونەری شیعری کلاسیکی کۆنی کورد لەگەڵ هەندێ ئەدگاری ڕێبازی تازەی ئەدەب کۆدەکاتەوە. ئەم جۆرە شیعرەی ئەحمەد موختار باو بوو، خوێندەواری هەبوو ونرخی هونەری دیاربوو.

ئەحمەد موختار بەگ کوڕی وەسمان پاشای جافە. لە ساڵی ١٩٨٧ لە شاری هەڵەبجە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە حوجرەوماڵی خۆیان بووە، وەک دەردەکەوێ ئەحمەد موختار نەیویستووە خوێندنی حوجرە تەواو بکاو بێ بە مەلا، چونکە ژیانی مەلایەتی پێویست نەبووە، وەک ڕۆڵەی بنەماڵەیێکی دەوڵەمەند.

ئەحمەد موختار یەکێکە لە بنەماڵەی بەگزادە دەوڵەمەند ودەرەبەگەکانی عەشیرەتی جاف. باوکی شاعیر ومامی مەحموود لەلایەن سولتانی عوسمانییەوە بە لەقەبی پاشا خەڵات کرابوون. هەندێ لە منداڵ ونەوەی وەسمان پاشا مەیلیان بۆ شیعر هەبوو وهەندێکیان بوون بە شاعیری گەورەو ناویان چووە ناو مێژووی ئەدەبی کوردییەوە. هۆی بنچینەیی کە ئەحمەد موختاری ئامادە کرد بۆ ئەوەی ببێ بە شاعیرو ڕاستەوخۆ بەرەو شیعر ئاراستەی دەکرد شاعیری کورد وبەسۆزو بەناوبانگی برا گەورەی تاهیربەگ (١٨٧٨ - ١٩١٨) بوو، جگە لەمە دەسنووسەکەی مەحموود پاشای [٩] مامیشی کارێکی گەورەی کردۆتە سەری. خۆشەویستی بۆ ئەدەب وهەوەسی بۆ زانیاری وزانستی وخوێندنەوەو کۆشش ورێکوپێکێک بوونە هۆی ئەوەی ئاسۆی بیرو هۆش وخەیاڵی فراوان بێ. شاعیر زمانی فارسی وتورکی وعەرەبی دەزانی، دەیتوانی ئینگلیزی بخوێنێتەوە. بە دوو زمان شیعری دادەنا، بەکوردی وفارسی، فارسی یەکەی لە کوردییەکەی بێ هێزتر نەبوو.

وەزیفەو کاری دەوڵەت زۆری لەکاتی ئەحمەد موختار وەرگرت بوو. لە ساڵی ١٩٢٢ کرابووە قایمقامی شاری هەڵەبجە. لە ساڵی ١٩٢٤ بە نوێنەر هەڵبژێررا لە پەرلەمانی عیراق دا. ژیانی ئەحمەد موختار زوو پچرا، لە ناکاو لە ساڵی ١٩٣٥ لەسەر زێی سیروان لەلایەن پیاوکوژێکی بەکرێ گیراوەوە کوژرا، لە گوندی عەبابەیلێی ناوچەی هەڵەبجە نێژراوە.

ئەحمەد موختار گەلێ بەتەنگ شیعری خۆیەوە بوو، كاتێكی زۆری بۆ تەرخان كردبوو. لە بنج دا دوو رێبازی گرتبووە بەر یەكێكیان خاسیەتی ئەو دەورو زەمانەبوو، واتە ناوەرۆكی دڵداری، ئەویتریان ناوەرۆكی غەزەلی نیشتمانی (لیركی نیشتمانی) یا شیعری سیاسی یا لیركی سیاسی، ئەمەیان تازە بابەت بوو. شاعیر بە شیعری دڵداری دەستی بە شیعر ووتن كردووە، بەلام لە دوایی دا بەرەبەرەو لەسەرخۆ ناوەرۆكی دڵداری رێی خۆش دەكرد بۆ لیركی نیشتمانیو سیاسی، تا بوو بە شاعیری ئەم جۆرە شیعرە.غەزەلی دڵداری لە سەرەتای ژیانی شیعری ئەحمەد موختار تەقلیدیيە، هەموو كەرەستەو مەرجەكانی شیعری كلاسیكی تێدا بەدی دەكرێ. تەعبیری روون وئاشكراو بریقەدارە، هەروەها ووردی ولووسی وێنەی هەلبژێرراوی شیعری شاهیدی ئەوەن كە شاعیر وەستایێكی بەتوانایە لە شیعر دانان دا، وێنەو ئەدگاری خۆشەویستی لە شیعری دا دەست نەكەوتوو وموجەررەدە، غەزەلەكانی ئەم رۆژگارەی بەزۆری لە دەروونێكی پڕ لە ئازارەوە دێنەدەرێ.. لێرەدا هەندێ شیعری ئەم جۆرە غەزەلانە دەخەینە روو:

وەختی ئەو نازكە غەزالە رۆیی عوششاقی هەژار
هەر ئەبێ فرمێسكی خوێناوی لە چاو جاری بكا[١٠]

× × ×

بەرقی ئاە وئاوی چاوی من لە دووری دلبەرم
هەر ئەلێی هەوری بەهارە ناڵەو و تۆفان ئەكا[١١]

× × ×

دڵ وەكو بلبل لە هیجری نەو گوڵی ئەفغان ئەكا
ئاگری جەرگم خەریكە عالەمی بوریان ئەكا[١٢]

× × ×

ئاوی چاوم بادەیە ، ناڵەی دڵم هەر وەكە نەیە
خاكە بەسەرخۆم، وا لەدووریت جەرگەكەم بریانەبۆت[١٣]

× × ×

چەلیپاس پەرچەمی تۆم دەس كەوێ چیمە لە ئیسلامی
كلیسا جێگەمە گیانە لە عەشقی زولفی زوننارت[١٤]

× × ×

گەر خودا بیدا موتالای مەسحەفی رووی تۆ بكەم
دلبەرا ئینجیل وتەورات وزەبوورم بۆچییە[١٥]

لە بیستەکانەوە ناوەرۆکی نیشتمان پەروەری لە بەهرەمی ئەحمەد موختار لە ڕیزی پێشەوە دەوەستێ شیعری نیشتمانی ئەحمەد موختار وێنەو سملی بیرو باوەڕی خەباتی ڕزگاریی نەتەوایەتی دەنوێنن. شاعیر زیاتر دەنگی نارەزایی بەرزدەکاتەوە لە دژی ئەو دەستوورو یاسایانەی کۆمەڵ بە ڕێوە دەبەن، بە تایبەتی لە دژی خوێنرێژو دەرەبەگ چونکە هەموو دەسەلاتێك لە دەست ئەمانە بوو لە وولات دا. دەرەبەگی گەورەو قایمەقام و ئەندامی پەرلەمانی عێراق ئەحمەد موختار لە پلەی چاکەی چینایەتی خۆی بەرزتر دەبێتەوەو بێ ووچان لە دژی تەنگو چەڵەمەی کۆمەڵ وبێ دەستووری وقانوونی ڕادەوەستێ، بەلای ئێمەوە لە ناوبردنی ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو بوو بە قوربانی ئەو هێزانەی کە لە دژیان وەستابوو.

ئەگەر شیعرە نیشتمانییەکانی ئەحمەد موختار لەگەڵ غەزەلەکانی سەرەتای ژیانی شیعری دا بەراووردیان بکەین زوو بۆمان ڕوون وئاشکرا دەبێ شێوەی پەرەسەندنی بیروباوەڕی سیاسی لای شاعیر. ئەگەر قسە لە دەربازبوونی ئەحمەد موختار بکەین لە ناوەرۆکی دڵدارییەوە بۆ شیعری نیشتمانی و سیاسی پێویستە ئەو شیعرانە بە نموونە بهێنینەوە ئەوانەی تیایان دا بانگی هاوڕێیانی خۆی لە شاعیرانی کورد دەکا، واز بێنن لەو شیعرەی لەبابەت جوانی دلبەرەوەیە، بەڵکو کارێکی پەسەندە لە هەژاری وژیانی نالەباری میللەت بدوێن، بەم جۆرە دەڵێ:

شاعیرانی کورد! بەسە بەس باسی زوڵف وچاو بکەن
کەم خەیالی پەرچەم و کاکۆلی ئالۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبول یا لەقی لاولاو بکەن
ئێوە تەدبیرێکی حالی قەومی دلسووتاو بکەن
زوو بەزوو تائیش لەدەس دەرنەچوە ساهەولێ بدەن

هەندێ جار ئەحمەد موختار دێڕی شیعری نیشتمانی تێکەڵ بە غەزەلی دڵداری دەکا. بۆنموونە وەکو لە شیعری "خوێنی پاکی" شاعیر ئەوە دێنێتەوە یاد کە ڕەنگی سووری خاکی کوردستان، ئەمە خوێنی سەد هەزاران لاوی کوردە، ئەوانەی لە پێناوی نیشتمان بوون بە قوربانی، هەرچی گوڵاڵە سوورەشە، ئەمە خۆی خوێنە، چونکە گوڵاڵە خۆشاوی ئەم زەوییەی مژیوە کە خوێنە، لەبەر ئەویە وا سوور هەڵگەڕاوە:

خوێنی پاکی لاوی کوردانە پژاوە کێو وکەژ
بۆیە ئێستاکە سوورە ڕەنگی گوڵناری هەیە (١٦)

له پاشانا شاعير تەواوى قەسيدە تەرخان دەكا بۆ شيعرى نيشتمانى، له ناو شيعرە سياسى و نيشتمانىيەكانى پێويستە پەنجە بۆ شيعرى "له خەو هەڵسن" ڕابكێشين. لەم شيعرەدا شاعير ميللەت بانگ دەكا بۆ هەڵسان و ڕاپەڕين وخەبات وجەنگ. بەلاى ئەوەوە نەخوێندەوارى خوێنرێژترين دوژمنە لە مەيدانى خەبات دا، شاعير دەڵێ نەخوێندەوارى ڕێگە لە جەنگاوەر دەگرێ ئەوەى دەجەنگێ له پێناوى سەربەستى، پێويستە شاپلیتەى زانيارى بەرز بكرێتەوەو هوشيارانە هێرش ببرێتە سەر دوژمن:

لەخەو هەڵسن درەنگە ميللەتى كورد خەو زەرەرتانە
هەموو تاريخى عالەم شاهيدى فەزڵ وهونەرتانە
دەسا تێكۆشن ئەى قەومى نەجيب وبێكەس ومەزلوم
بەگورجى بيبڕن ئەو ڕێگە دوورەىوا لەبەرتانە
بخوێنن چونكە خوێندن بۆ ديفاعى تيغى دوژمنتان
هەموو ئان وزەمانێ عەينى قەڵغان و سوپەرتانە
دەمێكە ئەم وولاتە وا ئەسيرى پەنجەى جەهلە
لەسايەى عيلمەوە ئەمڕۆ ئيتر نۆبەى زەفەرتانە (١٧)

ئەحمەد موختار يەكێكە لە نوێنەرە ديارەكانى نەوەى نوێى شاعيرانى كوردى دواى جەنگى يەكەمى گێتى، لە ڕوخسارى شيعردا لايەنى كۆنى گرت بوو، گۆڕين وشۆڕشێكى ئەوتۆى تێدا پێنەكرا، بەلام دەستى لە ناوەوەى دا، لە ناوەرۆكى پێشكەوتووى تازەى هێنايە ناوەيەوە.

×

**حەمدى**

**١٩٣٦ - ١٨٧٨**

حەمدى لە دواى جەنگى يەكەمى گێتى لە مەيدانى ئەدەبى كوردى دا پەيدا بوو، لە دەوروبەرى هەڵسانەكانى شێخ مەحموود شيعرى حەمدى زياتر لەناو خەڵكى كورددا بلاوبوونەوە. شيعرە ڕوون وبەرزو پتەوەكانى حەمدى ئاوێنەى ڕاستەقينە بوون تيايان هەموو تەنگوچەڵەمەو خەباتى ڕزگارى نەتەوايەتى كورد بەچاكى دەبينران.

ديوانى حەمدى ئەوەى نزيكەى دە هەزار دێرە شيعرى گرتۆتەخۆ بە كۆشش و پێشەكىى خاوەنى ئەم باسە لە ساڵى ١٩٥٧ لە بەغدا چاپكراوە (١٨).

حەمدی کوڕی ئەحمەد بەگ کوڕی فەتاح بەگی ساحیبقران لە ساڵی ١٨٧٨ لە سلێمانی لە بنەماڵەیێکی دەوڵەمەند لە دایک بووە، ئەم بنەماڵەیە لە ڕابردوودا دوو شاعیری گەورەی پێشکێش بە میللەتی کورد کردووە، ئەورەحمان بەگی سالم (١٨٨٠ ـ ١٨٦٦) مستەفا بەگی کوردی (١٨٠٩ ـ ١٨٤٩).

حەمدی سەرەتا لە حوجرە خوێندوویەتی لە پاشانا بۆ تەواوکردنی خوێندن چۆتە قوتابخانەی روشدیە. هەر لە منداڵیەوە مەیلی بۆ دانانی شیعرو خوێندنەوەی بووە. ئەدەب زانەکانی کوردی وەکو عەلی باپیر ئاغا ورەفیق حیلمی وهی تر لەسەر ئەو باوەڕەن حەمدی هێشتا منداڵ بووە کە دەستی داوەتە دانانی شیعر. لە ساڵی ١٩١٥ کە عەسکەری تورکی عوسمانی هێرشیان بردە سەر سلێمانی لەو هێرشەدا ماڵ ونامەخانەی حەمدی سووتێنراو بوو بە خۆراکی ئاگر، لەگەڵ کتێبی نایاب و بەنرخ دەسنووسی دیوانی شاعیریش لە ناوچوو، هەر لەبەر ئەمەشە هیچ جۆرە شیعرێکی حەمدی لە ناوەوە نی‌یە ئەوەی لە پێش ساڵی ١٩١٥ نووسی بوونیەوە.

لە سەردەمی هەڵسانی شێخ مەحموود، حەمدی یەکێک بوو لەو جەنگاوەرانەی کە لە دوای شێخ مەحموودەوە بوون و چەکیان هەڵگرت بوو. ئەو شیعرانەی بۆ سەربەستی وئازادی ووت بوونی لەم سەردەمەدا دایناببوون، ئەم شیعرە نیشتمانی یانە ڕەنگدانەوەی هەست ونەستی میللەتی کورد بوون وشۆڕشگێرەکانیان هان دەدا بۆ هێرش بردن وخەبات.

حەمدی وەستای داهێنانی شیعری هونەری بەرزە. لە شیعرەکانی دا کاریگەری شاعیرە بەرزە کلاسیکی‌یەکانی کوردی وەکو نالی وسالم وکوردی ئاشکرایە، بەڵام شیعری حەمدی بەردەوامێکی ساکاری بەرهەمی شیعری ئەوان نی یە، شیعری ئەو لە ڕووی ڕوخسارەوە هەر وەکو خۆی کلاسیکی‌یانە مایەوە، بەڵام لە ناوەرۆک دا بەتەواوی لە شیعری کۆن زۆر دوورکەوتۆتەوە، چونکە مەیدانێک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خەباتی ڕزگاری‌ی نەتەوایەتی کورد لە ناو میللەت دا. حەمدی لە زماندا گەلێ دەوڵەمەندە، وەستایانە هەندێ ووشەی شیعری عەرەبی وفارسی لە تەنینی شیعری کوردی دا دەچنێ.

لە شیعرە کۆنەکانی دا ناوەناوە بەنەفەسێکی ڕەشبینی وێنە ومانای وا دروست دەکا نیشانەی چارەنووسێکی نالەباری میللەتی کوردە، لە شیعری "نەورۆز" دا شاعیر ئەوە دەردەخا لە نیشتمانی ئەودا خەڵکی لە شەوە زەنگی بێ ئەنجام دا دەژین. ئیتر لە شین وگریان دا دەبێ تا ئەوکاتەی ڕۆژی ئازادی هەڵدێ، دیارە تا ئەو کاتەش شاعیر نەورۆز بەجەژنی ڕاستەقینە دانانێ:

تۆ لە شەودابی وەتەن ! من چۆن بڵێم نەورۆزمە
ئەم گوڵاڵەی ئاڵ و واڵایەی بەهار پیرۆزمە

جەژنی چی ! هەر ماتەمێکی ڕووتە شین وگریەیە
تا هەڵێ ڕۆژی کە کوردیش پێ‌ی بڵی جا ڕۆژمـە [۱۹]

ڕەشبینی بە تەواوی بەسەر شاعیردا زاڵ دەبێ، لەو کاتەی کە بیـر لە "هاوسێ بە هێزەکان"ی کورد دەکاتەوە کە کورد دەچەوسێننەوە، حەمدی ئەمانە بەراورد دەکا لەگەڵ داڵ:

هاوسێ هەموو وەکێ داڵن وئەم کوردە وەکو لاکێ
چنگیان لە جیگەرگاهی هەمـوو داوە بـەبـێ بـاکێ
بێ خوێنـە، گوڵی زەردە، زەعیفە وەکـو خاشـاکێ
"حەمدی" دە بپێوە قوڕو سنگت بکە چـاکێ چـاکێ
بێ قەوم و وەتەن، پڕ ئەلـەم ودەردو جـەفـا خـۆم [۲۰]

حەمدی لە شیعرە بەراییەکانی دا لەسەر ئەو باوەڕەبوو میللەت بێ توانایە، چاوەنۆڕی ئەوەی لێناکرێ خەبات بکا لە پێناوی ئازادی وسەربەستی. لەبەر ئەوە لە "قارەمان" دەگەڕێ، لە موسا پێغەمبەر باشتری بۆ نادۆزرێتەوە، واتە چۆن ئەو پێغەمبەرە قەومی خۆی ڕزگارکرد، کوردیش پێویستە خودا موساییێکی بۆ بنێرێ:

ڕەببی ! موسایێ بنێری جەنەتێ بوو وەکێ ئیـرەم
دۆزەخی فیرعەونە ئێستـە سەحنی گوڵزاری وەتەن
کوا درەفشی کاویانی، کـاوەیـێ بـۆچـی نـی یـە
مـەغزی دەربێنێ لەسەر زەححاکی بیماری وەتـەن [۲۱]

لە دوایی دا بیـرو باوەڕی تازە لەلای حەمدی دەڕسکێ، دێتە سەر ئەو ڕایەی کە دەکرێ ئازادی وەربگیرێ، بەختیاری بدرێتە هەموو کەسێک. بەتەواوی باوەڕ بەوە دێنێ کە چارە نووسی کورد پێوەندی بەچارەنووسی هەموو نەتەوە ژێر دەستەکانەوە هەیە، بۆ ئەوەی بگەنە هیواو ئامانجیان پێویستە هاوکاری لەگەڵ یەکتری دا بکەن، ئەم بیرو ڕایە لەم برە شیعرەدا خۆی دەنوێنێ:

سـوبـح پـێـناکـەنێ تـابێ نـەوایـی شـەو بـە دڵ نـەگـری
گوڵ ناپشکوێ تـا بـلـبـلـی سـوبـحی بـە کـوڵ نـەگـری

بەری نابێ درەختی باغی عالـەم تـا هـەمـوو یـەک یـەک
بەیەک سۆزو، بەیەک شورو، بەیەک دەم چڵ بەچڵ نەگری (٢٢)

شیعری حەمدی دەچێتە ناو ناخی دەروونی کوردەوە بەوەی ڕەنگدانەوەیێکی زیندوو و ڕووناکی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستانە، وێنەی هەموو پلەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی کوردی تێدایە.

بەم جۆرە شاعیر وێنەی هەڵسانەکەی کورد دەکێشێ لە ژێر فەرماندەی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥ دا:

دڕزی ئەرزێ هەر نییە ئێسکێکی کوردی تیا نەبێ
سەگ نییە نەیخواردبێ گۆشتی ژنێکی یـا منـاڵ
وابە خوێناوی سرووشک وخامەیی خامی مـوژەم
ئەم عەریزەم نووسی نامەرد ! بۆم بەرە بادی شیماڵ
بیبەرە مێشکی هەموو ئەفرادی قەومی کـوردەوە
تا لە قوڕنیشن لە ڕۆژی مـاتـەمـا ئـاڵ و عـیـاڵ (٢٣)

شاعیر وێنەیەکی ڕاستەقینە دەدا بە دەستەوە لە بابەت وەزعی خەڵکی ڕەنجبەری کورد، بەتایبەتی لە پاش دامرکاندنەوەی هەڵسانەکەی شێخ سەعید. نەتەوە هەژارتر بوو ڕووتاندنەوەی لەلایەن تورکە کەمالییەکانەوە زیادی کرد، لەبەر ئەوە شاعیر گەیشتە پلەیێکی ئەوتۆی ڕەشبینی، بەزمانی نیشتمانەوە دەڵێ هەموو شتێک کۆتایی هاتووەو ژیان لەسەر خاک دا نەماوە:

کاسب ونوججاری بێ پارە لەداخا مردوون
گەر بەدیققەت تێ بفکری ئێستە دەشتی مەحشەرم (٢٤)

خۆشەویستی شاعیر بەرامبەر بە نیشتمان و نەتەوە بێ سنوورە گەیشتۆتە ڕادەیێک بووە بە ئیدیۆلۆجی، هەموو شتێکی کوردو کوردی لەلای شاعیر باش وجوانە، لەو بەرزتر لە گێتی دا نییە. حەمدی کوردستان لەگەڵ بەهەشت بەراورد دەکا، بەبێ سڵەمینەوە دەڵێ نیشتمان وەکو بەهەشتە، هەر دووکیان وەکو یەکن:

گەر لە مەحشەر ئەبوومە مالیکی جەنـنـەت شـەوێ

لیریکی رۆمانتیکی کوردی / ۱۹۱۸ - ۱۹٤٥

حوور وغیلمان وبەهەشت وقەسرەکانم دەس کەویٚ
نەوعیٚ تەمسیلی ئەرازی کوردو کوردستان ئەکەم
هیچ کەسیٚ فەرقی نەکا ئیٚرانە خۆشە یا ئەویٚ (۲٥)

شیعری حەمدی کاریگەر بوو، بەبیرو باوەڕی پێشکەوتنخوازی سەردەمی خۆی قانگ درابوو، بەمە بووبوو بە زمانی حاڵی زۆرترین خەڵکی ناو کۆمەڵی کورد وهیواو ئامانجی ڕاستەقینەی نەتەوەی کوردی دەخستە ڕوو.

لە ساڵی ۱۹۳٦ دا حەمدی کۆچی دوایی کرد، بەڵام بەرهەمی شیعری لەناو دڵی میللەت بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

×

## زێوەر
## ۱۸۷٥ - ۱۹٤۸

یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی بیستەکان - چلەکانی ئەم سەدەیەی کۆمەڵی کورد، عەبدوڵلا زێوەر شاعیری نیشتمان پەروەر بلیمەتێکی داهێنەر بوو لە شیعری کوردیدا.

عەبدوڵلا زێوەر ئەفەندی کوڕی مەلا محەمەد لە ساڵی ۱۸۷٥ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، لە بنەماڵەیێکی چینی ناوەنجی پێگەیشتووەو خوێندنی سەرەتایی لە حوجرەکانی شاری سلێمانی وەرگرتووە.

ئامانجێکی بەکوڵ پاڵی پێوەدەنا جێگەی خۆی لە کۆمەڵدا بدۆزێتەوە، بۆ ئەم مەبەسە وتینویەتی بۆ زانستی و زانیاری چەند ساڵێکی ژیانی لە پاش خوێندنی سەرەتایی تەرخان کرد بۆ گەشت وگەڕان بەشوێن زانستی و زانیاری. زێوەر گەشتی گەلیٚ شارو ناوچە ودێهاتی کوردستانی کرد. لە پاشانا ڕووی کردە ئەستەموول لەویٚ ژیا. ئەمە کارێکی گەورەی کردە سەری و لەبەر ڕۆشنایی ئیدیۆلۆجیەتی بزووتنەوەی لاوانی تورك هەست وشوعوور ومێشکی پەروەردەبوو، لەگەڵ هەندیٚ لە هەڵگرانی بیروباوەڕی لاوانی تورك هاوڕیٚ و دۆست بوو، بە تایبەتی لێرە لە ئەستەموول بیروباوەڕی نەتەوایەتی وکوردایەتی لە لای زێوەر دروست بوو.

لە دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتمان بوو بە مامۆستای قوتابخانەی جەنگی سلێمانی. لە پاش دروست بوونی دەوڵەتی عیراق لە ساڵی ۱۹۲۱ ، زێوەر کرا بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی، هەر لەو کاتەش دا لە قوتابخانەی زانستی(۲٦) ئەوەی لە لایەن "کۆمەڵەی زانستی"یەوە کرابووەوە دەرسی دەووتەوە.

زێوەر لە کارە پەروەردەیی‌یەکانی کە هەموو ژیانی گرتبووەوە زانیاری تێکەڵ بە داهێنانی ئەدەبی دەکا، هەرگیز لە یەکتری جیای نەکردنەوە. لەسەرەتای جەنگی یەکەمی گێتی لە ئەستەموول، لە کۆواری "هەتاوی کورد" زێوەر شیعرێکی بەناوی "خەر گۆشی هەتا کەی؟"[٢٧] بلاوکردۆتەوە، لەو شیعرەدا وێنەی وەزعی شپرزەیی کورد دەکێشێ و بانگیان دەکا یەک بگرن لە خەبات دا لە پێناوی پێشکەوتن و سەربەستی سیاسی.

شیعری زێوەر بەڕاستی ڕەنگدانەوەی ژیانی نەتەوەی کورد بوو، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا، ئاسۆی بیری بە شێوەیێکی ئاشکرا فراوانتر بوو لە ئاسۆی بیری گەلێ لە شاعیرانی تری هاوچەرخی خۆی، زێوەر لە شیعرەکانی دا باسی نەتەوەی تر و وولاتانی دیکە دەکا، بەراووردی مێژوویی وسیاسی دەکا لە نێوان بەسەرهاتی کوردو ئەو نەتەوانە. لەبەرهەمە بەرایی‌یەکانی زێوەر ئێمە ڕوو بەڕووی هەندێ بیروباوەڕی نابەجێ دەبین، بەم جۆرە لە سالی ١٩٢٥ کە نەتەوەی کورد هەڵسایە سەرپێ لە دژی دەسەڵاتی تورک خەباتێکی خوێناوی بەرپاکرد لە پێناوی ئازادی دا و لەخوارووی کوردستان نەتەوە خەریک بوو هەڵسانەکانی شێخ مەحموود بگەیەنێتە ئەنجام، شاعیر لەم ڕووەوە ئارەزووی ئەوەی دەکرد لایەنی ویست وهیوای نەتەوەی خۆی بێ. زێوەر لە شیعرێکی‌دا دەڵێ:

قەت ڕێک ناکەوێ دەست لەمل یەک کەن
حەنتووش حلاوی وڕەسوول سیرینی[٢٨]

لە دوایی‌دا بیروڕای سیاسی زێوەر گۆڕا، لە سالی ١٩٣٥ شاعیر بە هەموو هێزیەوە کەوتە پڕۆپاگاندە لە پێناوی یەکگرتن وبرایەتی کوردو عەرەب وخەباتیان بۆ وەدی هێنانی ئازادی و سەربەستی.

لە شیعرێکی دا بانگی کوردو عەرەب دەکا شان بەشانی یەکتری بکەونە خەبات لە پێناوی ئازادی یان.

هەر ئەڵێم باسی سیاسەت ناکەم و لێی دوور ئەبم
عاقیبەت ئەمخاتە نووسین زوڵمەکانی تورکیا
دەست لەمل قەومی عەرەب کەن موتحیدبن دووبەدوو
شوهرەت وئاوازتان دەڕوا هەتا ژاپۆنیا[٢٩]

زێوەر وەکو دوژمنێکی گەورەی هێزی ئیمپریالی، بەتایبەتی ئینگلیز، بە دڵێکی پڕ لە کینەوە بەم جۆرە کردەوەیان دەخاتە ڕوو:

هەر کوشتنە، خوێن ڕشتنە ئیعدامە لە هەرلا
سووتاوە بە بۆمبای عەدوو باڵی وڵاتم
× × ×
لاشەی شوهەدا دەعوەتی ئینگلیزە لە سەحرا
کردوویەتی بۆ وەحش وقەل ودالی وڵاتم (٣٠)

لە ماوەی جەنگی دووەمی گێتی زێوەر هەموو هێزو وەستایەتی شیعری تەرخان کرد لە دژی دوژمنی هەموو نەتەوەکانی گێتی ئەڵمانیای فاشیست.

دەبێ ئەوەش بووترێ کە پیشەی زێوەر وەکو مامۆستایێکی قوتابخانە ڕەنگی دابووەوە لە بەرهەمی شیعری، شەقڵی پەروەردەیی پێوەبوو، بۆیە بەشێکی زۆر لە شیعری زێوەر دەچنە ناو بەشی شیعری پەروەدەیی (دیداکیتکی)یەوە.

جگە لەمە زێوەر سروودی نیشتمانی زۆرە، ئەم سروودانە کورد هان دەدەن بۆ خەباتی پیرۆز، گەلێ لەم سروودانە ئاوازی مۆسیقی‌یان بۆ دانراوەو لە ناو خەڵک دا گەلێ بلاوون، بە تایبەتی لە ناو لاوان دا. یەکێک لە سروودە ناودارەکانی شاعیر دەڵێ:

وەتەنی من کوردستانە، یادگاری ئەجدادمانە
بەهەشتی ڕووی سەر زەمینە، خاکی پاکی کوردستانە
کورد میللەتێکی ناسراوە لە مەعاریف بەجێ ماوە
ڕۆژی سەعی وتێکۆشینە، بۆ ئەو کەسەی کوردزمانە
کورد میللەتێکی قەدیمە، شاهیدی تەبعی سەلیمە
شاهیدی ئەم مودەعایە سەلاحەدینی سولتانە (٣١)

سروودی زێوەر لەسەر زاری لاوان وهەڵمەتبەرانی کورد بوو لە دژی زوڵم وزۆری تاڵان کەرانی کوردستان هێرشیان دەبرد:

ئەی کوردینە، ئەی مەردینە
با دەس لەناو دەس کەین هەموو

دوکتۆر مارف خەزنەدار

بۆ بەرزیەتی خاکی وەتەن

بۆ یەکێتی پچین هەموو، کوردین هەموو [٣٢]

بەهەستێکی پڕ لە سۆزەوە، بە دڵێکی ناسکەوە، بە سەرێکی بەرزەوە زێوەر وەسفی سروشتی کوردستان دەکا، وێنەی ئەدگاری لە بیر نەکراوی ڕۆڵەی نەتەوەکەی بە کوڕو کچەوە دەکێشێ. جوانی هەموو سروشت وئەدگاری نەتەوایەتیی تایبەتی هەندێ میللەتان، خوو ڕەوشتی چاکی هەموو گێتی لە کچی کورد کۆ دەکاتەوە:

فیدایی خەدد و قەددی تۆ، چەمەن بە فەوجی گوڵیەوە
بە بلبل و بە چلیەوە، بە قومری و چنارەوە
فەرەنگ ڕوو، زەنگ موو، عەجەم سیاق ڕرووس خوو
ئەناسرێ کە کوردە زوو، بە پێچی لارو خوارەوە [٣٣]

زێوەر کۆمەڵێک قەسیدەی هەیە لەشێوەی "بەیت" لەمانەدا باس لە هەندێ تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتی دەکا. لە قەسیدەی "سێ هاوڕێی چاوبرسی [٣٤]" کە لە ١١٤ بەیت پێک هاتووە، زێوەر باسی چەند کەسانێک دەکا لە ژیانێکی کەساسی دا دەژین و دوور لە گەیشتن بە هیواو ئامانج، هەروەها ئەنجامی تراجیدیەیان دەخاتە ڕوو.

شیعری زێوەر گەلێک بلاوبوو لەناو خەلکی دا، چونکە وەک ئاوێنە هەموو کەسێک هیواو ئامانج و مەبەسی لە ژیان دا تێیدا دەدی. لە شیعری زێوەردا ڕەنگدانەوەی هەموو لایەنی ژیانی کۆمەڵی ئادەمزاد بەدی دەکرێ، شیعری زێوەر مەسەلەی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی کوردی ڕۆشن کردۆتەوە،پەردەی لەسەر وەزعی کۆمەلایەتیی نالەباری ڕەنجبەرو جووتیاری کورد هەڵمالیوە کە دەیانناڵاند لە ژێر زۆرداری تورک وعەجەم. زێوەر دەچووە ناو گەلێ لە ڕووداوە گرنگەکانی گێتیەوە، هەمیشە ڕەخنەی لە شپرزەیی وەزعی ئادەمزاد دەگرت، درۆزن وقومارباز سەرسەری وسەرخۆش وهەتیوبازی ڕیسوا دەکرد، دژی هەموو کەسێک دەجوولایەوە کە شیرازەی ژیانی هێمنی وئاسایی کۆمەڵی تێک دەدا.

هەتا تەمەنێکی درێژی پیریش وازی لە قوتابخانە نەهێنا، تا ساڵی ١٩٤٢ خانە نشین کرا، لە پاشانا لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

×

هەواڵنامەی کتێب

## بێ‌کەس

## ١٩٠٥ - ١٩٤٨

بێ‌کەس نوێنەری ئاشکراو ڕاستەقینەی ڕێبازی ئەدەبی میللی بوو لە مەیدانی ڕۆشنبیری کوردی‌دا، شیعرەکانی بانگ وهاواری زیندووی ڕەنجبەرو قوتابی ولاوانی نەتەوەی کورد بوون.

بێ‌کەس، فایەق کوڕی عەبدوللا بەگ، لە ساڵی ١٩٠٥ لە گوندی سیتەک بە دوو کیلۆمەتر کەوتۆتە لای باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی‌یەوە لە دایک بووە، باوکی قایمقام بوو لە سوپای عوسمانی‌دا. لە ساڵی ١٩١١ ڕووی کردە وولاتی تورک و نەگەڕایەوە. فایەقی منداڵ لە ژێر سایەی خزم وکەس مایەوە، بە ناڵەباری و خوێندنی پچڕپچڕ لە شارەکانی سلێمانیو کەرکوک وبەغدا دەسووڕایەوە. لە ساڵی ١٩٢٧ بێ‌کەس خۆی لە هەموو خزم وکەسانی دوورخستەوەو کەوتە ئەوەی بۆنانی ڕۆژانەی لە بازاڕدا شاگردی بکاو هەموو شتێک بفرۆشێ.

بێ‌کەس تەمەنی منداڵی لە ناو هەژارو بێ دەرامەتان دا بەڕێ‌کرد، بیرو ڕاو هۆش وهەستی لە ناو خەڵکی ڕەش وڕووت دا دروست بوو، لەبەر ئەوە شتێکی سەیر نی‌یە لە کاتی هەستانی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٠ دا شاعیر بە هەموو هێزو توانایەوە بەشداری تێدا بکا.

لە ئەیلولی‌ساڵی ١٩٣٠ لە پاش هەڵسانەکەی ٦ ی ڕەشی ئەیلول بێ‌کەس یەکێک بوو لە بەندکراوەکان لە ئەنجامی تاوانبارکردنیان بە بەشداربوون لە هەرای بەردەرکی سەرای سلێمانی. لە پاشانا حوکم دراو سێ ساڵ لە بەندیخانە مایەوە. بەرهەمی شیعری ئەو سەردەمەی بێ‌کەس پڕە لە گیانی مێردایەتی ومەردایەتی و پەیمانی لە گەڵ نەتەوەو نیشتمان بەست بوو کە هەرگیز لە مەیدانی خەبات دا دوانەکەوێ، لە شیعرێکی بەناوبانگی‌دا دەڵێ:

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم وشێوەتم بیر کەوتەوە
وەختی بەندی وئەسارەت بێ بە تۆق وکۆتەوە
من لە زیکرو فیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێ نەگەی
حەپس وتێ هەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە

× × ×

لافی میللی‌یەت بە دەم لەم عەسرەدا کەڵکی نی‌یە
ڕۆژی هەوڵە هەر بە هیمەت گۆی هونەر ئەبرێتەوە[٣٥]

لە ساڵی ١٩٣٣ لە پاش ئازاد بوونی لە بەندیخانە، بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی لە سلێمانی دامەزرا. بەڵام دەسەڵاتی حکومەت هەرگیز ئارامی لە شاعیر بڕی بوو، بە گوێزانەوەی

وەزیفە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە. بەم جۆرە لە گەڵی لە ناوچەکانی عیراق دەرسی بە قوتابیانی سەرەتایی ووتووە، شاعیر لە پەروەردکردنی منداڵان دا بەردەوام بوو تا دوایی ژیانی. لە ماوەی پازدە ساڵان دا مامۆستایەتی قوتابخانەی تێکەڵ بە جوجوڵی سیاسی - کۆمەڵایەتی کردبوو.

بێکەس هەموو تواناو شاعیرییەتی لە پێناوی بیرو باوەڕی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کورد خەرج کرد. شیعری بێکەس بووبە سروودی خەبات وشۆڕش بۆ جەنگاوەرانی کورد.

لەماوەی جەنگی دووەمی گیتی دا، لەو کاتەی پێوەندی لە نێوان خەباتی نەتەوایەتی کورد وعەرەب بە هێزبوو لەپێناوی ئازادی وسەربەستی، بێکەس لە ڕیزی پێشەوەی شاعیرە ئازادیخوازەکان بوو ئەوانەی بە شیعرە ڕووناک وئاگرینەکانیان ڕێگەی ئازادی یان ڕووناک دەکردەوەو دڵی جەنگاوەرانیان گەرم دەکرد بۆ هێرش بردنە سەر زۆردارەکان.

لە شیعرێکی دا باس لە دۆستایەتی کوردو عەرەب دەکاو سیفەتی کۆنی دەداتێ بە ئومێدی ئەوەی کورد لەم دۆستایەتی‌یەدا مافی نەتەوایەتی‌ی خۆی چنگ بکەوێ:

دۆستایەتی کوردو عەرەب زۆر کۆنە تاریخ شاهیدە
ناحەزی ڕووڕەش لە داخا یەخەی خۆی دادڕێ

شاعیر هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە سەربەستی و ئازادی تەنیا بە خەبات و شۆڕشی بێ ووچان دەست گیر دەبێ، لە دەوروبەری ئەودا وابوو ئێستاش لەهەندێ جێگە باوی ماوە:

داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ (٣٧)

بێکەس بەتوندی لەڕووی میری دەوەستێ چونکە لە دژی میللەتە، کردەوەی ناهەمواری ئەمپریالیستە دڕندەکان وهەندێ لە شێخانی تەریقەت ومەلا کۆنەپەرستەکان دەخاتە ڕوو.

لە شیعری "بیست وحەوت ساڵە" دا تاوانی دواکەوتوویی وبرسیەتی وبەژمردەیی نەتەوەی کورد دەخاتە پاڵ سیاسەتی ناهەمواری ئینگلیزو لەم لایەنەوە دەڵێ:

بیست وحەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بە نان وئاو وجل وبەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران ورۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم

كـەچى هێشتا هەر ديل و ڕەنجەڕۆم
گوناهم چى بوو، بەم دەردەت بردم
بۆچى بەناهەق وا ڕسوات كـردم (٣٨)

بێ‌كەس لە ڕووى ناوەرۆك وڕوخسارەوە شيعرى لە بابەتە جياوازەكانى ئەدەبى كوردى نووسيوەتەوە، سروودى نەتەوايەتى داناوە، شيعرى شۆڕشگێڕى ووتووە، هەجووى سياسى ئاراستەى دوژمنانى ميللەت كردووە، لەگەڵ ئەمانەش دا غەزەلى دلدارى نايابى هەيە. وەسفى نيشتمان وسروشت وجوانى ئافرەت ونهێنى‌يەكانى دلدارى دەكا، هەروەها شيعرى بۆ منداڵانى كورد هەيە، شيعرى بێ‌كەس ڕاستە وخۆ لەگەڵ هەست وشعوورى ناوەوەى ئادەمزاد دەدوێ، هەموو لە ميللەتەوەيە بۆ ميللەت. شيعرى ساكارەو ماناو وێنەى ئاشكرايە، زۆربەى هەرە زۆرى خوێنەرو خوێندەوارى كورد تێيان دەگا.

بێ‌كەس لە ڕۆژى ١٨ ى كانوونى يەكەمى ١٩٤٨ لە شارى هەڵەبجە كۆچى دوايى كرد.

ميللەت ڕۆڵەى دلسۆزى خۆى لە بير نەكردووە، شيعرى بێ‌كەس لە ناومێشك ودڵ ودەروونى نەتەوەى كورد دايە.

×

## دلدار

## ١٩١٨ - ١٩٤٨

بەرهەمى دلدار، كە منداڵترين شاعيرى ئەو قۆناغەيە ئەوەى باسى لێوە دەكەين، دەسكەوتێكى ئەدەبى بە هێزو ڕوون وژيرانەو ساكارو داهێنەرانەيە، زۆرى بەبەرەوەيە بۆ لێكۆڵينەوە، هەندێكى باس كراوەو زۆريشى ماوە.

دلدار، يوونس كوڕى مەلا ڕەئووفى خاديمولسەججاديە، لە ڕۆژى ٢٠ ى شوباتى ١٩١٨ لە شارى كۆيە لە دايك بووە، لە بنەماڵەيێكى دەسكورتى مەلازادەيە. دوو ساڵ دلدار لە قوتابخانەى سەرەتايى ڕانيە خوێندوويەتى. لەوكاتەى باوكى مووچەخۆرێكى بچووك و وەزيفەكەى لە ڕانيە بووە. لە پاشانا لەگەڵ ماڵى باوكى گەڕاوەتەوە كۆيە. لە ساڵى ١٩٣٥ قوتابخانەى سەرەتايى لە كۆيە تەواوكردووە. بۆ خوێندنى قوتابخانەى ناوەنجى دلدار ڕووى كردۆتە شارى هەولێر. لەپاش تەواوكردنى قوتابخانەى چووە بۆ بەغداو لەوێ كۆليجى ماف (كلية الحقوق) ى تەواوكردووە. پيشەى پارێزەرى لە هەموو شوێنێك دا بە تايبەتى لەسەر دەمى دلداردا مايەى دەوڵەمەندى و بەرزبوونەوە بوو لە كۆمەڵ دا. بەڵام دلدار لە پيشەى پارێزەرى دا

لە دوای شتێکی تر دەگەڕا، ئەویش ئەوەبوو لەسەر چاکەی هەژارو لێقەوماوو زۆر لێکراوان بکاتەوە.

دڵدار یەکێک بوو لەوانەی خۆیان خۆیانیان فێردەکرد، زۆری دەخوێندەوە هێشتا قوتابی‌ی قوتابخانەی ناوەنجی بوو مەیلی بۆ ئەو کتێبانە هەبوو کە باسیان لە خوێندەواری وڕۆشنبیری کوردی دەکرد، هەروەها کتێبی مێژوو وئەدەبی لە بابەت وولاتەکانی ئەورروپا وڕۆژهەلاتەوە، بە تایبەتی مێژووی گریک وفرەنسە وعوسمانی. لە هەمووشی زیاتر حەزی لە مێژووی بزووتنەوەکانی نەتەوایەتی وهەلسان وشۆڕشەکان بوو، لەگەڵ فراوان بوونی ئاسۆی بیری گیانی نیشتمان پەروەری لە شاعیر دا بەهێزتر بوو. بێ‌گومان پەروەردەبوون وپەرەسەندنی گیانی نیشتمان پەروەری لەلای شاعیر بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ براگەورەی کە ناوی ئاسەف مەلا رەئووف بوو. (٣٩)

بەقسەی دڵدار خۆی لە منداڵی‌یەوە مەیلی بۆ شیعر هەبووە وخۆشی ویستووە، شاعیرانی وەکو حاجی قادری کۆیی وکوردی و وەفایی و بێ‌کەس و زێوەر و هی تر جێگەی تایبەتی‌یان لە ناو دڵی دا هەبوو. (٤٠)

یەکێ لە ئادگارە هەرە گرنگەکانی بەرهەمی دڵدار ئەوەیە کە گیانی دیموکراتی و ئاراستە کردنی کۆمەڵ بەرەو خوێندەواری و ڕۆشنبیری بەشی زۆری شیعری داگیرکردووە. هەموو هیوا ئامانجی شاعیر لە لاوان دەیدۆزی‌یەوە، چونکە هێزی خەبات لە پێناوی ئازادی و پێشکەوتن دا لە وانی دەدی. لەبەر ئەوەیە لە بەرهەمی شاعیر جێگەیێکی زۆر تەرخان کراوە بۆ ئەو جۆرە شیعرەی کە لاوان پەروەردە دەکا بە گیانی شۆڕشگێڕی، بەگیانێک هەرگیز کۆنەپەرستی رەفز دەکا، هەمیشە لە دژی هەندێ خووی کۆمەلایەتی کۆنی وەکو سەرخۆشی و قومار و دزی و رەوشتی تری لەم بابەتە. لە خەباتێکی بێ ووچان دا بوو لەدژی دەسەلاتی دواکەوتوویی سەر بە هەر لایێک بوایە.

بەگشتی ناوەرۆکی شیعری دڵدار پێوەندی‌ی بە ژیانی میللەتەوە هەیە. دڵدار ژیانی لە ناو رەنجبەرو جووتیاران دا بردبووەسەر. لەبەر ئەوە شارەزایی‌یێکی تەواوی لە وەزعی ئەم چینە هەرە هەژارەی کۆمەڵی کورد هەبوو. دڵدار بەڕوون و ئاشکراو ڕاستی وێنەی گوندی هەژاری کورد دەکێشێ، بەزمانی جووتیاری پیری هەژاری چەماوەی کوردەوە دەڵێ:

ئەوا چل ساڵە زەوی دەکێلم
فەللاحی دەکەم هەتاکو ئەمڕۆ
نرخی ئارەقی رووتی وماندوویم
تیکە نانێکە، چ نان ! نانە جۆ

ئـــــەویـــش بـــەبـێ دۆ ... (٤١)

لە شیعری "توتنەوان (٤٢)" دا دڵدار وەسفی ماڵی جوتیار دەکا، ئەوەی لە خانووی ئەشکەوتی ئادمزادی بەرایی دەکا. شاعیـر باسی ئەوە دەکا چۆن دەرەبەگ وکوێخا دەستی جوتیار دەگرن بۆ ئەوەی بتوانێ کێـڵگە بڕوێنێ، لە پاشانا بەرامبەر بەمە بەرهەمی دەبەن و بە ڕاستی شتێکی وای بۆ نامێنێتەوە کە پێی بژی.

شیعری دڵدارەی دڵدار بۆن وبەرامەیێکی ڕۆمانتیکیانەی تایبەتی هەیە، شاعیر لەم شیعرانەی دا بیر لە ژیانی تاڵی نەتەوەی خۆی دەکاتەوە ئەم ژیانە تاڵە لە چارەنووسی کچی جوانی بێ خاوەنی نەتەوەکەی دەبینێ.

لە شیعری "گوڵی سوور"دا دڵدار کوشتنی گوڵی سوور بە ناهەق پیشان دەدا. ئەم گوڵە سوورە بە دەستێکی بە هێزو درشتی چەپەڵ ڕنراوەو بۆ جارێک بۆن کراوە. ئەم گوڵە سوورە دروشمی کچی بێ دەسەڵاتە ئەوەی لە کۆمەڵی دوا کەوتوودا لەناو دەبرێ لەلایەن کەسی بێ شەرەفەوە:

گوڵی سوور، ئەی کچی نەورۆز، ئەوا کام دەس لە باغی ژین
لەبۆ یەک دەفعە بۆن کردن بە ناکـــامـی ئـــەتـــۆی هــێــنــا
ئەوێستاکەش بـــە ژاکـــاوی، وەهـــا بـــێ قـــەدرو تـــۆزاوی
لـــە ســـەر ڕێــگـــا فـــڕێ دراوی
لە جـــەوری زولـــمی ئـــەو دەستە
پەریزادەی بـــەیـــان لـــەرزیـــن
لە دەوری ئەم چڵەی لێ بووی
پەپوولەی زەرد وسوور گـــریـــا (٤٣)

لە بەرهەمی دڵدار دا گەلێ سروودی شۆڕشگێڕی دەبینرێ، ئەم سروودانە بەڕاستی وەکو چەک و سیلاح بوون بە بەشێک لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی کورد. دڵدا دەستێکی باڵای هەبوو لە پەرە سەندن و بلاوکردنەوەی سروودی شۆڕشگێڕی وەک بابەتێکی ئەدەبی. دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین لە قۆناغی ژیانی ئەدەبی دڵدار دا سروودی نیشتمانی باو بوو، زۆربەی شاعیران سروودی نیشتمانی و سروودی پەروەردەیییان بۆ قوتابخانەکانی سەرەتایی دادەنا.

سروودی "ئەی ڕەقیب"ی دڵدار بەناو هەموو چینەکانی کۆمەڵی کورد بڵاوبووەوە و چووە ناو دڵی هەموو میللەتەوە، تاوای لێ هات لە ساڵی ١٩٤٦ بوو بە سروودی رەسمی دەوڵەتی کۆماری کوردستان لە ئێران:

ئەی ڕەقیب ! هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوورو شۆڕشین
سەیری کە خوێناوییە ڕابردوومان

× × ×

کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان [٤٤]

سروودەکەی تری دڵدار کەناوی "کوردستان" ە [٤٥]، تائێستاش یەکێکە لە خۆشەویستترین گۆرانیی میللی نەتەوەی کورد و لەسەر زاری هەموو کەسێکە، بە تایبەتی لاوانی کورد.

لەماوەی جەنگی دووەمی گیتی‌دا بەرهەمی دڵدار پتەوتر دەبێ و زیاتر پەرە دەسێنێ. لەو ساڵانەدا بەتەواوی وبەبێ ترس دەنگی بەرز دەکاتەوە لە دژی چەوساندنەوەی ئادەمزاد و زوڵمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی کورددا، لەسەر هەژارو بێ دەسەڵات و جوتیار و ڕەنجبەری کوردی دەکردەوە.

کەسێتی ئەدەبی دڵدار پڕ وفراوان بوو، شاعیر تاقی کردنەوەی زۆر بوو، هەوڵی گۆڕینی شیعری بێگانەی دەدا، بۆ بەڵگە شیعری فرەنسی گۆڕییە سەر کوردی، لەمانە هەندێ بەرهەمی شاعیری ئێسک سووکی فرەنسی "لافۆنتێن [٤٦]" و "لامارتین [٤٧]".

ووتارە بەرز و هونەرییەکانی دڵدار دەورێکی باڵایان هەبوو لە دەوڵەمەند کردنی ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر لاپەڕەکانی گۆواری گەلاوێژ بڵاوی دەکردنەوە.

بەرهەمی دڵدار گەلێ گرنگ وپڕ بایەخە لە ڕووی هونەری و تەکنیکی دروستکردنیەوە. لە شیعرە بەرایی یەکانی دا بە تەواوی بەندی هەموو مەرجە کلاسیکییەکان بوو ولە هیچ مەرجێک لای نەدەدا. بەڵام لە دوایی‌دا بەرەبەرەو بەپێی دەستووری گۆڕان و پەرەسەندن، لە کلاسیکی کۆن لای داو ڕووی کردە شتێکی تازە ئەوە بنیادنانی ڕێبازی ڕیالیزمی فۆتۆگرافی بوو لە ئەدەبی کوردی دا، ڕووداوی ساکار بە زمانێکی ساکار بەڵام هونەرووەرانە خۆی دەنواند.

هەواڵنامەی کتێب

بەشى زۆرى ميراتى ئەدەبى دڵدار، كە بەشێك لە ووتارە هونەرىيە پەخشانىيەكانيشى دەگرێتەوە، تا ئێستا هەر بە دەسنووسى ماونەتەوە.

لە ١٢ ى تشرينى دووەمى ساڵى ١٩٤٨ لە ناوەخت دا مەرگ پەتى ژيانى ئەم فرزەندە باڵايەى پچڕاند.

<u>پەراوێزەكان:</u>

بەڵگەى شيعرى و زانيارى لەسەرچاوە بەرايىيە كۆنەكان وەرگيراون.


١. على كمال باپير، گلدەستەى شعراى هاو عقرم، سليمانى، ١٩٣٩، ل ٢٩ .

٢. رفيق حلمى، شيعرو ادبياتى كوردى، بەغدا، بەرگ (١)، ١٩٤١، ل ٦٦ - ٧٥ .

٣. گلدەستە، ل ٢٩

٤. گۆران، بەهەشت ويادگار، بەغدا، ١٩٥٠، ل ٦ - ٧ .

٥. رفيق حيلمى، شيعرو ادبياتى كوردى، بەغدا، بەرگ (٢)، ١٩٥٦، ل ٢٠٧ .

٦. سەرچاوەى پێشوو.

٧. سەرچاوەى پێشوو.

٨. بەهەشت ويادگار، ل ٥٣

٩. كۆوارى "گەلاوێژ"، بەغدا، ١٩٤٤، ژمارە (١)، ل ٣١ (دەسنووسەكەى مەحموود پاشا دەسنووسێكى گەورەيە، شيعرى شاعيرانى كوردى تێدا نووسراوەتەوە، زۆربەى بە دياليكتى گۆرانە، لەسەر داواى مەحموود پاشا نووووسراوەتەوە. خاوەنەكەى نازانرێ كێيە، واتە ئەوەى نووسيويەتىيەوە، لە ساڵى ١٩٦٨ دا لاى حەسەن بەگى جاف چاوم بە دەسنووسەكە كەوت، بۆماوەى چەند مانگێكيش لام مايەوە).

١٠. ديوانى احمد مختار جاف، سليمانى ١٩٦٠، ل ٧ .

١١. سەرچاوەى پێشوو، ل ٣٢.

١٢. سەرچاوەى پێشوو.

١٣. سەرچاوەى پێشوو، ل ١٠ .

١٤. سەرچاوەى پێشوو، ل ١٢ .

١٥. سەرچاوەى پێشوو، ل ٢٦ .

١٦. سەرچاوەى پێشوو، ل ٢٢ .

١٧. سەرچاوەى پێشوو، ل ٢٠ .

١٨.ئەم دیوانە لە بلاوکەرەوەکانی نامەخانەی گەلاوێژی سلێمانییە، بەلام بژارکردن و سەرپەرشتی چاپ و پێشەکی کەوتە ئەستۆی خاوەنی ئەم باسە، وا بوو لە بەغدا بۆی چاپ کردن لەو کاتەی کە هێشتا قوتابی بوو لە کۆلیجی ئەدەبیاتی بەغدا.

١٩.دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگی ڤاحبقران، بەغدا، ١٩٥٧، ل ١٤٩ .

٢٠.سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣ .

٢١.سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١ .

٢٢.سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤ .

٢٣.سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠ .

٢٤.سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠ .

٢٥.سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨ .

٢٦.قوتابخانەی زانستی قوتابخانەیێکی ئێواران بوو بۆمەبەسی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لە ناو پیاوان دا لە شوباتی ١٩٢٦ لە سلێمانی کرابووەوە، لە سەرەتادا سەرۆکی قوتابخانەکە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ بوو، لە سالی ١٩٣٣ پیرەمێرد کرا بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە. لە سالی ١٩٣٨ دا داخرا.

همواڵنامەی کتێب

٢٧.دیوانی زێوەر، بەغدا، ١٩٥٨، ل ١١ - ١٣ .

٢٨.سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦ .

٢٩.سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩ .

٣٠.سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧ .

٣١.سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨ - ١١٩ .

٣٢.سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠ .

٣٣.علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٥٢ ، ل ٤٩٢ .

٣٤.دیوانی زێوەر، ل ٧٤ - ٧٩ .

٣٥.گۆواری "ڕۆژی نوێ"، سلێمانی، ١٩٦٠ ، ژمارە (٦) ، ل ٦٥ - ٦٦ .

٣٦.گۆواری "شەفەق"، کەرکوک، ١٩٦٠، ژمارە (١٢)، ل ٨ .

٣٧.سەرچاوەی پێشوو.

٣٨.گۆواری "هاواری کورد"، مەهاباد، ١٣٢٥، ژمارە (١)، ل ١١ .

٣٩.دیوانی دلدار، هەولێر، ١٩٦٢، ل ٧ .

٤٠.سەرچاوەی پێشوو.

٤١.سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨ .

٤٢.سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥ - ٧٤ .

٤٣.سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩ .

٤٤.لە ئەزبەری خاوەنی ئەم باسە وەرگیراوە.

٤٥.شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی (٢)، ل ١١ .

٤٦.دیوانی دڵدار، ل ٣٤ .

٤٧.کۆواری "گەلاوێژ"، بەغدا، ١٩٤٢، ژمارە (٧ - ٨)، ل ٣٦ - ٤٧ .

## ناساندنی کتێب

سەعدوڵلا محەمەد

**A Modern History of the Kurds**
**David McDowall**

چاپی یەکەم ١٩٩٦ لە لایەن چاپخانەی **I. B. Tauris Co Ltd**

چاپی دووەم بەسەرداچوونەوە **Revised Edition** لە ١٩٩٧

بەسەرداچوونەوەی دووەم ونوێکردنەوە لە ٢٠٠٠

ژمارەی لاپەڕە ٥١٥

نرخی لە بەریتانیادا : ١٦.٠٠ پاوەنە

ئەم کتێبە زیاتر باسێکی مێژووییە لەوەی کە دیراسەتێکی مێژوویی بێ، ماکدۆواڵ زۆر بە درێژی و پوختەیی و زیرەکانە مێژووی کۆن وتازەی کورد دەخاتە بەرباس وئاوڕ لە گشت ڕووداوەکان، گەورەبن یان بچووک، گرنگ بن یان بێبایەخ، دەداتەوە. بەڵام قورسایی باسەکانی دەخاتە سەر کوردستانی عێراق وتورکیا ئەو دوو ناوچەیە بە بنکەی خەباتی کورد لە قەڵەم دەدا. هەروەها ماکدۆواڵ خۆی دەڵێ، گرنگی بەسەردەمی نێوان ساڵانی ١٩١٨ ـ ١٩٢٥ داوە چونکە کورد لە نێو ئەو ساڵانەدا هەلی مێژوویی بۆ ڕەخساوە بەڵام نەیتوانیوە سوودی لێوەربگرێ و لە دەستی داوە.

ماکدۆوڵ پێشەکی کتێبەکەی بۆ دەربڕینی چەند بیرو بۆچوونێکی خۆی تەرخانکردووە دەربارەی کورد، بەتایبەتی دەربارەی ئەو مەسەلەیەی کە کورد میللەتێک پێکدێنێ یان نا؟ ئایا کورد نەتەوەیە؟ ئەگەر نەتەوەیە چۆن دروست بووەو خەسڵەتەکانی چین؟ بیری نەتەوەیی وخەباتی نەتەوەیی بۆ دروستکردنی کوردستانێکی ڕزگار وئازاد ونەتەوەیەکی جیاواز وخاوەن خەسڵەتی تایبەت. بۆیکەم جار لە سەدەی حەڤدەدا لەلایەن ئەحمەدی خانییەوە بانگی بۆدرا. پێش ئەو لەم بارەیەوە چ باس نەبووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، شان بەشانی عەرەب وتورک،

هەواڵنامەی کتێب

کوردیش وەک میللەت چاوی کردەوە و هەستی نەتەوایەتی کەوتە بزوێن. بەڵام بە پێچەوانەی تورک وعەرەبەوە، کورد لە دوو لاوە نوقسانی هەبوو نەبوونی کولتووری شارستانی Civic culture و ئەدەب Culture. لەم ڕووەوە ماکدۆواڵ دەڵێ کورد گرفتی زمانی هەیە. جگە لە جیاوازی شێوەی نووسین - واتە بەکارهێنانی ئەلف وبێی جیاجیا - زۆر جار زمانەوانان شێوە جیاوازەکانی زمانی کورد وەک کرمانجی و سۆرانی و زازایی بە زمانی سەربەخۆی لە یەکەوە نزیک لە قەڵەم دەدەن، نەک وەک چەند شێوەیەکی جیاوازی یەک زمان. بەڕای نووسەر زازاو گۆران لە بەشی باکووری - ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانن، بەڵام کرمانجی وسۆرانی لە گرووپی باشووری - خۆرئاوان - هەروەها دەڵێ: جیاوازی کرمانجی وسۆرانی وەک جیاوازی نێوان ئینگلیزی وئەڵمانییە.

جگە لە مەسەلەی زمان کە مەکدۆواڵ وەک بەڵگەیەک بەکاری دێنێ کە کورد دەشێ نەتەوە نەبێ، نووسەر گومان دەخاتە سەر چەند لایەکی دیکەی وەک خاک، خاوێنی ڕەگەز وفیزیونۆمی کورد. ئەو دەڵێ کورد خاک وسنووری دیاریکراوی نییە، چەندین شارو ناوچە هەن کە کورد جاران بە خاک وموڵکی خۆی دادەنا ئێستا ناوی نابەن. تا سەردەمێکی نزیک کورد بەلایەوە گرنگ نەبووە خاک و نیشتمانەکەی لە کوێوە دەست پێدەکا و لە کوێ کۆتایی دێ. بۆ مەسەلەی فیزیۆنۆمی کورد (واتە شێوەی سەر و ڕەنگی چاو و چۆنێتی پەیکەری جەستە) دەنووسێ، زانایان لەو بڕوایەدان کە کورد نیشانەی هاوبەشی لەگەڵ میللەتانی دراوسێیدا زۆرە. لەبارەی ڕەگەز و ئێتنی کودەوە دەڵێ : "کورد نەوەی بنەماڵەیەکی ڕەگەز هاوبەش وخاوێن نین". گوایە کورد لەگەڵ میللەتانی دیکە تێکەڵ بوون و زۆر خێڵ وبنەماڵەی عەرەب وتورک هەن کە ئێستا بەکورد دەناسرێن، یان بە پێچەوانەوە کوردێکی زۆر تایبەت ئەوانەی لە سوپاو میریدا کاربەدەست بوون، بوونەتە عەرەب وتورک و فارس.

کۆمەڵگای کورد بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بناغەی خێڵایەتی وخزمایەتی دروست بووە. ئەمەش بە دەوری خۆی لەسەر بنەماڵەی ancestry هاوبەش دامەزراوە کە هەندێکی ئەفسانەو خەیاڵەو هەندێکی ڕاستە. بۆنموونە هەندێ عەشیرەت و بنەماڵەی کورد ئەسڵی خۆیان دەبەنەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی ئیسلام یان پێغەمبەر خۆی. هەندێکی کەیان لافی خزمایەتی لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلید لێدەدەن یان لەگەڵ بنەماڵەی ئەمەوییەکان وعەباسییەکان.

ئەم ڕاو بۆچوونانەی نووسەر دەربارەی ئایا کورد نەتەوەیە یان نەتەوە پێک ناهێنێ، تەنیا لە پێشەکی کتێبەکەدا بە شێوەیەکی کورت و سەرپێی بێ بەڵگەو دەستنیشانکردنی سەرچاوە نیشانەی پێدراوە. ناوەرۆکی کتێبەکە، کە زۆر بە درێژی وبەڵگەوە ڕووداوەکان باسدەکات، هیچ جۆرە ئاماژەیەکی بۆ ئەم مەسەلەیە تێدا نییە.

سەبارەت بە کوردستانی باکوور ماکدۆواڵ ڕووداوی دڵتەزێن وستاتیستیکی سەر سووڕێنەر تۆماردەکا. لە سییەکاندا، مەحمود ئاڵتون ئاکاری پارتی ڕێگای ڕاستی تورکیا، کە چووە بۆ قوتابخانە بانگیان لێکردووە "کوانێ کلکت؟". مووسا عەنتەر بۆ خوێندن لە ماردینەوە چووە بۆ ئەدەنا، لەوێندەر تاکە قوتابی کورد بووە لە قوتابخانەکەدا، بە گاڵتە پێکردن وپێڕابواردنەکەیاندا هەستیکردووە ئەو کوردەو لەوانی تر جیاوازە.

لە ١٩٢٥ دا ژەنەڕاڵ "گورسێل" ی سەرۆکی تورکیا لە ڕۆژنامەیەکدا دەنووسێ، میللەتێک نییە ناوی کورد بێ. دوای چەند ڕۆژێک لە زۆربەی شارە کوردەکانی وەک ماردین، دیاربەکر، بەتلیس و ڤان خۆپیشاندان دەستپێدەکات، گەنجانی کورد هاواردەکەن: "ئێمە تورک نین ئێمە کوردین ..." لەم خۆپیشاندانەدا ٣١٥ خۆپیشاندەر بە گوللەی تورک شەهید دەبن و ٧٥٤ یشیان لێ بریندار‌دەبێ. ئەم ڕووداوە گرنگە، بەرپەرچی ئەو ساویلکانە دەداتەوە کە دەڵێن "پەکەکە" کوردی لە خەو هەستان و فێری خەباتی کردن.

ماکدۆواڵ، دەربارەی ڕەگەز پەرستی Racisim تورک بەرامبەر بە کورد ئەم نموونەیە تۆمار دەکاکە ڕۆژنامەی Otuken تورکی بلاویکردبۆوە "دەموچاوی کورد لە دەموچاوی مرۆڤ ناچێ". بلاوکراوەکە داوادەکا کە کورد ڕەوانەی ئەفەریقا بکرێن تا لەگەڵ خەڵکی ئەوێندەر، کە نیوە مرۆڤ ونیوە ئاژەڵن، تێکەڵ بن.

ساڵی ١٩٩٩ خەرجی سوپای تورک لە کوردستاندا گەیشتە ١٠ بلیۆن دۆلار، کە ئەمەش ئەرکێکی هێجگار زۆرە بۆ دەوڵەتی تورکیا، ئەویش بێجگە لە زیان بە دەوروبەر environment و بەربوومی ناوچەی کوردستان. لە هەمان ساڵدا گەشت وگوزار لە سەدا ٣٠ کەمیکرد. ڕاپرسییەک لە ئەڵمانیا ئەوەی نیشاندا کە خەڵکی ئەڵمانیا نەک لە ترسی تیرۆریزم، بەڵکو لەبەر ئەوە نارۆن بۆ گەشت وگوزاری تورکیا، چونکە ڕژێمی ئەو دەوڵەتە پێشێلی مافی مرۆڤ دەکا.

ماکدۆواڵ لەو بڕوایەدایە کە تا مەسەلەی کورد چارەسەر نەکرێ ، دیموکراسی لە تورکیادا پایەدار نابێ. کۆمیتەی ئەمنی قەومی تورکیا زیاتر لە ژەنەڕاڵەکان پێکهاتووە، ئەمانەش مەسەلەی کوردیان کردۆتە بیانوو بۆ دواخستنی پرۆسەی دیموکراسی وبگرە یەخسیرکردن وملکەچکردنی میللەتی تورکیش بە گشتی. ئاشکراشە کە هیچ حکومەتێکی تورک بێ پشتگیری ورەزامەندی کۆمیتەی ئەمنی قەومی ناتوانێ کار لە دەست بگرێ ویەکسەر دەڕووخێ.

ماکدۆواڵ پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە درێژدەکا کە خۆشبەختانە دوای پانزەساڵ کوشتن وبڕین وڕوخاندن، نێوان کورد وتورک نەگەیشتۆتە ڕادەی پێکدادان، هەرچەندە حەساسیەت وگومان لە یەکدی لە نێوان ئەم دوو میللەتەدا دروستبووە، بە تایبەتی لەو شوێنەوارو شارانەی کورد بۆ

نیشتەجێبوون وتیادا ژیان پەنایان بۆ دەبەن. ساڵی ١٩٩٦ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە تورکیادا بڵاویکردەوە کە لە شارەکانی ئەدەنەو میرسین و ئەنتالیا، ژمارەی دانیشتوانی کورد لە ژمارەی دانیشتوانی تورکی تێپەڕاندووە. سەرۆکی یەکێک لە دەزگاکان، لە دانیشتنێکی دەزگایەکی پەرلەمانیدا ڕایگەیاند کە، لەم سێ شارەدا کورد وتورک پێکەوە ناژین بەڵکو بەجیاجیا لە گەڕەکی جیاوازدا دەژین وحەساسیەت لە نێوانیاندا هەیەو ئیحتمالی پێکدادان وپەلاماردانی یەکتری زۆرە.

لە ئەنجامی ڕاپرسیێکی دیکە، کە ساڵی ١٩٩٢ ڕۆژنامەی سەباح بڵاویکردەوە، دەردەکەوێ کە تەنیا سەدی ٢٥ ی تورک ئامادەن لەگەڵ کورددا وەک برا پێکەوە بژین. لە هەمان ڕاپرسیدا سەدی ٧٠ ی کوردەکان وتیان کە نایانەوێ لە تورکیا جیابنەوە، بەڵام سەدی ٨٩ ی تورک لەو بڕوایەدا بوون کە نیازی کورد جیابوونەوەیە لە تورکیا.

شایانی باسە ژمارەی کورد لە تورکیادا تادێ لە زیادبووندایە. ڕێژەی لە دایکبوون لای کورد سەدی ٧٥. ٥٢، بەڵام لای تورک لەسەدا ٤٧. ٥١. سەدی پەنجای کورد خوار پانزە ساڵانە، کەچی سەدی ٢٣ ی تورکەکان تەمەنیان ژێر پازدەساڵییە.

کتێبەکەی ماکدۆواڵ لە چوار بەشدایە، بەشی یەکەمی، بۆ سەردەمی عەشیرەت و ئیمپراتۆریەتەکانی ئۆسمانی وکاجاریی تا ساڵی ١٩١٨ تەرخانکراوە. بەشی دووەمی، باسی دابەشکردنی کوردستان ودروستبوونی دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکانی ئێران، عێراق، تورکیایە. بەشی سێیەمی بۆ عێراق و چوارەمیشی بۆ تورکیا تەرخانکراوە. ماکدۆواڵ چوار پاشکۆی بۆ کتێبەکەی داناوە، کە بەم شێوەیەیە، یەکەمیان پەیماننامەی سیڤەر، دووەمیان بۆ باسی کورد لە سوریا، سێیەمیان بۆ باسی کورد لە لوبنان و چوارەمیشیان بۆ باسی کوردە لە قەوقاز.

وەک لەسەرەوە باسکرا، ئەم کتێبە لەوە بترازێ کە باسێکی پڕوپوختی مێژووییە، هیچ لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەیەکی نوێی لەبارەی کوردەوە تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کەلێنێکی گرنگی کتێبخانەی کوردیدا بە زمانی ئینگلیزی، پردەکاتەوە.

***

## ژمارەی ئایندە

ژمارەی ئایندەی "باسکار"، واتە ژمارە "٦" تەرخانە بۆ ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی لە میهرەجانی پیرەمێرددا پێشکەشکران، کە گۆڤاری باسکار لە ڕۆژی ٢٠/٨/٢٠٠٠ دا بۆ یادی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی ئەو جوامێرە، لە شاری لەندەن و لە هۆڵێکی زانستگای لەندەندا سازیکرد و بە سوپاسەوە کۆمەڵێک لە نووسەرو شاعیرانی کورد تیایدا بەشداریانکرد، لەوانە مامۆستایانی بەڕێز:

ئەحمەد هەردی

محەمەد ڕەسووڵ "هاوار"

دوکتۆر مارف خەزنەدار

دوکتۆر جەبار قادر

کاکە مەم بۆتانی

جەمال شارباژێڕی

عەبدوڵلا پەشێو

و

صەباحی غالیب

***

# BASKAR

**Magazine for Studies & Research in Kurdish**

**5/2000**

***Editor***
Sabah Ghalib

***Address***
*Baskar*
*P.O. Box 31239*
*London NW2 6FT*
*ENGLAND*
*Fax: 00 44 20 8830 5823*

***One Year Subscription***
Europe £25.00
Others £35.00

***Printed and Published in London***

Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket · Kurdish Library